

# بەشێک لە وتارو لێدوانەکانی

## هاوڕێ هیوا گوڵ محەممەدی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

# پێڕست:


* کورتەیە لە ژیاننامە هاوڕێ هیوا گوڵ محەممەدی........................................................ ٤

١- چاوانی شار چاوەڕوانە.......................................................................... ٦

٢- تێروریستەکانی هەولێر و ئاسایشی خەواڵو؟................................................................ ٨

٣- کۆماری کوردستان کۆماری ئازادی و دیموکراسی................................................................ ١٢

٤- هێمن یان دەنگێک بە پانتای کوردستان؟................................................................ ١٥

٥- بە یادی پێشمەرگە و تێکۆشەر کاک نەبی قادری................................................................ ١٨

٦- لە یادی حەفتا ساڵە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا................................................................ ٢٢

٧- کۆماری کوردستان و ڕێبازەکەی، لە کۆیوە بو کوێ؟................................................................ ٢٦

٨- تێروری دوکتور قاسملوو تێروری بیرمەندێکی دێموکراسیخواز................................................................ ٣١

٩- دوکتور سادق شەرفکەندی بە تەنیا حیزبێک بوو................................................................ ٣٥

١٠- هەڵویستێک لە لوتکەدا................................................................ ٣٩

١١- لەبێدەنگکردنی چەکەکانەوە تا چەکدانان................................................................ ٤٢

١٢- کورد بە پێچەوانەی گەلان لە کاتی سەرکەوتندا داواکاریەکانی بچوک ئەکاتەوە................................................................ ٤٧

١٣- بۆ خەزانی مەرگی کاک عوسمان ڕەحیمی................................................................ ٥٠

١٤- مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی، ئەو مروڤەی ئێمە درەنگ ناسیمان................................................................ ٥٣

١٥- ڕۆژی شازدەی سەرماوەز ڕۆژی کەم ئەندامان و بیست و شەشی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەیە................................................................ ٥٥

١٦- ئاریان مەنبەری بو بە سی ساڵ، پیرۆزە کاکە ئاریان................................................................ ٦١




سەرچاوە
Serchawe

١٧- ئامریکا جاریکیتر بە ئاشکرا پشت لە کورد و مروڤایەتی دەکات.......................................... ٨٦

١٨- کورد بوون............................................................................................................ ٩٠

١٩- ئێمە بۆ هەموو بابەتێک دابەش دەبین!.................................................................... ٩٢

٢٠- دوو نامەی فەرهادی وەکیلی لە زیندان پێش گیان بەختکردن............................................ ١٠١

٢١- چەکی بێ بیرو باوەڕ سێدارەی جەماوەرە(یادی کاک عەتا ڕەحیمی بەخێر)........................... ١٠٧

٢٢- خۆمپارەکەی هێزی بێستون و هەڕەشەکانی ڕژیم لە ئیسرائیل.......................................... ١١٥

٢٣- کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک تێز یان پارادایمێکی هاوچەرخە بۆ ئەوەی گەلی کورد بە مافەکانی بگات........... ١١٩

٢٤- ئەو هەڵوێستانەی کە لە لایەن باشوور، باکوور و ڕۆژئاواوە گیرانە بەر زۆر خراپ بوون و لە ئاست دووبارە بوونەوەی

٢٥- ڕووداوە مێژووییە تاڵەکاندا بوون........................................................................ ١٢٤

٢٦- یادێک لە کاک هاشم کەریمی، پێشمەرگە، ڕێبەر، ڕوشنبیر، نوسەر، چەپی شوڕشگێڕ و دادپەروەریخۆاز.......... ١٢٩

٢٧- هێشتا دەرفەت ماوە بەو شەرتەی خۆمان بگۆڕین.......................................................... ١٣١



## کورتەیە لە ژیاننامە هاوڕێ هیوا گوڵ محەممەدی




**– هیوا گوڵ محەممەدی لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧ی زایینی) لە گوندی تەنگیوەر کە دەکەوێتە دەروازەی کێوی شاهۆ لە ناوچەی بێڵەواری سەر بە شاری کامیاران (لە نێوان کرماشان و سنە) لە دایک بووە.**

**- لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی بە خوێندن کردووە و تا قۆناغی دووەمی ناوەندی درێژەی بە خوێندن داوە. لە ساڵی ١٣٦٠ و لە تەمەنی چواردە ساڵیدا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بێستون و کۆمیتەی شارستانی کرماشان. لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، سەردانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی کردووە؛ لەوانە: قەسری شیرین، سەرپێڵ، جوانرۆ، پاوە، کرماشان، کامیاران، سنە، مەریوان، دیواندەرە، بانە، سەقز، سەردەشت، پیرانشار، بۆکان و مەهاباد. جگە لە هێزی بێستون و کۆمیتەی کرماشان، لە ناوەندی ئاژوان و مەڵبەندەکانی دوو و یەکیشدا خزمەتی پێشمەرگایەتی کردووە.**

**- لە ساڵی ١٩٩٠دا، لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی لە ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) وازیان لە پێشمەرگایەتی هێناوە و پەنایان بردووەتە بەر ڕێکخراوی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) لە عێراق. دوای نزیکەی دوو ساڵ چاوەڕوانی، لە لایەن وڵاتی سویدەوە وەک پەنابەری سیاسی وەرگیراون و لە ١٢ی مانگی ٢ی ساڵی ١٩٩٢ گەیشتوونەتە ئەو وڵاتە.**

**- لە سوید لە دوو قۆناغدا درێژەی بە خوێندن داوەتەوە. هاوکات لە کۆمەڵە کولتوورییە کوردییەکانی سەر بە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی سویددا چالاک بووە. لە ساڵی ١٩٩٤دا بە هاوکاریی کۆمەڵەی کولتووریی کورد لە یەکێک لە شارەکانی**

سوید، بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنییان پێشکەش کردووە کە تێیدا وەک پێشکەشکار کاری کردووە.

## ⁕ چالاکی و بەرپرسیارێتییە سیاسی و ڕاگەیاندنییەکان:

- ١٩٩٥: بووەتە ئەندامی کۆمیتەی دامەزرێنەری «مەد تیڤی» لە سکاندیناڤیا و هاوکارییان بۆ دەستپێکردنی ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ئاسمانییە کۆکردووەتەوە.

- ١٩٩٦: لە دامەزرێنەرانی «ئەنستیتۆی کورد» بووە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، و تا ساڵی ٢٠١٥ وەک ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ئەو دامەزراوەیە کاریکردووە.

- ١٩٩٩: ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری دامەزراندنی «کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان» بووە، و لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠١٢ لە سێ خولدا ئەندامی ئەو ناوەندە بووە.

- ٢٠٠٧ - ٢٠١١: ئەندامی دامەزرێنەری «نەورۆز تیڤی» بووە و تا ساڵی ٢٠١١ وەک پێشکەشکار کاری تێدا کردووە.

- ٢٠١٩ - ٢٠٢٣: لە کەناڵی «ئاریەن تیڤی» وەک پێشکەشکار کاری کردووە.

لە ڕووی نووسین و ڕۆژنامەگەرییەوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ساڵی ٢٠١٥ بە شێوەیەکی بەردەوام بابەتی جۆراوجۆری بۆ ژمارەیەک ڕۆژنامە، گۆڤار و ماڵپەڕی ئینتەرنێتی نووسیوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧دا چل بەش لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیی خۆی بە ناونیشانی «ئەو ڕۆژانەی شانازییان پێوە دەکەم» لە سایتی ڕاستییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠٢٤

# چاوانی شار چاوەڕوانە.



لە ساڵیادی شەهیدانی کیمیا بارانی سەردەشت دا، پیشکەشە بە سەردەشتی سەرسەوز. ئا لێرەدا شار وەک کۆرپەیەکی ساوا بێ غەل و غەش بەڕوی داهاتو دا پێ ئەکنێ،

دەرونی ساف و بێگەرد سەر سەوز وەک شنەی شەماڵی ئێواران، چاوانی ڕون و زوڵاڵ وەک کانیاوی بنار چیا...

ئا لێرەدا خۆشەویستی وەک فەلسەفەی ژیان و ژیان وەک حەقی گیان لەبەرانن و خۆش ویستن بۆ بەردەوامی لە هەناسەی سینگی سروشتا لە هەڵچون و داچونایە...

ئا لێرە دا کاروان، کاراون بەرەو لوتکە بەڕێوەیە، چەپکی گوڵی سور و سەوز و شینیان بە دەستەوە و کۆڵ و باری گرانی ئەسرەوتن بە کۆڵەوە، ڕێگا ئەبڕن، ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ هەدا نادەن تا ئەوکاتەی گوڵی حەزیان لە یەخەی شار ئەدەن و چۆپی زەماوەنی سەرکەوتنی نیشتمان وەک ئالای ئاڵ و والای کوردستان سوڕ ئەدەن...

چاوانی شار زۆر بێ قەرار سالەهای ساڵ چاوەڕوانە بۆ گەڕانەوەی کۆچ و کۆچبار... دڵی گەورەی شار، پاییز و بەهار لە لێدانە بۆ پێک گەیشتنی یار و دڵدار...

ئەوساکە شار هەموو ڕۆژێ چەندین جار پێ ئەکەنێ، شایی و خۆشی وەک دیاری بوک و زاوا بە سەر ماڵ بە ماڵ و گەڕەک بە گەڕەک و گوند بە گوندی ئەم مەڵبەندە سەوزە دا ئەبەشی...

ئەوساکە شار وەرزی تەنیا بەهارێک بوو، گەرمی و ساردی و خەزانی لە خۆ دا کۆ کردبووە، و سەوزی و سەوزەڵانی دابەش ئەکرد، هەمویانی وەک یەک دڵخۆش ئەکرد...

بەڵام ئێستا جەستەی شار بریندارە، بە ئازارە، بێ قەرارە..بەڵام ئێستا شار تەنیا بزەیەکی کاڵ بووەوەی لە سەر لێوە و لە شەو لە تاریکی و تەنیای زۆر بێزارە...

بەڵام ئێستا شار نە هاوینی گەرم، نە زستانی بەفرین، نە پاییزی بە گڤە و نە بەهاری گوڵ لە بەرۆکە...

ئێستا ئیتر شار و دیار، بۆ تۆزقاڵێ هەوای کۆسار بۆ دیتنی گوێ بەگوارەی خێڵی مەڕدار و بۆ ئاشق بونی کچانی خاڵدار ئاخ و داخ و دەرد و ئازار هەڵ ئەکێشێ....

ئێستا ئیتر شار لە بن دەستی نەیار وەک بوکی زیز دایگرتوە خەم...وەکو چیای ئاستەم لوتکەی داگیراوە بە تەم...
هەموساڵێ شار لەم ڕۆژە دا لە چریکەیەک، ئەچریکێنێ دڵی مرۆڤ دڵی سروشت و گیانی زەردەشت ڕائەچڵەکێنێ...

گۆرانی خەم، گۆرانی کۆچ، گۆرانی لێک دابڕان لە ناخی حەیرانێکا بە گوێی مێژودا ئەدا و ئەڵێ...

ئەوێ ڕۆژە لەو بەرزەوە
باڵەفڕی دوژمن هاتن بە جوتە
بەریان داوە دەعبای ڕەش
هەناسەیان قەدەغە کرد
شار وێران و گۆڕستانیان ئاوەدان کرد
دوژمن وایە ئاگادار بن
چارێکی داهاتوتان کەن

بەڵێ ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو ساڵێ لەم کاتە دا ڕێبوارێک لێرە ئەوەستێ، چاو دائەخا، دەفتەرەکەی دەر ئەهێنێ و قەڵەمەکەی وەکار ئەخا...تەنیا دوو دێڕ ئەنوسێ... شارەکەمان هێشتا بریندارە، برینەکانی بە ئازارە، بە هیچ کەس و بە هیچ جۆرێ نایکرێ چارە تا ئەوکاتەی هەموو یەک نەگرن ئەم کوردە هەژارە و ئاڵای سەربەستیان وەکو میدال نەدەن لە سینگی ئەم شارە...

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠٠٤

## تێروریستەکانی هەولێر و ئاسایشی خەواڵو؟




کۆمەڵە خەڵکێکی موسڵمان و کۆنەپەرەست ماوەی ٨ ساڵە خەریکی ئەنجام دانی کار و کردەوەی تێروریستی و کۆشتنی خەڵکی ڕەش و ڕوتی هەژار و بێ پەنا لە شاری هەولێر پایتەختی باشوری کوردستانن.

ئەم گروپە کە لە ژێر فەرماندەری شێخ زانا دا کارەکانی خۆی بەڕێوە بردوە و هەر ئەو جوەر کردەوانەی بەرانبەر بە گەلەکەی خۆی ئەنجام داوە کە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ عەرەبە داگیر کەرەکان لەگەڵ هێنانی پەیامە نۆیەکەیان بە ناوی ئاینی ئیسلام بەرانبەر بە کورد ئەنجامیان دا و هەتا ئێستاش موسڵمانە عەرەب، تورک و فارسەکان بەرانبەر بە ئێمە پەیڕەوی ئەکەن و بە فتوای جیهاد و لە ژێر ناوی ئەنفال و... ئەم گەلە هەژارە قەتڵ و عام ئەکەن، بەڵام لە بەرانبەر دا کورد ساف و سادە و گێژ و نەزانانە هەر باسی برایەتی و ئەم شتانە ئەکات و لە هیچ لایەنێکیشەوە هیچ حیسابێکی بۆ نەکراوە.

تێروریستە عەرەبەکان لە فەلەستین خۆیان بە ئیسرائیلیەکان دا ئەتەقێننەوە لە پێناو دامەزراندنی وەڵاتێکی ئازاد بۆ فەلەستینیەکان ، کەچی تێروریستە کوردەکانی وەک شێخ زانا و مەلا کرێکار و... خەڵکی بێتاوانی کورد سەر ئەبڕن بۆ خۆ پەروەردە کردن لە پێناو خزمەت کردن بە عەرەبە جینایەتکارەکان و تێک دانی شیرازەی ژیان لە کوردستان دا... عەرەبە کانی عێراق و وەڵاتانی دیکە خۆیان بە هەمو لایەک دا ئەتەقێننەوە لە پێناو وەدەرنانی هێزەکانی بێگانە لە عێراق، بەڵام تێروریستە کوردەکان و ئەوانەی خۆیان بە موسڵمان ئەزانن و ڕەفتاری نامرۆڤانە لەگەڵ گەلەکەی خۆیان

دائەکن ٣٠ ساڵ لە بەرانبەر کارە دڕندەیەکانی و جێنوسایدکردن و داگیرکاری سەدام حسین دا سەری خۆیان شوڕ کرد، نەک هەر خۆیان نەتەقاندەوە بەڵکو لە بەرانبەر وێران کردنی ٤٠٠٠ مزگەوت لە کوردستان دا چوار وشەیان لە دەم نەهاتە دەر و ئێستاش ئەیانەوێ کارە ناتەواوەکانی سەدام و عەرەب کە لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵ دا بۆیان تەواو نەکراوە تەواو کەن و...

ئەوەی ئەم گروپە تێروریستە نامروڤانە ئەنجامیان داوە، هەر ڕێک کردەوەی ئیسلامین و پەیامی محەمەدی عەرەبییە بۆ لە نێو بردنی دوژمنەکان، و دوژمنەکان لەم حاڵەتە دا کوردن، دەنا منداڵێکی هەژاری کورد بۆ دەبێ بە دەست جینایەتکارێکی کورد سەر ببڕدرێ کە خۆیانی بە سەرەوە ڕا بێنن بۆ کاری جینایەتکارانەی گەورەتر.

دە پێم بڵێن لە ماوەی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ ئیسلامەتی دا بێجگە لەم کردەوە نامروڤانەیە چی دیکەیان کردوە؟ گەلان لە کاکێشانەکان دا بەداوی کەشفیاتی زیاترن کەچی موسڵمانەکان تازە خۆ فێری مروڤ سەربڕین ئەکەن ئەویش بێ دەسەڵات ترین مروڤەکان.

گەلان باسی ئینتێرنێت و تەیارە و ئازادی و مافی مروڤ و هەڵکشان بەرەوە ئەستێرە دورەکان و موبیل تەلەفون ئەکەن، کەچی موسڵمانەکان هەرباسی حۆشتر و.. شۆردن و.. ئەکەن. هەر چی دەبێ: دەڵێن ئەمانە موسڵامان نین، وەک ئەوەی کاتێک خۆمەینی هاتە سەرکار لە ئێران و دەستی بە پیادە کردنی شەریعەی ئیسلامەتی کرد و بڕیاری بەردە باران کردنی ژنان، دەس بڕینی خەڵک و.. کردە باو وتیان ئەوانە موسڵمان نین.... کاتێک لە هەمو وەڵاتە عەرەبییەکان، بە عەرەبستانی سعودیشەوە دوو ژن بە مروڤێک حیساب ئەکرێ و منداڵان بێ ماف و خەڵک وەک مەڕ و ماڵات سەیر دەکرێ.. ئەوکاتانەی کە شاهێدی جینایەتە سامناکەکانی حکومەتی مەلا عومەر لە ئەفقانستان دا بوین، وتیان ئەوانە موسڵمان نینن.. من تێ ناگەم ئەدی کێ مسڵمانە و مسڵمانەکان چی دیکەیان هەیە لەوە زیاتر کە بە کردەوە ئەنجامی ئەدەن.

ئاخر پەیامی محەمەد خۆ تکنیک و تێکنولوژی نیە کە کاری لە سەر بکرێ و پێشبخرێ، قسەکان هەر ئەوانەن و پەیامەکەش هەر ئەوەیە و ئەوانەش هەر هەمویان باشترین موسڵمانن و بەڕێوەبەری ئەو پایام و ڕاسپاردانەن. من تێ ناگەم ئەم موسڵمانە کوردانە بۆچی بە خۆمان فێرن و لە بەرانبەر ئەو هەمو نارەوایەتیەی لە کوردستان بەڕێوە ئەچی لە لایەن موسڵمانەکانەوە بێدەنگ و بێ کردەوە و بێلایەنن، بەڵام لە پێناو بەرژەوەندیەکانی ئەوان دا ئامادەن کچنای کورد بێ ئێخلاق بکەن، سەری گەنجانی کورد ببڕن و کوردستان بکەنە گۆمی خۆێن.

## گروپی شێخ زانا و ئاسایشی هەولێر

بەداخەوە لەوکاتە دا کە یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و هێز و لایەنەکانی دیکە بەر بو بونە گێانی یەکتر و کوردستانی سوتێنرا و وێران کراویان وێرانتر ئەکرد و هەمو هێز و توانای خۆیان بۆ لە نیوو بردنی یەکتر ترخان کرد بو، کەسانێکی بێ هویەت و نەخۆشی وەک شێخ زانا گەنجانی بێ هیوا و داهاتوی کورد پەروەردە ئەکات بۆ تۆقاندنی گەلی کورد و بە ناوی ئیسلام و ئیسلامەتیەوە هەر وەک پێغەمبەری عەرەبەکان لە گیرافانی خۆی فتوای سێکس و... ئەدات، ئەگەر محەممەدی عەرەبی ڕۆحمی بە کچانی ٩ ساڵەش نەدەکرد و هەر ژنێکی بەرچاو بکەوتایە بۆ خۆی حەلاڵ ئەکرد، شێخ زانا لە بەر ئەوەی کەسێکی هوموسێکسوێلە (هاو جنس باز) فتوای ئەوە ئەدات کە دەبێ بۆ ئەوەی خۆایان لێ ڕازی بێ ئەو گەنجانەی لەگەڵی کەوتون و بە پارە کڕیونی لە گەڵی دا بنون و بەوەشەوە ڕازی نابێ و کچانی هەژار و بێتاوان ئەخاتە ناو تۆڕێکەوە کە هەر لە مافیا ئیسلامیەکان ئەوەشێتەوە.

ئاسیشی هەولێر ئەزانێ کە قەلەکانی مام جەلال چەندانەن و ڕەنگیان چونە و مامە حەوتوی چەند قەل ئەخوات، بەلام ٨ ساڵ زیاتر شێخ زانا و گروپەکەی خەڵکی بێتاوانیان سەر بڕی، هیچ پێی نەحەسان و ئاگایان لە خۆیان نەبوو.

ئاسایشی هەولێر مانگانە بە ملیون دولار لە پارە و سەروەتی خەڵکی کوردستان هەڵ ئەلوشێ و ئەرک و بەرپرسیارەتی ئەوەیە کە ئاسایش بخۆڵقێنی و کەس و گروپی خراپەکار و تیروریست بدوزێتەوە، بەلام هەتا ئێستا نەک هەر هیچ لەو کارانەیان نەکردوە بەڵکو بۆ خۆیان بەشێکن لە نائەمنی و بونەتە هێزی تۆقاندن. بەرپرسیارانی ئاسایش دەبێ وەلام بدەنەوە و حکومەتی نێچیرڤان بارزانی دەبێ لیان بکۆڵێتەوە کە ئەدی کاری ئێوە چیە؟

لە کۆبونەوەی پارتەکان دا بومب ئەتەقێتەوە، خەڵکی هەژار سەر ئەبڕدرێ و کچانی کورد ئەخرێنە ناو جاڵ جاڵۆکەی سێسکەوە و ئاسایشی کوردیش خەریکی جاسوسی کردن و زانیاری کۆ کردنەوە یە لە سەر لایەنەکانی دیکەی کورد و هەر خەریکی ئەوە یە بزانێ چەند کەس لە هەولێر یەکیەتی، شوێعی یان سەر بە لایەنەکانی دیکەن، ئەو چون یاسایشێەکە و لە کۆی ئەم دنیایە دا ئاسایشی وا هەیە؟.

وەلاتانی دنیا یەک ئاسایشیان هەیە و ئاسێشی نەتەوەکەیان بەڕێوە ئەبات و کاری خۆی تەنیا بۆ بەرژەوەندی نەتەوەێی تەرخان ئەکات، ئێمەی کوردیش لە بەشێکی پارچەیەکی نیشتمانەکەمان دا دوو ئاسایشمان هەیە کەچی سەرۆکی ئاسایشی مەڵبەندێک تیرور ئەکرێ، ئاخر ئەگەر ئاسایشێک نەتوانێ ئاسایشی سەرۆکەکەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ تائمین بکات چون ئەتوانی خەڵکی هەژار لە مەترسی بپارێزێ.

ئاسایشی سلێمانی ئەزانی کێ چەند پارچە پەڕۆی زەردی کڕیوە، بەڵام نازانی کێ ئەو خەڵکانە بێ سەرو و شوێن ئەکات لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دا. بێگومان یەکیەتی و پارتی لەم پاشاگەردانیانە دا بەرپرسیارن و هەتا لە سەر ئەم هەڵوێستە نا نەتەوەیانەیان بەردەوام بن نەک هەر ئاسایشی باشور بەڵکو لە پیلانە کانی دژی خۆشیان بێ خەبەرن و ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە.

دەبا یەکیەتی و پارتی بەس لە سەروەتی نەتەوەیی هەڵوشن و بیر لەوە بکەنەوە کە ئاسایشێکی نەتەوەیی دامەزرێنن بەو مانایە کە هەمو تاکێکی کورد خۆی بە بەرپرسیار بزانێ لە بەرانبەر پاراستن و هێمنایەتی کوردستان و کوردستان بە هی خۆی بزانی نەک بە هی یەکیەتی و پارتی... دەبێ ئاسایشی کوردستان بکەوێتە دەست کەسانێ نەتەوەیی وشارەزا و پەروەردە کراو، ئاخر مەسرور بارزانی کە نازانی دنیا بەری بە کۆیوەیە بۆ دەبێ بەرپرسیاری ئاسایش بێ؟ ئەو دەبو ئێستا خەریکی خوێندن بێ نەک تەمرینی دەسەڵات.

زور پێویستە کە یەکیەتی و پارتی ئاسایش نەکەنە پارلەمانی کوردستان و بیکەنە موڵکی خۆیان، بەڵکو دەبێ دەزگای ئاسایش دەزگایەکی سەربەخۆ بێ و کەسانی لێوەشاوە کاری تێدا بکەن و دەبێ دەیان دوکتوری دەرونناس و... لەو دەزگایە دابن و لێکۆڵینەوە لە سەر ڕوداوەکان بکەن و بتوانن خێراتر لە تێروریستەکان بجوڵێنەوە و هەڵوێست وەر گرن و گەل لە مەترسیەکان ئاگادار بکەنەوە.

**هۆی گرتنی شێخ زانا و گروپەکەی زیرەکی و چالاکی و پلانی ئاسایش نەبوە، بەڵکو ڕوداوێکی سەر سوڕ هێنەر ئەو گروپی ئاشکرا کرد و فریای خەڵکی هەژاری هەولێر و کوردستان کەوت.**

ئاسیشی هەولێر لە جیاتی ئەوەی بە خۆیان دا بچنەوە ئەم ڕوداوە وەک ئەوەی خۆیان ئەو گروپەیان ئاشکرا کردبێ پۆز بە سەرمان لێ ئەدەن و کردویانەتە شانازیەکی گەورە بۆ خۆیان ، کەسانی نەزانیش پیروزبایێ و دەسخۆشیان لێ ئەکەن. هەم ئاسایشی سلێمانی و هەم ئاسایشی هەولێر لە بەرژەوەندی پارتەکانیان دا ئەجوڵێنەوە و ئەمەش کورد توشی کارەسات ئەکات. پێش ئەوەی لەمە خراپترمان بەسەر بێ و لایەن و گروپە تێروریستیەکای دیکە وەخۆ نەکەون و بەردەوامی کارەکانی شێخ زانا و گروپەکی ئەنجام بدەن، ڕو لە گەل بکەن بنیاتی ئاسایشێکی نەتەوەیی بنێن.

تێبینی: وێنەکە لاپەڕەی سێهەمی ڕۆژنامەی خەباتی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٥



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری کوردستان کۆماری ئازادی و دیموکراسی



یەکێک لە دەرسە هەرە گرینگەکانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە بڕوا بە خۆ بونە.

لە کاتێک دا کە کوردستان لە بارێکی ئاستەم و نالەباری ئابوری و کۆمەڵگای مروڤایەتی قوربانی شەڕی دنیاگر بون، پێشەوا قازی محەمەد و یارانی ئالای کوردستانیان هەڵکرد و بانگی دەسەڵاتی کوردیان دا و هەوڵی وەدەس خستنی ناسنامەی کوردی و ئازادی کوردستان وەک بڕوایەکی پۆڵاین بو بە ئامانجیان. ئەوکاتە کە پێشەوا قازی محەمەد لە چوارچرای مەهاباد دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، تەنیا بەشێکی بچوکی ڕۆژهەڵاتی وەڵاتی بە دەستەوە بو. بێگومان لەبەر هاتنی هێزی هاوپەیمانان لە چەند قۆڵەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوبوە دوو بەش، بەشێکی کەوتبوە بەر دەست هێزەکانی ئینگلیز کە تا سنوری دیواندەرە ئەهات و بەشەکەی دیکەشی لە لایەن هێزەکانی ڕوسەوە کونترۆڵ ئەکرا و ئەو بەشەش تا نێزیک شاری سەقز بو.

لە ڕاستی دا دەبێ بڵێین ئەو ناوچەیەی کۆماری تێدا دامەزرا تەنیا مەهاباد و بۆکان و بانە بو. کەوا بو ئەگەر بڕوا بە خۆ بونی پێشەوا و هاڤاڵەکانی نەبایە کەس نەیدەوێرا بڕیارێکی ئاوا جیدی بدات و خۆ لە قەیرانێکی ئاوا بەهاوێ.

بەڵام پێشەوا قازی محەمەد ئەیزانی کە لەو هەل و مەرجە دا چەسپاندنی مافی گەلی کورد لە لای هێزەکانی بێگانە و بنیاتنانی هەستی نەتەوەیی لە لای کوردان دەبنە بناغەی بون و بەردوامیشی دەبێتە هوی پەرەپێدان و فراوانترکردنی ناوچەکانی کوردستان و مەڵبەندی حوکمڕانی حکومەتی کوردستان. پێشەوا قازی و هاوبیرەکانی لەو کاتە دا هیچ پێویستیان بە پلە و پایە نەبو، تەنانەت لە سەروەت و سامانی خۆشیان خستە خزمەت جەلانەوە و کۆمارکەیەوە.

ئەوەی وای لێ کردن کە ئەو کۆمارە لە ناوچەیەکی بچوک و ئاستەم دا دامەزرێنن دڵسۆزی نەتەوە و وەفاداریان بە نیشتمان بو. پێشەوا قازی محەممەد مروڤێکی ئاینی سەرف نەبو، بەڵکو کوردێکی خاوەن هەستی نەتەوەیی و مروڤێکی ڕوشنبیر و خاوەن تەگبیر و دڵفراوان بو.

ئاواتی وەدی هێنانی ئازادی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بە تایبەتی بەشداری ژنان و لاوان و خۆ پەروەردە کردن وخوێندن دا ئەبینیت و هەربویە لە ماوەی یازدە مانگ دەسەڵاتی دا ئەوەندنەی خزمەت بەو بەشانە کرد کە پاش شەست ساڵ هێشتا نەوەکانی دوای خۆی نەیانتوانیەوە بیکەن یان بەو ئەندازە و بەو جوەری ئەو سەردەمەیان نەکردوە.

لە لای پێشەوا یەک بەرژەوەندی بۆ پاراستن هەبو ئەویش بەرژەوەندی گەل، بەڵام لە لای پارتەکانی ئێستا و تەنانەت حیزبەکەی پێشەواشەوە بەرژەوەندی خۆیان یەکەم و کۆتاییە. پێشەوا هەوڵێکی زوری دا کە ناکۆکی نێوان عەشیرەکان نەهێڵێ و بە دڵێکی فراوانەوە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانی لە باوەش دەگرت و تا دواکاتەکانی ژیانی بە خاوەن ماڵی ئەناساندن و لە دەسڵاتدا بەشداری ئەکردن، بەڵام بەداخەوە ئێستا دوای ئەوە بەشێک لە کوردستان ئازادە و میوانە خاوەن ماڵەکانی ئەو کاتە دەسەڵاتیان هەیە بیرهێنانەوەی ئەو کۆمارە بە پیز و بەرەکەت و پڕ لە سەروەری و شانازیە یاساغ و بڤەیە.

کۆماری کوردستان تەنیا دەسەڵاتێکی ئاسایی نەبو، بەڵکو سیستەمێکی سیاسی کۆمەڵاتی دیموکراتیک و پێشکەوتونخۆاز بو. لە ماوەی ئەو یازدە مانگە دا مافی ئازەری، فارس، جولەکە، ئاسوری و کەمە نەتەوەکانی دیکەی ژێر حوکمڕانی کۆمار پارێزرا و ئەو ئیمکاناتەی کە بە کوردەکان بدرایە ئەوانیش لێی بەرخوردار بون. زور لایەنی دیکەی کۆمار هەیە کە مروڤ ئەتوانی باسیان بکات و جێگای شانازین کە من لێرە دا نامەوی لە سەریان بڕۆم، ئەوەی بۆ من گرینگە و ئێستا وەک شەست ساڵ بەر لە ئێستا لەو کۆمارە ساوا و جوانەمەرگە ئەڕوانم دەبینم گەورەترین دوژمنی کۆمار نە شای ئێران، نە ئینگلیز و نە هیچ هێزێکی دیکەی دەرەکی بو، بەڵکو کورد خۆی و بەس...


ئەو سەرک عەشیرە کۆنەپەرەست و سەرشۆڕانەی کە خەیانەتیان بە کۆمار کرد، نەوەکانی دوایی خۆیان لە ناسنامەی نەتەوەیی، ئازادی، سەروەری و پەروەردە و پێشکەوتن بێ بەش کرد. ئەگەر لەو کاتە دا پێشەوا قازی محەمەد و یارانی لە مەهاباد ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد و بە ڕۆاڵەت ڕوسیەش بە ڕەسمی ناسین، کرماشان، سنە، کامیاران، جوانڕو و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات سەریان هەڵدایە و پشتیوانیان لێ بکردایە بێگومان نە پێشەوا و نە کۆمار لە بەین نەدەچون و چارەنوسی ئێمەش ئەمڕۆ بە جورێکی دیکە دەبو.

بەداخـەوە شەسـت سـاڵ دوای ئـەو تەجروبـە شـیرن و تاڵـە هێشـتا هـیچ دەرسێکیمان وەر نـەگرتوە و هـیچ لـەو هەڵـە و کەموکۆڕیانە فێر نەبوین. هێشتا هەر بە هەمان ئەقڵ و بیر کردنەوە و تێگەیشتنی شەست ساڵ بەر لە ئێستا هەڵس و کەوت و هەڵوێست ئەگرین، ئەگەر ئەو کاتە سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ بەرژەوەندی تاک و بنەماڵەی خۆیان یەکیان نەدەگرت و ئاویان بە ئاشی دوژمن و داگیرکەر دا ئەکرد ئەمڕۆ بە شێوەی ڕکخستن و بە ناوی حیزب و بە بەرنامەی سیاسی و جیاوازەوە هەمان پێوەن لە پێی گەل دەکەین و نە لە دنیا تێ دەگەین، نە هەل و دەرفەتەکان ئەناسین و نە هەڵوێستی بە جێ و هاوچەرخ دەگرین.

**دەبا بە گیانێکی کوردانە و بە لە خۆبردوویی پێشەوا و قازیەکانی هاوڕێ و هاوبیرەکانیان لە کێشەکەمان بڕوانین و لەگەڵ یەک دڵسۆز و لەبەرانبەر دوژمن دا سەربەرز بین. دەبا پێشەوا و هەڤاڵەکانی بکەینە سەرمەشقی بیری نەتەوەیی و نیشتمان خۆشەویستی و ڕێگاکەیامن درێژە پێ بدەین و ئامانج و ئاواتەکانیان وەدی بێنین.**

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندانی ٢٠٠٦

## هێمن یان دەنگێک بە پانتای کوردستان؟



هێمن موکریانی، هۆنەری بەتوانا، کوردیزانی بێ هاوتا، کوردیبێژی کەموێنە، ئاوێنەی باڵانوێنی دەرد و ڕەنجەکانی کۆمەڵگە، شۆڕشگێڕی خاوەن بیر، بیرتیژی خاوەن هەڵوێست و هاودەنگ و هاودەردی هەژاران بوو. هێمن بەر لەوە هۆزانڤان یان نووسەر بێت، مرۆڤە، کورد و بندەستە، سەوداسەری ئازادی و خەباتگێڕی سەربەستی و ڕاپەڕیوی سەردەم و دەورانی خۆیەتی و پاشان لەڕێگەی هونەری دەربڕینی شیعرەوە پەیامی ئازادیخوازی، جوانیپەرەستی و خۆشەویستی و خۆشویستنەوە گەورە دەبێ؛ بست بە بستی وەڵاتەکەی بەسەرئەکاتەوە و هێمنی ئەشڵەقێنێ و ئەبێتە دەنگێک پڕ بە پڕی کوردستان و لە هەموو دڵێکا ئەکەوێتە لێدان، لە هەموو قوژبنێکا ئەبێتە هاوار و لە هاوارەکانا ئەبێتە بەستە و لە زاری هۆنەرە بەرزەکانی گەلەوە وەک سۆز گوێی هەموو کوردێکی خاوەن هەست ئەزرینگێنێتەوە.

هێمن بە هێمنی ئازارەکانی کۆمەڵگە ئەچێژێ و بە زمان و زاراوەیەکی ڕەوان و خۆماڵیانە و بە جورێکی زانایانە و سادە لە توێی هۆنراوەدا ئەیڕازێنێتەوە و هەستی مرۆڤ ئەهەژێنێ. هێمن زۆر پێش دەورانی خۆی کەوتووە و سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ماماوەندی هاتووەتە دنیا و ئەیتوانی ببێەتە خاوەن مڵک و خەڵک خزمەتی بکەن، پشت لە خۆفەرزکردن ئەکا و تێکەڵ بە چەوساوەکانی کوردستان دەبێ. هێمن پارێزگاری لە مافی ژن ئەکا و بەرهەڵستی جەور و ستەمی داگیرکارانی تێکدەر و ڕووخێنەر ئەبێتەوە و لەگەڵ ئازادیخوازانی نەتەوەکەی تێکەڵ بە کاروانی شۆڕشی ئازادی و سەربەستی دەبێ.

بەڕاستی باسکردن لە هێمن تەنیا باسکردن لە شاعیرێک نییە و بەس، بەڵکو باسکردنە لە لایەنی زۆر جۆراوجۆری سەردەم

و سەدەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە ڕووداو. باسکردن لە هێمن موکریانی واتە باسکردن کە پێشمەرگەیەکی کوردستان، ئاوارەیەکی نیشتمان، دەردەدارێکی ڕاونراو، هەستناسکێکی قەڵەمبەدەست، یادگاری یەکەم کۆمار و خۆشەویستی یەکەم سەرەککۆماری کوردستان.

هێمن موکریانی خاوەن شێوەی دەربڕین و نووسینێکی تایبەتە کە زۆر بە ئاسانی و یەکەم جار ئەچێتە دڵەوە و لە زار ڕەوان و لەبەردڵانە. مامۆستای پایەبەرز، هۆزانی بەهەست و هەستیاری دەرد و ڕەنجەکانی کۆمەڵگە، گەلێ شیعر یان ئەتوانم بڵێم سەرجەم هۆنراوەکانی لەگەڵ سەردەم و کات و ڕووداوەکانی ئێستادا ڕێکدەکەون و دێنەوە و ئێستایش گەلێ کەس و بە هەزارن مرۆڤ ڕۆژانە لەگەڵیانا ئەژین و خۆیان تێیاندا ئەبینەوە و دەربڕی هەست و سۆز و دەرد و ڕەنجەکانی ئەوانە.

**ئەگەرچی شەو درنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر**
**کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر**

کەم نین ئەو کەسانەی کە ئێستا و بەردەوام لەگەڵ هەڵدانی پێکەکانیاندا ئەم هۆنراوەیە ئەڵێنەوە و خۆیانی تێدا ئەبینەوە.

**ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە**
**لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر**

مرۆڤێکی دەردار و بێ پەرستار هیوای بە مان نییە. کەسێکی ئاشق کە وا تێدەگا کەس لێی تێناگا و ناتوانی بە ئەوینەکەی بگا و ئاواتەکەی بێتە دی، خۆی لە مردن زیاتر نێزیک دەبینێ تا ژیان. گەلێکی ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابواردووە و نازانێ کە مەرگ مەودای ئەدا ببینێ سەردەمێکی تر.

مەرگ مەودای دا و سەردەمێکی تری بینی بەڵام بەداخەوە چەرخی چەپگەرد بە لایەکی ترا خولایەوە و ئەو هێمنـە گەورە و ئەو مرۆڤە سووتاوەی نەتەوە و نیشتمانەکەی تاوانبار کرا و بێ حورمەتی پێکرا.

لە چارشێو بێزارە و لایەنگری بەرابەری ژنانە و نایەوێ کەس ڕوبەندی هەبێ و ژنان پێویستیان بە ڕووگرتن نییە و دەبێ وەک پیاوان بێنە گۆڕەپان و داوای ماف بکەن، ماف تەنیا بۆ پیاوان نییە. ژن لەلای هێمن سەرچاوی خۆشەویستی، جوانی و


لانکی هەست و سۆز و ئەوین و خۆڵقاندنە، بۆیە کە فرمێسکی لەسەر ڕوخساری کیژی دڵشکاو بینی حەز ناکا لەسەر سوورەگوڵ شەونمێکی تر ببینێ. سوورەگوڵ نیشانەی ناسکی و جوانی و حەزە و ڕومەتی کیژی دڵشاکاویش سوور و سپی و دڵپەسەندە و هەردوو لایش جوانییان لە سروشت وەرگرتووە و ئەم جوانییە کە هەیە نابێ بە دڵشکاندن تۆزی فرمێسک بیانژاکێنێ.

بە دەرمان چاری دەردی هێمن نایە. ئەدی بۆ دوکتۆری زانا خەساری دەرمان و عیلاجەکانی ئەکات؟ هێمن دەردەدارە. دەردی هێمن دەردی گەلە، دەردی چەوسانەوە، نابەرابەری، زوڵم و زۆر و نەبوونی ئازادییە. بۆیە داییم سینگی قەڵغانی تیری دەرد و خەمی گەلە و نەیدیوە ڕۆژگاری سپڵە هەر تیرێکی بیهاوێ بەرەو سینەی نەبێ.

**هێمن لەو کەسانەیە کە ئەگەرچی بە جەستە و فیزیکی لە ناوماندا نەمابێ، بە بیر و هزر و بە وتەی جوان و بە هۆنراوە بە ناو و ناوەرۆکەکانی لەگەڵمانایە. سەری خۆشەویستی بۆ هێمن دائەنەوێنم.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠٠٦

## بە یادی پێشمەرگە و تێکۆشەر کاک نەبی قادری



هاوینی ساڵی ١٣٦٣ بەشداری دەورەی کادری حیزب بووم و لە کوتای دەورەکەدا ڕەوانەی دەفتەری سیاسی کرام بۆ فێربونی بەکار هێنانی بێسیمی دوورمەودا (ڕاکاڵ). یەکێک لە کولتورە باشەکانی حیزبی دیموکرات ئەوە بوو کە هەموو لە یەک شوێن و هەمان خواردنیان ئەخوارد.

دەفتەری سیاسی چێشتخانەیەکی هەبوو لەگەڵ سالونێکی نان خواردن و لە کاتی نیوەڕۆ و ئێوارە دا لە سکرتیرەوە بگرە تا بەرپرسانی کارەبا و سادەترین ئەندامی حیزب لەو چێشتخانەیە دا بە ریز خواردنیان وەردەگرت و دەخوارد. ئیتر زور ئاسایێ بوو کە من لە پێش دوکتور قاسملوو، یان دوکتور سەعید یان هەر ئەندامێکی دیکەی کومیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسیەوە لە سرەی خواردن ڕاوەستم و خواردن وەرگرم.

ڕوژێک دوای نان خواردن بەرێوەبووم بۆ ژوورەکەی کاک دوکتور حسەین خەلیقی کە ئەو کاتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو و دەرگای ماڵەکەی بە ڕوی هەموو ناسیاو و نەناسیاوا کراوە بوو، تووشی کاک دوکتور سەعید، کاک ئەحمەدی شێربەگی و چەند کەسێکیتر بووم کە زوربەیانم نەدەناسی.

**کاک دوکتور سەعید پێی وتم لەگەڵ بەرپرسی نوێی ناوەندی ئاژوانا یەکترتان بینیوە؟ وتم نەخێر، بە بزەیەکەوە وتی: خۆت ئامادە بکە لەگەڵ کاک نەبی قادری و کاک بابا عەلی مێهرپەروەر دا بگەڕییەوە.**

لای ئێوارە بۆ وەرگرتنی هەزینەی سەفەر چووم بۆ لای کاک سیامەند شێخ ئاغایی، لەوێ کاک نەبی قادری م بۆ یەکەمجار بینی. مرۆڤێکی زور گەرم و ڕوح سووک و بێ فیز و گزە بوو، ئەوەندە بە گەرمی وەری گرتم، وام هەست ئەکرد کە ماوەیەکی زورە یەکتر ئەناسین.

دوای یەک دوو ڕۆژ کاروانەکەمان ئامادە بوو و سەرەتا چوینە شاروچکەی ماوەت و لەویوە بەرەو سنورە دەسکردەکەی نێوان باشور و ڕوژهەلات لە دەڤەرەی بانە وەڕێ کەوتین، ئێوارە درنگانێک گەیشتینە بنکەی کومیتەی شارستانی بانە کە کاک غەفور هەمزەیی بەرپرسی ئەو کومیتەیە بوو. بۆ بەیانیەکەی نیگابان بانگی کرد پۆلە پاسداریک بەرێوەن بەرەو ئەو ناوەی لێی بووین، ئەو پێشمەرگانەی چەکیان پێ بو بەرەو شوێنی ئاماژە پێکراو ڕوشتن و منیش یەکیک بوم لەوانە، لە نیوەی ڕیدا بوین کە وتیان بگەڕینەوە، بۆ ئێرە نایەن و نابێ تەقەیان لێ بکەن چونکە بنکەکانی کومیتەی شارستان ئەدەنە بەر توپ. لە کاتی گەڕنەوەدا بۆ بنکەکان کاک غەفور زور بە توڕە بونەوە پێشوازی لێ کردین و چەند قسەی ناشیرینی کرد کە بوچی ئێمە سەرەڕویمان کردوە و بنکەی کومیتەی شارستانمان ئاشکرا کردوە و لەوانەیە بدرێینیە بەر تۆپ، پێشمەرگەکانی دیکە بێدەنگ بون و چونەوە ناو بنکەکان بەلاَم من وەدەنگ هاتم و بە کاک غەفورم وت مافی نیە بێحورمەتیمان پێ بکات ئێمە پێشمەرگەین و وتویانە پاسدار هات دەبێ بچێن پێشیان بگرین، **کاک غەفور لە منیش توڕە بو وتی:** تۆ بە بستێ بالاَوە پێم نالێی چکارەی وا دەمت هێناوەتە پێش، لە کاتی ئەو دەمەقالێیەی من و کاک غەفورا کاک نەبی پەیدا بو و بە **کاک غەفوری وت: ئەوە پێشمەرگەی هیزی بیستونە و چۆن دلَت دێت لێی توڕە (jcomments off) دەبی و بە منی وت بچورەوە لای ڕەفیقەکانت و لەگەلّ کاک غەفورا چونەوە بۆ بنکەکەی خۆیان.**

زوری پێ نەچوو ن پێشمەرگەیەک هات و وتی: کاک غەفور بانگت ئەکات، کە گەیشتمە لایان، کاک غەفور هەستا و ئەملا و ئەولای ماچ کردم و لە ناوبەری خوی و کاک باباعەلی دا دانیام. کاک بابا عەلی وەک هەموو جارێ پیی وتم: **بابە گیان، نابێ لە خوڕا دەرچن بەملاو ئەولا دا ئێمە سەفەرین و دەبێ لێک دانەبڕدرێین.**

کاک نەبی قادری بەژنێکی وەرزشی بە خووەی هەبوو کە جامەدانەی بە فورمی دەڤەری شنۆ ئەبەستەوە و قژی شوڕ بو، زیاتر وەک هونەرپیشەی فیلمێک ئەچوو کە بۆ باسی خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک دەور دەگێڕێ، بەلاَم کاک نەبی نەک بە فیلم بەلّکو بە کردەوە ئەرکی شوڕشگێرانەی نەتەوەیی بە جی دەگەیاند.

کاک نەبی روی لە کاک غەفور کرد و وتی: ئاخر ئەمە نەمونەیەکی بچکولەی هیزی بیستونە بویە ئەوەندە قارەمانانە هەموو ڕۆژێک عەمەلیاتێک بەرێوە ئەبەن، دانیشتوان بە تێکرا بزەیەکیان دا بە روی منا.

تا دەهات هەستم بە نیزیکایەتی کاک نەبی دەکرد و ئەویش خۆی وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی

ئاژوان نیشان نەدەدا و سەرەڕای جیاوازی تەمەن بەردەوام وەک ڕەفیقێک هەڵس و کەوتی ئەکرد وئەوەش تایبەت بە من یان کەسێکی دیکە نەبوو بەڵکو لە ڕوحیێکلی وەرزشی و خاوینەوەی سەرچاوەی دەگرت.

دوای ئەوەی چەند شەو لە لای کومیتەی شارستانی بانە میوان بوین بڕیار درا کە دەبێ ئێوارەیەکیان وەڕی کەوین و دەبوو ئەو شەوە بگەینە گوندی "وشترمل" کە لە نیزیک شاری بانەیە بەڵام تا ئەوکاتە پێگەی هیزە داگیرکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانی لی نەبوو، ریگاکە دوور و پڕ مەترسی بو بەڵام ئیرادەی پێشمەرگانە لەو سەردەمەدا گرینگی بەو شتانە نەدەدا و بە بڕیارەوە ئەوەی ئیرادەی بۆ بکردایە بە جێی دەهێنا.

لەو ماوەیە دا نازانم چ هۆکار بو کە من خوێنی لوتم بەر دەبوو، ئەو شەوەش لە ناوەڕیدا جاریکیتر خوێنی لوتم بەر بو، کاک عەلی کەس نەزانی کە هەر بە گەنجی سەری سپی ببو و پێمان ئەوت عەلی سەرسپی بە فریامەوە هات و یارمەتی دام و دەم بە دەم بە سەفەکە ڕاگەیندرا کە ڕاوەستن.

کاتێک هەموو وەستان و پشویەکمان دا، کاک نەبی جڵەوی ئەسپەکەی دایە دەستی من و تی، وەرە سوار بە، هەرچەندە هەوڵم دا قەبوڵی نەکرد و وتی ،ماوەیەک سوار بە بۆ ئەوە بحەسیتەوە و خوێنت لەبەر ڕوشتوە بێ هێزی، بە شەرمەوە قەبوڵم کرد و ئیتر کاک نەبی تا ئەو کاتەگەیشتینە گوندی "وشترمل" ڕازی نەبوو من دابەزم.

بە گشتی لەو سەفەرە دا بیرەوەری خوشمان بۆ دروست بوون کە قەت لە بیریان ناکەم و بەڕاستی کاک نەبی و کاک بابا عەلی وەک منداڵی خۆیان هەڵسووکەوتیان لەگەڵمان دەکرد و لوتفێکی زوریان لەگەڵ مندا هەبوو.

سەرئەنجام گەیشتینەوە ناوەندی ئاژوان کە لە پشت گوندی "نرگسەڵە" لە ناوچەی دیواندەرە و لە بناری کێوی "دوو برا" بارگەیان دانابوو.

دوو حەوتو دوای ئەوەی گەیشتینەوە ناوەندی ئاژوان سەرلەبەیانییەک زوو بە دەنگی تەقە وەخەبەر هاتین. دوژمنی داگیرکەر شاخەکانیشی بە ئازادی تەحەمول نەدەکرد و هێرشیان کردبووە سەرمان و پێشمەرگەکانی کەمین پێیان زانی بوون و وەبەر دەسرێژیان دابوون و شەڕ گەرم بوو.

لەو کاتە ناسکە دا کاک نەبی زور بە ئاسودەیی و خوێنساردیەوە بەسەر گروپی پێشمەرگەکان دا دەگەڕا و ئاگاداری ئەکردنەوە کە بە ورە بن و لەسەرەخو بن و دەبێ دوژمن تێک بشکێنین. ئەو کردەوەیەی کاک نەبی وایکرد کە هەموو پێشمەرگەکان ورەیەکی بەرزیان هەبێ و لە ئەنجاما دوژمن بە سەرشوڕی تێک شکا.

**ئەو دیمەنانەی کاک نەبی قەت لەبەر چاوم ون نابن کاتێک لەو بەرەبەیانە زووە دا بەو قەڵافەتە وەرزشکارانەیەوە دەست بە چەک دەهات و دەچوو و ئامادەی خۆی دەربڕی کەبچێتە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بەڵام ڕیگری لێکرا و بەردەوام ورەی ئەدا پێمان و دڵنیای ئەکردینەوە کە دوژمن ئەشکێ. ئەمە بە گێڕانەوە ئاسانە بەڵام بۆ کات و سەردەمی خۆی ئاسان نیە و حاڵ و هەوایەکی تایبەتی هەیە.**

**لە ساڵی ١٣٦٣وە کاک نەبی قادریم ناسی و شانازی بەو ناسینەوە ئەکەم و هیچکات مەرگی کاک نەبیم بۆ قەبوڵ نەکراوە لەبەر ئەوە ئەو لە مردن گەورەترە و بیر و بیرەوەریەکانی بەردەوام دەژین و زورن ئەو کەسانەی وەک من لە ناسیاوی لەگەڵ کاک نەبی دا شانازی دەکەن و قەت باوەر بە مردنەکەی ناکەن، ئاخر چۆن ئەو قەڵافەتە کیو ئاسایە ئەکرێ بچەمێتەوە.**

**یادی کاک نەبی بەرز و بەخێر و هیچکات لە بیری ناکەم و هەموو کاتێ بە ڕیز و خوشەویستیەوە باسی ئەکەم و بە بیری دێنمەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١١**

---



سەرچاوە
Serchawe

## لە یادی حەفتا ساڵە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا



حەفتا ساڵ بە سەر خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا تێپەڕی. ئەو حیزبەی کە بە سەروکایەتی پێشەوا قازای محەممەد و بە پێشنیاری کاربەدەستانی یەکیەتی سوڤیەت و بە هەڵوەشانەوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" بە بێ ئاگاداری سەروک و بەرپرسانی ئەو کۆمەڵەیە، دامەزرا و هەر خێرا کۆمارێکی بچکولە لە جوگرافیا و گەورەی لە ناوەروکدا پێک هێنا. تەمەنی کۆماری کوردستان تەنیا ١١ مانگ بو، بەڵام تەمەنی حیزبی دیموکرات کە دامەزرێنەری ئەو کۆمارەیە، بو بە حەفتا ساڵ.

ۆماری کوردستان بە زور هۆکار و پیلانی چەند لایەنە، بوو بە قوربانی و سەروکی کۆمار کە سەروکی حیزبیش بو لە لایەن حکومەتی داگیرکەری پاشایەتی ئێرانەوە لە سێدارە درا. رەوتی ژیان و پیویستی نەتەوەیەک بۆ ئازادی رێگای پێشەوای زیندوو راگرت و تێکۆشەران و شوڕشگێڕانی کورد لە روژهەڵاتی کوردستان، هەر خێرا دوای هەرەسی کۆمار و شەهید بونی سەروکەکەی، کەوتنە جوڵان و رێبازی درێژەدان بە خەباتیان لەسەر هەمان بنەما و بیروباوەڕ دارِشتەوە.

**دیارە لە ماوەی ئەو حەفتا ساڵە دا ئێمە تەنیا یەک حێزبی دیموکراتمان نەبووە، بەڵکو ٣ حیزبمان هەبووە، یان باشترە بڵێم حیزبی دێموکرات بە ٣ قوناخی جیاوازا تێپەڕیوە و هەموو ئەو قوناخانەش لێک جیاوازن.**

**قوناخی یەکەم:** لە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ-ک و دامەزرانی حیزبەوە تا کاتی روخانی کۆمار و ئیتر لێرەدا ئەو قوناخە

ئەبێتە مێژوو. پاش ئەم قۆناخە بۆ ماوەی چەند ساڵ هیچ ئاسەوارێک لە حیزبی دێموکرات نامێنێ و ئەوانەی کە تا سەردەمی رووخانی کۆمار بەڕێوەبەر و کەسانی ناوبەدەری ئەم حێزبە بوون، گۆشەنیشینییان هەڵبژارد و ئیتر بەهیچ شێوەیەک تێکەڵ بە کاری سیاسی و چالاکیی حیزبی نەبوونەوە.

**قوناخی دووهەم:** قوناخی سەرهەڵدانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە لە گوڕەپانی تێکۆشانی بە کردەوە دا. لەم قۆناخەدا سەرەتا حیزبی دێموکرات بە هیمەت و تێکۆشانی ژمارێک لاوی خوێندەوار کە پشتیوانی و کارتێکردنی حیزبی توودە یان لەسەر بوو، دەبووژێتەوە. تا ئەو جێگایەکە حیزبی توودە وەک "کومیتەیەکی ئیالەتی" خۆی چاو لەم حیزبە دەکات و هەر بەو چاوەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات.

بەهۆی تەوژمی حکوومەتی ئێران و نەمانی دەرەتانی تێکۆشانی سیاسی بۆ حێزبەکان لە ئێران، حیزبی توودە پەرتەوازەی هەندەران(وڵاتانی سەربە سۆڤیەت) دەبێت و حێزبی دێموکراتیش ژمارێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەریی و کادر و ئەندامانی دەگیرێن و ژمارێکی زۆرتریش پەرتەوازەی باشووری کوردستان دەبن.

لە باشووری کوردستان جیاوازیی فیکری و سیاسی دەکەوێتە نێوان ئەندامانی حێزب. بەو شێوە کە باڵی دەسرویشتوی بە سەرۆکایەتی "ئەحمەد تەوفیق" (عەبدوڵا ئیسحاقی) دچێتە ژێر رکێفی شۆڕشی ئەویلوول بە سەرۆکایەتی مەلامستەفا بارزانی و ئیتر حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کردەوە سەربەخۆ نامێنێ.

بەڵام ژمارێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی لە شووینی جیاوازی کوردستان دەمێننەوە تا ساڵی ١٣٥١ و گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو. دیارە لەم ماوەدا ژمارێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حێزبی دێموکرات بە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی ئیبقلابی تێکۆشانی خۆیان جیا لە باڵی "ئەحمەد تەوفیق" دەسپێدەکەن. ئەم کەسانە بە هەست وەرگرتن لە سازمان انقلابی بە ڕێبەریی "کوروش لاشایی" کە لە حێزبی تودە جیا ببوەوە، کاریان دەکرد و تەنانەت شۆڕشێکی چەکداریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خستە ڕێگە کە ١٨ مانگی خایاند. ئەم ڕاپەرینە چەکدارییە بە شۆڕشی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ (بە ساڵێ هەتاوی) ناوبانگی دەرکردوە. ئەم شۆڕشە بە دەخالەتی مەلا مستەفا و گرتن و کوشتنی ژمارێک لە ڕێبەرانی ئەم حەرەکەتە و هیرشی هێزی نیزامیی ئێران، سەرەنجام کۆتایی هات.

**قوناخی سێهەم:** قوناخی داڕشتنەوەی حیزبە، واتە بنیات نانەوەی حیزب لەسەر بنەمای سیاسی، ڕێکخستنی و کار کردن، و وەک ئیشارەی پێکرا ،ئەوە قوناخی گەڕانەوەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملویە بۆ ئێراق و باشوری کوردستان و ئەو قوناخە سەرەتا لە کونفراسی ٣ و پاشان لە کونگرەی ٣ی حیزب لە ساڵی ١٩٧٣ (١٣٥٢)، دەگاتە ئەنجام و حیزبی دیموکراتی کوردستان خاڵێکی لە بەردەم دا دادەنرێ و ئەبێتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

دیارە لە کونگرەی دووی حیزب دا بەڕیز ئەحمەد توفیق کە ئەو کات سەروکی حیزب بو، بە تەواوی کۆمار و پێشیوا قازی محەممەدی ڕەت کردەوە و مەلامستەفا بارزانی بە قاعید و ڕێبەری شیاو بۆ کوردان دا ناساندن، کە ئەوەش پێچەوانەی بەرنامە و بنەما سیاسی و ئیدئولوژیەکانی حیزب بوو.

**دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو بە سەرلەنوی بنیات نانەوەی حیزب لە ڕاستیدا حیزبێکی دیکەی دامەزراند، بەڵام مێژووی ئەم حیزبەی بە کۆماری کوردستانەوە گرێداوە.**

هەر چۆنێک بێت حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشیوا قازی محەمەد بڕوای تەواویان بە کوردستانی یەکگرتوو هەبوو و هاوکاری کردن و هاوخەباتی و تێکۆشانی کوردانیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا بە یەک چاو سەیر ئەکرد و بڕوایان وا بو و بە کردەوەش وایان کرد کە هەر کوردێک لە هەر کوێ ئەم جیهانەوە بێت ئەتوانی ببێتە ئەندامی حیزب و بۆ ئازادی نەتەوە و نیشتمانەکەی کار و خەباتی بە کردوەی هەبێ.

کاتێک مەلا مستە بارزانی و هاوڕیکانی لە شەڕ دژی حکومەتی ناوەندی ئێراق دا شکەستیان خوارد کە هۆکاری شەڕەکەش کێشەی عەشایەری و دابەش کردنی مڵک و زەوی و ئەو شتانە بو، ڕویان کردە ڕۆژهەلاتی کوردستان و کۆماری کوردستانیش باوەشی بۆ کردنەوە و وەک هاوڵاتی و هاونیشتمانی مامەڵەی لەگەڵا کردن و هەموو ئیمکان و ئیمتیازێکی وەک کوردەکانی رۆژهەڵاتی بو دابین کردن کە بەداخەوە ئەمە دواتر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕیز مەلا مستەفا بارزانیەوە پێچەوانە کرایەوە.

یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕنکاری لە بەرنامە و ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لایەن دوکتور قاسملو، هەر ئەوە بو کە ئەو حیزبە بگەڕینێتەوە سەر ڕیبازی خەباتی سەربەخۆی خۆی. بەڵام بەداخەوە سەربەخویی کوردستان و یەکپارچەی کوردستان کرایە قوربانی سەربەخویی و یەکپارچەیی حیزب.

شاراوە نیە حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەم حەفتا ساڵە دا لە گوڕەپانی خەباتی کوردایەتیدا ڕوڵ و کاریگەری و فیداکاری بەرچاویان هەبووە و لە مانەوەی ڕوحی بەرخوەدان و شوڕشگێڕێ و تێکۆشانی کوردایەتی بەلام پارچەیێدا پێشەنگ بووە.

لە پێوەندی گرتن و هاوکاریکردنی خەباتی بەشەکانیتری کوردستان و بەتایبەت باشوری کوردستانا هیمەتیان نواندوە، بەڵام لە بەرانبەر ئەندامان و بیرجیاوازانی ناو حیزبا توند و تیژ و بێ تولەرانس بوون و ئەوەش وایکردوە کە ئەو حیزبە لە ماوەی حەفتا ساڵی ڕەبەقا لە بازنەیەکی دیاریکراوا بخولێتەوە و شانازی کۆماری کوردستان تەنیا وەک ئامرازێکی

پروپاگەندەیی بەکار بێنێ.

لە ماوەی حەفتا ساڵ خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانێکی هەزاران کەسیدا و بە بونی دەیان هەزار ئەندام، حزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەوپەڕی بچوکی و لاوازی دا روژانە ژیان دەبەنە سەر.

لە روژێکی مێژووی وەک دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانا، مروڤ نازانی پیروزبایێ لە کێ بکات و بە کامە جەسارەتەوە رەخنە، یان پێشنیاریکی هەبێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئێستا ساڵروژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بیر دێننەوە، بەڵام لە کردەوە دا هیچکامیان پێوەندی روحی و کردەوەییان بەو حیزبەوە نیە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد دامەزرا و پێشیوا قازی محەمەد سەروکی بو، خاوەن گەلێک بیرو وباوەڕێ پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەیی بو، ڕیزی لە هەموو ئاین و ئاینزا و بیرجیاوازان و کوردی هەموو کوردستان ئەگرت، بەڵام ئێستا ئەم بەڕیزانە ڕێزی یەکتری لە یەک ئوردوگای زورەملیدا ناگرن.

کاتێک گوێ لە ئەندام و کادر و سەرکردەکانی ئەم دوو لایەنە دەگرین، قسەکانیان، دروشمەکانیان و تەنانەت کردەوەکانیشیان بە موو جیاوازی نیە و تاقە جیاوازی کە هەیانە کۆمەڵێک بەرژەوەندی بچوکی تاکەکەسیە و هیچ پێوەندی بە مەسەلەی کوردی و سیاسەت و ڕیبازی سیاسی و شێوەی تێکۆشانەوە نیە.

لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا ڕێز لە هەمو ئەو خوێن و خەباتانە ئەگرم کە لە پێناو ئازادی نەتەوە و نیشتمان و بۆ مافی مروڤی کورد رژاوە و بێگومان هەموو ئەو مێژووە دور و درێژەی تێکوشان و بەرخوەدانەش وەک شانازی دەبیندرێ. بەڵام شانازی گەورەتر لە یەکیەتی و هاوخەباتی و خەباتی زانستی و سیاسەتی سەربەخوی، نەتەوەیی و شورشگێڕانەی دیموکراتی دایە و ناکرێ حێزبی دیموکرات بە هەردوو باڵەکەیەوە خوێیان بە ڕێبواری کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد بزانن بەڵام پەیرەوی لە پەیام و ئاموژگاریەکانی نەکەن کە سەرەیکیرینیان، دڵفراوانی و لێبوردەیێ و یەکیەتی و هاوخەباتی و لێک حاڵی بونە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## کۆماری کوردستان و ڕێبازەکەی، لە کۆیوە بو کۆێ؟



کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد بە سەرکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا. پێشەوا قازی محەممەد بەرلە ڕاگەیاندنی کۆمار، حیزبێکی سیاسی بنیات نا بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بە بێ لەبەر چاو گرتنی سنورە دەسکردەکان دامەزران و بڕوایان بە کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک وەڵاتێکی لێکدانەبڕاو بوو.

کاتێک کۆماری کوردستان دامەزرا، مستەفا بارزانی کە لە شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی عێراق لە پێناو کێشەی دابەشکردنی زەوی شکەستی هێنا بو، پەنای بۆ پێشەوا و کۆمار هانی و ئەوانیش باوەشیان بۆ کردەوە و، نەک وەک میوان بەڵکو وەک خاوەن ماڵ حیسابیان بۆ کرد.

کۆماری کوردستان تەمەنی کەمبو، لە چاو مێژووی مروڤایەتی و دەسەڵاتداریەتیدا ئەکرێ بڵێن چرکەیەک بو، بەڵام هەتا ئیستاش نمونەی بەرزی بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداریی و کوردایەتی و مروڤایەتی و دیموکراسیە لە ناوچەکەدا.

کۆمار روخا، نەک لەبەر ئەوەی روسیە وەک ئامراز کەڵکی لێوەرگرت و کاتێک لەگەڵ شای ئێران(لە ڕێگەی حیزبی تودەوە) سازا، پشتی چۆل کرد. ئەڵبەت ئەو پەیمان شێکێنیەی روسیە یان سوڤیەت، تەنیا لایەنێک یان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو رووخانە بو. هۆکاری سەرەکی، کورد خۆی بو. لە لایەک مستەفا بارزانی بە ژمارەیەک زور هێزی چەکدارەوە پێشەوا و

کۆماریان بە جێ هێشت و لەو لاشەوە، سەرۆک عەشیرە خۆجێیەکان دیکەش بە زۆری لە ژێرەوە لەگەڵ ئەرتەش و دەسەڵاتدارانی ئێران پێوەندیان هەبوو و سەرەنجام قازی بەتەنیا مایەوە. ئەگەرچی لەو ڕێگەدا سەربەرزانە سەری دانا، بەڵام خەڵکەکەی بەجێ نەهێشت و بە قوربانی کردنی خۆی، پێشی بە کوشتاری نەتەوەکەی گرت. کارێک کە ڕێبەرانی "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" بە ڕێبەریی پیشەوەری ئەنجامیاندا. واتا هەڵهاتن و خەڵکەکەیان بۆ کوشتاری دەسەڵاتی پەهلەوی بەجێ هێشت.

گەرچی مێژوویەکی دوور و درێژ لەسەردەمەر تێنەپەڕیوە و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە بەکۆمار تۆمار کراون. بەڵام لەم کاتەدا و بەهۆی هەلومەرجی ئێمرۆی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە لایەک بنەماڵەی بارزانی، دەستی ڕۆژگار گەیاندوونی بە دەسەڵاتێکی سەهل و ئاسان و، لە لایەکی دیکەوە زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی دوو دەیە دەبێ کە بوونەتە نانخۆر و مووچەگیری ئەو دەسەڵاتە، دەبینین بە هەر دوو لایانەوە(پارتی دێموکرات و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و لایەنگران و ئەندامانیان)خەریکن مێژووی کۆماری کوردستان چەواشە دەکەن و لە مستەفا بارزانی "قارەمان" دەخوڵقێنن.

بۆ ئەو مەبەستەش دەیان چیرۆکی ساختەیان بڵاو کردوەتەوە. وەک خۆراگریی بارزانییەکان دژی لەشکری ئێران. کە لە بنەڕەتدا وا نەبوە و بارزانییەکان بەرەو سۆڤیەت هەڵدێن و لەشکری ئێرانیش شوێنیان دەکەوێ و لە چەند شوێن دەرگیر دەبن و سەرەنجام دەپەڕنەوە بۆ سۆڤیەت. یا ئەوەی کە گۆیا پێشەوا قازی ئاڵای کوردستانی بە مەلا مستەفا سپاردوە؟! دڵنیام ئەو چیرۆکەش ئەسڵ و ئەساسی نییە. لەبەر ئەوەی کە ناوی ئاڵای کوردستانی لێنراوە، لەبنەڕەتدا هیچ فڕی بەو ئاڵایەوە نییە کە لەسەردەمی قازی دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک "ئاڵای فەرمیی کۆمار" هەڵکراوە. ئەو ئاڵایە بە گوڵەگەنم و کتێب و ڕازابووەوە، بەڵام ئەم ئاڵایە ئێستای باشوور، لە ناوڕاستەکەیدا خۆرێکە بە ٢١ تیشکەوە. ئیتر ئەم درۆیانە چۆن پێکەوە گرێ دەدەن، مەگەر هەر خۆیان بیزانن.

دوای ئەوەی کۆمار رووخا و پێشەوا و هەڤاڵەکانی لەدار دران، حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەڵوەشایەوە، یان بە کردەوە ئاسەواری نەما. پاش ماوەیەک حیزبی تودەی ئێران خوی کردە خاوەن حیزب و لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا، هەوڵی راکێشانی چالاکانی سیاسی کوردی بۆ لای خۆی ئەدا.

کاتێک لە شەستەکانی سەدەی پێشدا، شوڕش لە باشوری کوردستانا کڵپەی سەند، کۆمەڵێک لە شورشگێرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتەوە رویان تێکرد و کەوتنە پاڵپشتیکردنی ئەو سەرهەڵدانە. چوونکە وەک جوڵانەوەی رزگاری نەتەوییان دەبینی.

هاوکات ئەو کەسانە کەوتنە بوژانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێندی کاریشیان کرد. بەڵام کاتێک ناوەندی ئەمنیەتی حکومەتی پاشایەتی ئێران ناسراو بە ساواک دەستی بەسەر رێبەرایەتی جوڵانەوەی باشور دا گرت، شۆڕشگێرانی رۆژهەڵاتی کەوتنە بەر رق و هێرشی سەرکردایەتی شۆڕشی باشور کە ئەوکات لە ژێر فەرمانی مەلامستەفا بارزانی دا بو. کێشەیەکی گەورە کەوتە ناوبەری سەرکردایەتی و کادر و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و تا ئەندازەیەک پەرتەوازە بون و لێکدابڕان کەوتە ناویانەوە. لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو لە چێکو وسلواکی ڕا گەرایەوە ئێراق کە چەند ساڵ دەبو لە سەر داوای مەلا مستەفا بارزنی لە ئێراق وەدەر نرابو.

دوکتور قاسملو کەوتە هەوڵدان بۆ یەکخستنەوی ناوماڵی دیموکرات و رزگار کردنی لە ژێر دەست و دەسەڵاتی مستەفا بارزانی و کەوتە پێوەندیگرتن لەگەڵ کۆمەڵێک لە کادەرکانی حیزب و سەرئەنجام سەرەتا کۆبوونەوەیەک بەناوی کونفرانسی سێ و پاشتر لە ساڵی ١٩٧٣ دا کونگرەی ٣ی حیزب گیرا و ئەوجا بەرنامە و ئەساسنامەی بۆ نوسرا کە پێشتر دوکتور قاسملو ئامادەی کردبوو و لە کونگرەدا پەسەند کرا و ناوی حیزب بو بە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" واتا لەوکاتەوە وشەی ئێران بە ناوی ئەو حیزبە ئیزافەکرا.

٧٠ ساڵ بە سەر دامەزاندنی کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا تێدەپەڕوە. ئیستا رۆژهەڵاتی کوردستان لە دژوارترین هەلومەرجی سیاسی، سەربازی، ئابوری، کۆمەڵایەتی خۆیدایە. ئەوانەی خۆیان بە میراتگری کۆمار و حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەزانن لە دوو ئوردوگای نزیک لەیەک دور لە رۆژهەڵاتی کوردستان بونەتە دوو بەش و هەر دوو بەشەکەش خۆیان بە خاوەن و میراتگری کۆمار و حیزبی دیموکرات دەناسێنن.

کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکرات لەسەر بنەمای یەکیەتی و هاوخەباتی دامەزران، بەڵام حیزبەکانی ئێستە لەسەر بنەمای هەڵبران، لێکدابران و یەکتر قەبوڵ وتەحەمول نەکردن کار دەکەن.

کۆمار و حیزبی دیموکرات لەسەر بنەمای بڕوا بە کوردستانی گەورە و یەک نیشتمانی( پەیمانی داڵانپەڕ) دامەزران بەڵام حیزبەکانی ئێستا کە خۆیان بە میراتگری کۆمار ئەزانن، ڕێک پێچەوانەی ئەوە دەجوڵێنەوە و کار دەکەن.

وەک پێشتر ئیشارەی پێکرا، کۆماری کوردستان خاوەن ئاڵای تایبەت بە خۆی و حیزبی دیموکراتی کوردستان خاوەن بەرنامەی سەربەخۆییخوازی کوردستانی و ئارم و سیمبولی تایبەت بە خۆی بو، بەڵام ئەمرۆ ئاڵاکە فەراموشکراوە و هەرچی پارتی و مەسعوود بارزانی قەبووڵی بێ، دیموکراتەکانیش قەبووڵیانە. بۆ نموونە لە بینایەک کە ناوی قازی محەممەدی لەسەر دانراوە، ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری داگیرکەری ئیسلامی ئێران جێژن دەگیردرێ و ئاڵای ئەو وڵاتە و وێنەی

خومەینی بەرزدەکرێتەوە و مارشی نگریسی کۆماری ئیسلامی لێدەدرێت. بەڵام وەک دەبینین، ئەم کردارە نائەخلاقیەی دەسەڵاتی باشوور، لەلایەن هیچکام لە لەتەکانی حیزبی دێموکرات ئیعترازی پێ ناکرێت.

من لەوباوەڕەدام کە هەردوو لەتی دیموکراتەکان خاوەن کەمترین سەربەخۆیی و بڕیاردانی سیاسی و سەربازی خۆیانن و ئێستە ئیتر تورکیە بە دوستی کورد ئەزانن و پارتی دیموکراتی بارزانی هەر سازێکیان بۆ لێدا بە باشترین شێوە بوی هەڵدەپەڕن و لە هیچ دژایەتیکردنێکی جوڵانەوی باکور ناپرینگێنەوە.

لە کۆماری کوردستاندا، مستەفا بارزانی میوان نەبو بەڵکو خاوەن ماڵ بو و پێشەوا و هەڤاڵەکانی سەریان چوە سەردار، بەڵام ئەوانیان بە بێگانە ناو نەبرد. بەڵام کاتێک مستەفا بارزانی بو بە دەسەڵاتدار و لە پێناو مانەوەی خۆی دا، کادرە شورشگێرەکانی روژهەلات کە ئەندامی حیزبی دیموکرات بون تێرور دەکرد و جەنازەکانیانی ئەخستە سەر دار و تەحویلی رێژیمی داگیرکەری ئێرانی ئەدانەوە (نموونە سولەیمانی موعینی). ئەمرۆش میراتگرانی مەلا مستەفا، هەر دوو دیموکراتەکەیان وها لە مەنگەنە ناوە کە ناوێرن لە "کولەکەی تەڕ"یشدا بانگ بدەن.

٧٠ساڵ دوای دامەزارندنی کۆمار، واتا لە دووی رێبەنداندا، هەر دوو حیزبی دیموکرات ئەو رۆژە بە بیر دێننەوە و شانازی پێوە ئەکەن، کەچی ئەو کۆمارە جوانەمەرگەیان وها روت کردوەتەوە روی نیە لە هیچ کۆێ دەرکەوێ و نایەوێ بەمشیوەیە بۆ بانگەشە و خو دەرخستن و پارە پەیدا کردن وەدەری خەن. ئێستە ئیتر یادکردنەوەی کۆماری کوردستان بوەتە سەرچاوەی داهات بۆ کۆمەڵە خەڵکێک و هۆکاری شایی و هەڵپەڕین بۆ ئەوانیتر و ئەوەی گرینگی پێنادرێ، پەیام و ئامانج و ستراتیژی و دروشم و خواستەکانی کۆمارە.

ئەوەی ئێستە هەیە هیچ پێوەندی بە کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نیە و تا ئەو کاتەی ئەم دوو باڵەی دیموکرات ئاوا بێ منەتانە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و شەخسی دا، کۆمار و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکار بێنن، هەر لە و ئوردوگایانە دا دەمێنەوە و ئوردوگاکانیشتان بچوکتر دەبێتیەوە و هێدی هیدی ئەبێ لە لاپەرەکانی مێژوو دا بخوێنیەوە کە فلانە کەسیش وەک ئەحمەد توفیق بێ سەروشوین کرا و ئەو کادرە ئازایەش وەک سولەیمانی موعینی تێرور کرا و جەنازەکەیان فرێ دا.

کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکی ناسک و دژوارا دامەزران و ئەوەش نێشانەی ئێرادە و بڕوا بە خۆبون و جەسارەتی پێشەوا و سەرکردەکانی ئەو کاتی کۆمەڵەی ژێکاف(دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان) نیشان ئەدات، ئایا ئەو دوو حیزبی دیموکراتەی ئێستا لەوە تێدەگەن و بڕوایان بە راسپاردەکانی پێشەوا و حیزبەکەی و

ئامانجەکانی ماوە؟ یا هەمووی قوربانیی دەسەڵاتێکی بچووک ناو ئوردووگاکانیان و ژێرچەپۆکەیی دەسەڵاتی باشوورٍ ئەکەن؟ حیزبی دیموکرات بەگشتی دوو ڕێگەی لە پێشە، یا گەڕانەوە بۆ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، یا درێژەدانی ئەم هەڵوێست و هەلومەرجەی ئێستا.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندان ٢٠١٦**

---

## تێروری دوکتور قاسملوو تێروری بیرمەندێکی دێموکراسیخواز.



**زۆر جار بیر لە تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەکەمەوە و بە دوای وەڵامێک دا وێڵم.**

**بۆچی دوکتور قاسملوو لە هۆدەیەکدا لەگەڵ چەند کەسی نەناسراوا دانیشت و تێرۆر کرا؟**

ئەمە سەرەتای پرسیارەکانە و ورووژاندنێکی بەرفراوانی بەدواوەیە. ئەو کەسانەی دوکتور قاسملو ئەناسن یان لەسەر ئەو بیرمەندە کوردە شتیان خوێندوەتەوە ئەزانن کە قاسملوو مرۆڤێکی زیرەک، شارەزای بوارەکانی کۆمەڵناسی، سیاسەت و دیپلۆماسی بووە، ئەو باش ئەیزانی کە نابێ لەگەڵ کەسانی نەناسراوا دانیشێ و وتووێژ بکات بەڵام لەوەش شارەزا بوو کە سەرەتای هەر دانیشتنێک ئەویش بۆ باسکردن لەسەر کێشەی کورد پێویستیی بە دڵفراوانی و وردکردنەوە هەیە.

بەداخەوە دوکتور قاسملوو کەوتە داوی ئەو قەوڵ و قەرارانە کە پێی درابوون و بڕوای وابوو کە سەرۆککۆماری ئەو کاتەی ئێران هاشمیی ڕەفسنجانی لە فکری گۆڕانکاریدایە و بە شکانی ئێران لە شەڕ لەگەڵ ئێراق و شپرزەیی لایەنی ئابووری و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە ئەیانەوێ کوردەکان ئاشت بکەنەوە و بەوجۆرە هێز و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

دوکتور قاسملو هەڵبژێردرابوو کە تێرۆر بکرێ و هیوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕووخێ و ئەوەش ڕووداوەکانی دوای ئەو تێرورە بە باشی دەریانخست کە ئەگەر دوکتور قاسملوو تێرور نەکرایە هەلومەرجی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەوجۆرە نەدەبوو کە ئێستا هەیە.

دوکتور قاسملوو گرنگیی زۆری بە سەربەخۆیی سیاسی و ئیخلاق لە سیاسەتدا ئەدا و ئامادە نەبوو پاشەکشە لە پرەنسیپەکانی بکات و بەردەوام هەموو کێشە و چارەسەرییەکانی ئەگەڕاندەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی و، ئامادە نەبوو لە پێناو بەرژەوەندیی کاتیی خۆی یان حیزبەکەیدا بەرژەوەندیی گەل بکاتە قوربانی.

لەکەس شاراوە نیە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێوەندی لە نێوان حیزبی بەعسی عیراق و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە و حیزبی دیموکرات لە ئیمکاناتی ئێراق کەڵکی وەرگرتوە. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نامەیەکی ڕەسمیی دوکتور قاسملوو نادۆزرێتەوە کە بۆ سەدام حسەین یان حیزبی بەعسی ناردبێ و پیرۆزبایی بۆنە تایبەتی‌یەکانی لێکردبن. ئەوە بەڕواڵەت ئاسانە بەڵام لەڕاستی‌دا ئەوە سیاسەتکردنە بە تێگەیشتنی واقع و واقع بەڕێوەبردنی بەرپرسیارەتی و بەرپرسیاربوون لە ئاست دواڕۆژ و دواڕۆژ خوێندنەوەیە.

دوکتور قاسملوو تەنیا لە کوردستان و دەوروبەردا بە دوای دوستپەیداکردن بۆ کورد و کێشەکەیدا نەبوو، بەڵکوو هەوڵی ئەدا لە ئاستی ناونەتەوەیی‌دا کورد و کێشەکەی بداتە ناساندن و شیکردنەوەی لەوبوارەدا هەبوو.

دیارە هێندێ کەس هەن کە کەسایەتی‌یەکی کاریسمای ئاکادیمی و زانستی‌یان هەیە و خۆیان لەو بەرپرسیارەتی‌یەی کە هەیانە گەورەترن و هێندێ کەسی دیکەش هەن بە پێچەوانەوە لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتی یەی کە هەیانە زۆر بچووکترن و وەڵامدرەوە نین.

دوکتور قاسملوو لەو کەسانە بوو کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە سکرتێری ئەو حیزبە گەورەتر بوو.

دوکتور قاسملوو هەم کەسایەتی‌یەکی ئێرانی و جیهانیی هەبوو هەم ڕێبەرێکی ناسراوی جووڵانەوەیەکی نۆێخواز و دیموکراسی‌خواز بوو لە ناوچەیەکدا کە ئێستاش بەو چەمکانە نامۆیە.

دوکتور قاسملوو لە بەرنامەی حیزبەکەیدا گونجاندی کە ژن و پیاو بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن و باسی لە بەرابەریی مافی ژن و پیاو ئەکرد. هەر دوکتور قاسملووش بو کە دژی فەردپەرستی و سەرەڕۆیی و بێ‌پرەنیسپی و ڕەشەکوژی بوو.

**ساڵی ١٩٨٣ دوکتور قاسملوو لە دەورەی پەروەردەیێی گرووپێک لە کادەرکاندا دەڵێ:** نەوەی ئێمە نەوەی خودموختاری بوو، بەڵام هیچ بە دووری نازانم کە نەوەی داهاتوو نەوەی سەربەخۆیی بێ.

کە واتە دوکتور قاسملوو زۆر لە پێشەوەی ڕووداوەکانەوە بوو و بە وردکردنەوە و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردن لە ئەمری واقع دەگەیشت و پێشنیاری تایبەتیی خۆشی هەبوو. ئەو باش ئەیزانی کە کورد دەبێ بۆ خەباتێکی دوورودرێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆی ئامادە بکات و هەر بەو پێیەش بەردەوام باسی ئەوەی ئەکرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سیستەمە و دەبێ ئێمەش بە وردی و بەرنامە و تێگەیشتنەوە لەهەمبەر ئەوسیستەمەدا ڕاوەستین.

ئەکرێ بڵێم دوکتور قاسملوو پیاوی سەدە بوو، بەو واتایە کە هەر سەد ساڵ جارێ مرۆڤێک پەیدا دەبێ کە سەرکێشیی جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازی، کۆمەڵاتی، سیاسی، ئابووری و... ئەکا و بە بیر و هزری خۆی هەوڵی گوڕانکاری و وەرچەرخان ئەدات.

بە باوەڕی من دوکتور قاسملوو زۆر لەوە زیاتری ئەزانی کە ئێمە لێی تێگەیشتبووین و زۆر لەوە زیاتری ئەتوانی بکات کە بە کردەوە کردی.

دوکتور قاسملوو ئەیتوانی هەوڵی وەرچەرخانێکی نوێ بدات لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، چین یان جیلێکی نوێ پەروەردە بکات بەبێئەوەی ڕیزەکانی حیزب تووشی ئاڵۆزی و لێکدابران ببێ.

دوکتور قاسملو نەک تەنیا دیپلۆمات، سیاسەتمەدار، ئابووریزان و کۆمەڵناس بوو بەڵکوو ئەدیبێکی کوردیزان و کوردیناسێکی بە تەواوی ماناش بوو، ئەو لە نووسیندا بە وردی سەرنجی ئەدایە دەربڕینەکانی و لە دەبڕینەکانیدا پاراویی زمانی کوردی ئەبینرا و ئەبینرێ.

بیست ساڵ بەر لە ئێستا کورد تەنیا سەرۆکی حیزبێکی لە دەست نەدا بەڵکوو کەڵە سیاسەتمەدارێکی بوو بە قوربانی کە ئەیتوانی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کاریگەریی خۆی هەبێ و بە باوەڕی من هەر ئەوەش بووە هۆکار کە بەرلەوەی ئەو سیاسەتە بگۆڕدرێ ئەویان لە نێو برد و لەو تیرۆرەشدا تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی نەبوو بەڵکوو بە گەلەکۆمە و کۆمپلۆیەکی چەند لایەنە بەڕێوە چوو و هیوادارم مرۆڤ بتوانێ ڕۆژێ پەردە لەسەر هەموو لایەنە شاراوەکانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە هەڵداتەوە.

دوکتور قاسملوو سیاسەتی لەسەر بناغەی ئەمری واقع ئەکرد و باش ئەیزانی لە کوێدا چی بڵێ و لە وتندا کامە وشە بەکار بەرێ و لە بەڕێوەبردندا قوناغەکانی لێک ئەکردەوە و لە تەنگانەدا چارەسەری ئەخوڵقان کە بەداخەوە ئێستا ڕیبوارانی ڕێگاکەی لەو شتانە شارەزا نین یان تێناگەن و نایانەوێ هەوڵی لێحاڵیبوونی بدەن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر مرۆڤ بە وردی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو هەڵسەنگێنێ ئەویش وەک هەر مرۆڤ و زانایەکی دیکە خاوەن دوو لایەن بوو. چاک و خراپ، ئەوەندە لایەنی چاکەی دوکتور قاسملوو بە هێزە کە کەم و کوڕییەکانیشی کەمڕەنگ ئەکاتەوە و مرۆڤ بەرەو لای چاکەکانی رادەکێشێ.

یەکەم هەڵەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و زیاتر مەیلی خودموختاریخوازیی بەسەر سیاسەتی حیزبی دیموکراتدا زاڵ کرد و لەگەڵ بیرجیاوازانی خۆیدا بە نەرمی هەڵسوکەوتی نەئەکرد و هەر لە کۆنگرەی سێیەمەوە هەوڵی یەکدەستکردنەوەی حیزبی ئەدا بەپێی ویست و داخوازییەکانی خۆی و لە کونگرەی چوار و شەش و هەشتدا ئەو هەڵانە دووبارە بوونەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە دوکتور قاسملو مرۆڤێکی دیموکرات و ئازادیخواز و دیموکراسیخواز بوو و ئەیتوانی لەگەڵ بیرجیاوازانیدا بە نەرمی و لەسەر ئەساسی پرەنسیپەکانی دیموکراسی هەڵسوکەوت بکات و زیاتر ڕیگای دیالۆگ بگرێتەبەر نەک دەرکردن، کە بەداخەوە ئیستا ئیتر بووەتە کولتوورێک بۆ حیزبەکەی و بەردەوام دووبارە ئەبێتەوە.

**بە گشتی دوکتور قاسملوو دیپلۆمات بوو لە گۆڕەپانی ناونەتەوەییدا، سیاسەتمەدار بوو لە بواری سیاسەت و، ڕیبەر بوو لە بەڕیوەبەریدا.**

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوکتور قاسملوویان باش ئەناسی و لێی ترسابوون کە بتوانێ لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و نێوخۆییدا کاریگەرییەکی باشی هەبێ و بێگومان نەک تەنیا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەڵکوو، دڵنیام سەرجەم گەلانی ئێرانی بە سەرۆکیان قەبوڵ بوو و ئامادەبوون دەنگی بۆ بدەن ئەگەر لە ئێران دا وەرچەرخانێک بهاتایەتە ئاراوە.

بیست ساڵ دوای ئەو تێروره نارەوایە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیانتوانیوە شرۆڤەیەکی زانستییانەیان لەو ڕێبەرەیان هەبێ و لە پەیامەکانی تێنەگیشتوون و لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان دا کەمکار و خەمساردن.

**هیوادارم لە یادی بیستەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەردوو لاباڵەکەی حیزب یەک بگرنەوە و بە ڕۆحی بەرخوەدان بۆ کوردان یەک بگرن و واز لە بەرژەوەندیی بچووکی خۆیان بێنن لە پێناو بەرژەوەندیی بەرزی گەلدا و هەر ئەوەشە پەیامی دوکتور قاسملوو.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩

## دوکتور سادق شەرفکەندی بە تەنیا حیزبێک بوو،

ئەو کاتەی کە هەڵەبجە بوردومانی شیمیایی کرا و بە هەزاران کورد بوونە قوربانی ئەو کردەوە سامناکە، نێزیک ۸۰۰ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی مەڵبەندەکانی ۱ و ۲ و هیزەکانی بۆکان و شاهو لە دەڤەری هەورامان بوون و کەوتبونە ڕەوشیکی زۆر مەترسیدارەوە.

ئەو کاتە دەبوو ئەو هێزانە یان دەربازی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراق ببن یان بە شەڕی مان و نەمان خۆیان بگەینە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوەش زۆر ئاستەم بوو لەبەر ئەوە حیزب تازە کونگرەی هەشتەمی گرتبوو و ناکوکیە ناوخۆیەکان پەرەیان سەند بوو. هەروەها دەبوو هەموو هیز و ناوەندەکان دوای ئەو کونگرەیە و وەک کونگرەکانی دیکە نوژەن بکرینەوە و هیندێ گۆرانکاری پێک بێنن و لەگەڵ خۆ ڕیکخستن و وردکردنەوەی بارودۆخی ئەو کاتە بگەڕینەوە ناوچەکانی خۆیان.

لە ئەنجامی پێوەندیە چڕ وپڕەکانی دوکتور قاسملو و دوکتور سەعید بە هیزەکانی باوشوری کوردستان و ئەو تێکۆشانە بێوچانەی کاک حەمە نەزیف قادری ئەندامی ئەو کاتی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەڵبەندی ۲ی حیزب و چەند کەسی دیکە دا سەرجەم ئەو هێزە گیرخواردوە ڕزگاری بوو کە لە دوا کاتەکانی گەیشتنیان بە پێگەکانی سپاسی عیراق، مام برزو میتران کەوتە سەر میندا و قاچیکی پەڕی.

شوێنی مانەوەی ئێمە کە ئەو کات منیش لە مەڵبەندی دوو دا بوم سینەمۆکی لە بناری قەندیل بوو. دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەو شوێنە نوێیەدا چەند کەس چوین بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب و لەوێوە بریار وا بو چاومان بەدوکتور سەعید بکەوێ.

لەگەڵ سەید ئەحمەد حوسەینی کە تازە ببوە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، عەلی ئەشرەف مەجیدی فەرماندەری هیزەکانی پاراستنی دەفتەری سیاسی و شەهید ئیقباڵ بیگی ئەندامی کومیتەی شارستانی سەقز دا بەرەو شۆێنی کار کردنی دوکتور ڕۆشتین.

کاک دوکتور خەریکی نوسینی بابەتیکێ ڕادیوی بو. من لە پێشەوە چوم و لە دەرگام دا، وتی فەرموو، بەردوامیش بو لە نوسین، وتم کاک دوکتور ببورە ئەتوانین بینە لای بەڕیزت، سەری بەرز کردەوە، کە منی بینی بە پەلە کاغەزو قەلەمەکەی

دانا و هەستا هات بەرەو ڕووم، بە گەرمی لە ئامێزی گرتم و وتی وەرە ژووری، وتم با بانگی ئەوانی دیکەش بکەم.

لە دیوی ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێرانا دانیشتین، کاک دوکتور بە گەرمی و هەستێکی پڕ لە خۆشەویستیەوە قسەی لەگەڵ ئەکردین و پرسیاری ئەو ڕۆژانەی گەماوری ئەکرد و بە پێکەنیەوە وتی، ئێوە شەهیدانی زیندوون.

دواتر لە کاک ڕەحیم و ئەوانم بێستەوە، ئەو کات لە ناوەندی بیسیمی حیزب کاریان ئەکرد کە کاک دوکتور سەعید ئەو چەند رۆژو شەوە یەک چرکەش ئیسراحەتی نەکردوە و بیست و چوار سەعاتە لە هەوڵی ئەوەدا بووە ڕیگەچارەیەک بۆ دەرباز بونی ئەو هیزە پێشمەرگیە بدوزێتەوە.

بێگومان هەموو کاتێ باسی کار وچالاکی و ماندووی نەناسی کاک دوکتور سەعید ئەکرا بەڵام کاتێک دوای کونگرەی هەشت بۆ ماوەیەک چومە بێسیمی دەبیرخانە و لەوێ کارم کرد نەم ئەزانی چالاکی و ماندوی نەناسی و سادە بون و سادە ژیان و شەونخونیەکانی دوکتور سەعید کامانەن.

لەبەر ئەوە بێسیمی دەبیرخانە و ڕادیو دەنگی کوردستان و دەبیرخانە لە لای یەکەوە بون، زۆر جار بۆ خوارندنەوەی چای ئەچومە لای کاک تەها عەتیقی (کە بەداخەوە ماوەیەک بەر لە ئێستە کۆچی دوای کرد) لەگەل خاتو خەجیج و کاک ئەحمەد شیربەگی و ئەوانیتر کە کاک دوکتوریش بە زوری لەوێ ئەبوو.

لەو کاتانە دا گەورەی و توانایەکانی کاک دوکتور سەعیدم ناسی. هاوکات کە لەگەڵ ئێمە دا قسەی ئەکرد خەریکی نوسین و خوێندنەوە بوو و هێندێ جاریش چای بۆ ئێمە تێ دەکرد کە خەریکی یارکردنی تاوڵە ئەبوین.لە ڕاستیدا دوکتور سەعید لە کار دا سەرۆک و لە ژیاندا هاوڕێ و هەڤاڵ و پێشمەرگەیەکی بێ فیز و دڵفراوان بوو.

ئێمە کاتژمێر ١١ی شەو دواین پیوەندیەکانمان لەگەڵ ناوەند و مەڵبەندەکانی حیزب دا ئەگرت و بەیانیش کاتژمێر ٧ یەکەم پیوەندی.

تا ئەخەوتم ئەبووە کاتژمێر ١٢ی شەو، ئەمبینی چرای ماڵەکەی کاک دوکتور سەعید داگیرساوە و خەریکی نوسین و خوێندنەوەیە و بەیانیش کە لەخەو هەڵئەسام ئەمبینی لەوبەرەوە لە لای ڕادیوە دیتەوە.

لەوانەی کە لەوێ کاریان ئەکرد بیستم کە کاک دوکتور سەعید زور بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە لە ٥ سەعات زیاتر بخەوەی

و بەردەوام لە کار وتێکۆشان دایە.

ئەوەی سەرنج ڕاکێش بوو ئەوە بو کە کاک دوکتور سەعید بەر لە هەموو کەس هەڵدەستا لە خەو، بەر لە هەموو کەس نانی ئەخوارد و ئەچووە سەر کارەکەی و دوای هەموو کەس ئیسراحەتی ئەکرد.

ڕۆژێک لەگەڵ کاک عەلی ئەشرەف مەجیدیا پیاسەمان ئەکرد دیتمان یەکێک لە بناری شاخەکەی پشتسەر دەفتەری سیاسیەوە بە دەس ڕاوەشاندن بەرەوخوار دێت. پێمان سەیر بو، ئاخر ئەوکاتە بێجگە لە ئێمە کەسی دیکە لەوێ نەبو و گوندەکان چۆڵکرابوون.

**ئێمە دەمانچەیەکمان پێبوو، کاک عەلی وتی:** با بوەستین بزانین ئەمە کێە و بێسیمە دەستیەکەشی داگیرساند کە لەگەڵ پێگەکانی نێزیک ئێمە دا قسە بکات. کە نیزیک بووەوە دیتمان ئەوە کاک دوکتور سەعیدە. پێمان سەیر بوو.

**چوینە پێشوازی و کاک عەلی وتی:** کاک دوکتور لێرە چی ئەکەی بۆ نەتوت دوو پێشمەرگەت لەگەڵا بنێرم، چۆنە بە تەنیا و بێ چەک لەم بنارەدا ئەگەڕیی. بزەیەکی دایە ڕوی کاک عەلیدا وتی: پاشنیوەڕوان کاتێک شتێکی تایبەتم نەبێ ئەنجامی بدەم پیاسەیەکی ئەم ناوە ئەکەم ،ئەم سروشتە زور جوانە، کوردستان وەڵاتێکی تایبەتە ،حەز ئەکەم بە ئیسراحەت بەم سروشتە دا بگەڕیم.

**بە قسە کردن هاتینەوە لای ماڵەکەی کاک دوکتور. وتی:** وەرن بچینە لای من، بانگی موهەندس خەیاتیش ئەکەین یاری شەترنج بکەین.

من چوم موهەندس خەیاتیم هێنا و کە گەڕامەوە کاک عەلی دانیشتوبو وکاک دوکتور خەریکی چا لێنان بو، وتم کاک دوکتور لێگەڕێ بۆ من، وتی: نا نابێ بچن دانیشن.

**بەڕاستی دوکتور سەعید تایبەت بو. پێشمەرگە، کادر، ڕیبەر، ئاکادیمیسیەن، نوسەر، ڕوشنبیر، کوردی ڕەسەن، کوردیزان و مروڤێکی سادە و بەرز بوو.**

لەگەڵ کاک عەلی ئەشرەفا گەڕاینەوە بۆ بنکەی هێزی سامرەند کە پاریزگاری بنکەکانی دەفتەری سیاسی و کاک عەلی ئەشرەف فەرماندەیان بوو، لە ڕیدا باسی ئەوەم کرد کە دەبێ کارێکی وابکەین کاک دوکتور سەعید ئەوەندە بە تەنیا

نەگەڕێ. کاک عەلی وتی: ڕاستە کاک دوکتور قاسملو سکرتێری گشتی حیزبە بەڵام کاک دوکتور سەعید بە تەنیا حیزبە.

ئێستە کە دوای زیاتر لە بیست ساڵ لە ساڵڕۆژی تێروری میکونوس دا دانیشوتم و ئەو یادە بەرزە ڕادەگرم، ئەو قسەیەم وەبیر دێتەوە و پێم وایە سەد لە سەد کاک عەلی ئەشرەف مەجیدی ڕاستی دەوت، هەر بەڕاستی دوکتور سەعید بەتەنیا حیزبیک بوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

---

## هەڵویستێک لە لوتکەدا.



من هیچ شازانی بەوەوە ناکەم کە بندەستم، بەڵام لە پێناو مانەوە و ڕزگاری و بۆ گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری و شکاندنی نیلی بندەستی دا گەلێک روداوی مێژووی هەیە کەوا شانازیبیان پێوە بکەم.

پێم وایە ئەگەر نەتەوەی کورد خاوەن یەکیەتی و پێشڕەوی جەسوور و بە بەرنامە بوایە ئەوا هەتا ئیستا بێ ناسنامە نەدەمایەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو کەمو کوڕیەکان ئێمە خاوەن گەلێک شانازین، لە نیو ئەم نەتەوەیەی ئێمە دا دەیان و سەدان مروڤی خاوەن هەڵوێست و فیداکای هەبوون و هەن کە توانیویانە بە شێوەیەک لە شێوەکان جێگەیان لە مێژوو دا بپارێزرێ و بونەتە هێزی پاراستنی مانەوەی نەتەوەکەیان.

هەتا ئێستاش هەر کاتێک کە بیر لە تێکستی کورتە چیروکی "شێرە ژن"ی کتێبی پاشەرۆکی ماموستا هێمن دەکەمەوە هەموو گیانم دێتە هەژان و تەزویەک لە نوکی پێمەوە هەتا تەپڵی سەرم ئەم تەزێنێ.

**به کورتی ئەمە ناوەروکەکەیەتی:**

دوای تێکشکانی کۆماری کوردستان، پێشەنگەکانی ئەو کۆمارە لە لایەن دەسەڵاتدارە داگیرکەرە ئێرانیەکانەوە ئێعدام کران. پۆلێک لەو شورشگێرانە لە شاری سەقز لە لایەن ئەرتەشی داگیرکەری پاشایەتیەوە دوای مەحکەمەیەکی ڕواڵەتی و نادادپەروەرانە لە دار دران و بڕیارەکەش ئەوە بو کە بۆ چاوترساندنی خەڵک دەبێ ئەو جەنازانە چەند شەو و رۆژ لە دارەوە بن.

دایکی ئەو سەرداره لە دار دراوانە دیت و ئەیەوی جەنازەی رۆڵەکانی وەرگرێتەوە.

**گونای خۆی ئەڕنێ و لە خۆینی سەر رومەتی لیوی کوڕە شەهیدەکانی سوور ئەکات و ئەڵێ:** مروڤی مردوو خۆێنی نامێنێ و رومەتی سپی دەبێتەوە، بۆ ئەوە دوژمن وا تێنەگا کە کوڕەکانم لە مردن ترساون، لیویان بە خۆێنی خۆم سوور ئەکەم.

ئەمە تەنیا ئاوا بە کورتی ئاسانە باس بکرێ، بەڵام ئەگەر بە ناوەروکی هەڵوێست و بڕیار و جەسارەت و فیداکاری و هەست و تێگەیشتنی ئەو دایکە دا شوڕ بینەوە و وردی کەینەوە و لایەنە جوراجورەکانی بخەینە بەر باس، ئەوا بۆمان دەر ئەکەوێ کە هۆکاری نەتوانەوەی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەکانی دیکەی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە جیرانی کورد بون و وەک ئێمە روبەڕوی داگیرکاری و تواندنەوە و ئینکار کردن بونەوە و تێدا چون، نەتواوەتەوە و خۆی پاراستوە بونی دایکانی ئاوا بە جەسارەت بووە.

کاتێک لە شورشا بوین رویداوە کە کاتێک هەواڵی شەهید بوونی شوڕشگێڕیک بە بنەماڵەکەی دراوە، دایکی ئەو شەهیدە داوای لە کوڕەکەی دیکەی کردوە کە چەکی براکەی بکاتە شانی. هەر ئاوا نوسینی ئەم شتانە ئاسانە بەڵام ئەگەر لە قوڵایی ناخەوە لەم هەڵوێستانە بڕوانین ئەوا لە گەورەیی و گرینگی ئەو بڕیارانە تێدەگەین.

من خۆم دایە ئامینەم لە نیزیکەوە ئەناسی. دایە ئامینە ٣ کوڕی هەبوو، هەر توزێک دوای داگیر کردنەوەی شاری سنە لە لایەن داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە یەکێک لە کوڕەکانی شەهید بوو، کەچی دایە ئامینە خۆی و دوو کوڕی دیکەی بوونە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕاتی کورستانی ئێران و دواتر یەکێکیتر لە کوڕەکانی شەهید و ئەویتریان نیوە شەهید بوو، بەڵام دایە ئامینە قەت وڕەی بەر نەدا. هیوادارم ئەم بەسەرهاتە بکەمە کورتە چیروکێک.
لەم نوسینەمدا مەقالە و شروڤە نانوسم و ئەمەوێ تەنیا ئاسایێ و لە دڵەوە ئەم ڕەستانە بنوسمەوە و ئامانجم دەربڕینی ئەو هەڵوێستانەیە کە لە لوتکە دان.
چەند رۆژێکە کتێبی ئەزمون و خەبات لە نوسینەوەی بەڕیز کاک هەیاس کاردووم دەست پێکردوە کە بە شێوەی وتوێژ لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و خەباتکاری روژهەڵاتی کوردستان ڕیزدار عەبدوڵا حەسەنزادە(مەلا عەولا) ئامادە و چاپی کردوە.

لە لاپەڕەی ١٠٧ی کتێبی ئەزمون و خەبات دا ئاوا باسی هەڵوێستێکی بەرزی دایکێکی کورد ئەکا. دیارە ڕیزدار حەسەنزادە زوور سادە بەسەر ئەو هەڵویستەدا باز دەدا و لەوانەیە قەت ئەوەندەی پێویستە ئەو هەڵویستەی بەلاوە بەرز نەبوبێ وەک هەیە.

**هەیاس کاردۆ پرسیارێکی ئاوا ئاراستەی ریزدار حەسەنزادە دەکات:**

**هەیاس کاردۆ: یانێ لە راستیدا هیچ پشتیوانەیەکیان نەبوو(مەبەست لە شورشگێرانی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ یان ١٩٦٦ - ١٩٦٧ز) ئەدی ئەو چەک و تەقەمەنی و ئەو شتانەیان چۆن دابین دەکرد؟**

**عەبدوڵا عەسەنزادە:** نا نەیان بوو، ئەو چەک و تەقەمەنی یە کە پێیان بوو لە واقیع دا هەر ئەوە بوو کە پێشتر پێیان بوو. هێندێک دەسکەوتیشیان هەبوو لەو عەمەلیاتانەی کە کردبوویان. چەند"ئیم ١" یان(جۆرە چەکێکە، وەک تفەنگی برنەو وایە، بەڵام "ئیم یەک" هەشت فیشەک ئەخوا و نیوە ئەوتوماتە) لە شەڕەکانی سپی سەنگ و سەرشیوو و ئەوانە گرتبوویانن. چەند قەبزەیەکی دیکەشیان هەبوون. بەڵام ئەو خەباتە شتی سەیر و سەمەرەی تێدا هەبوو کە پێم وایە لە جێگایەکی دیکەدا باسم کردوە. یەکێک لەو پێشمەرگانەی کە وەختی خۆی دەگەڵ سمایلی شەریفزادە شەهید بوون، میرزا محەممەدی شاتمانی بوو. میرزا محەممەدی شاتمانی کوڕی بێوە ژنێک بوو بە ناوی "ئەستێ" یە مەنگوڕ. تفەنگەکەی ئی خۆی بوو. کە ئەو شەهید بوو، پووڵێکیان بۆ دایکی بردبوو و گوتبویان ئەوە پووڵی تفەنگەکەیە. ئەستێیە مەنگوڕ گوتبووی:

ڕوڵە گیان، ئەمن ئەو تفەنگەم بە پووڵی تەشی ڕێسی یە بۆ محەممەدی کڕیوە. ئێوە ڕێگاکەی ئیدامە بدەن دیسان بە تەشی ڕێسی پێنجی دیکەشتان بۆ دەکڕم. پوولەکەی لێ وەر نەگرتبوون.
لە راستیدا ئەمە بەسەرهاتێکی پڕ لە هەست و بەرپرسایەرتی و جەسارەت و ئیرادەیە. ئەمە تەنیا لە چیروکەکاندا روو ئەدەن، بەڵام ئەمە چیروک نیە، ئەمە بەسەرهاتی خەون و خەیاڵی ئەو کەسانە نیە کە بیانەوێ قارەمان دروست بکەن و کار بکەنە سەر هەستی خەڵک، بەڵکو ئەمە دایکانی زاگروس نشینن کەوا روڵەکانیان بە شیری فیداکاری و بەرخوەدان گۆش ئەکەن.

**دایکە ئەستێ، دایکە ئامینە و دایکە مازەڕین و سەدان دایکی دیکەی دایکی کورد بونەتە هەوێنی بەرخوەدان و مانەوە و بەردەوامی ژیان لە کوردستان وگەلی کورد. جێگای خۆیەتی کە لە سەریان بنوسین و ڕیزیان لێ بگرین و سەری ڕیز و خۆشەویستی و پاکی و ئازایەتیان بۆ دانەوێنین.**

**تێبینی:** مازەڕین، دایە ئامینە و دایە ئەستێ، دایکی شەهیدانی ڕیبازی ئازادی نەتەوە و نیشتمانن و رولەکانیان لە ڕیزی خەباتکارانی دیموکرات دا گیانیان بەخت کردوە.

**ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠١٣**

## لەبێدەنگکردنی چەکەکانەوە تا چەکدانان



لە کاتی بەڕێوەچونی جێژنی نەوروز لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان، کە زیاتر لە ملیون و نیویک خەڵک بەشداری بوون، پەیامی بەڕێز ئۆجالان لە لایەن پارلەمانتارانی پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی(BDP)یەوە خوێندرایەوە.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە، سێ گرووپ لە ئەندام پارلەمانە کوردەکانی پارلەمانی تورکیا لە سەر لیستی پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی، سەردانی بەڕێز ئۆجالانیان کرد و لە نێوان قەندیل، ئیمرالی و ئەورووپا دا پردێکی پێوندیان پێک هێنا.

لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٩٩ هەتا ٢٠١٠دا، وەکیلەکانی بەڕیز ئۆجالان سەردانی دوورگەی ئیمرالیان دەکرد و پەیامەکانیان دەگەیاندە رای گشتی و لایەنە پێوەندیدارەکان، هەروەها پەیامەکانی دەرەوەشیان بۆ ئۆجالان دەبرد، بەڵام لەم دوو ساڵەی دواییدا، دەوڵەتی تورکیا پێشی لە چاوپێکەوتنی ئاسایی حەقتانەی بەڕیز ئۆجالان و وەکیلەکانی دەگرت.

لەو ماوەیەدا کە وەکیلەکانی بەرێز ئۆجالان ڕیگەیان پێ نەدەدرا بچنە سەردانی موەکیلەکەیان، نیگەرانی و دوودڵی ئەوە لە لای ڕای گشتی کورد دروست ببوو کە دەسەڵاتدارانی تورکیا مەبەستێکی تایبەتیان هەبێ و بیانەوی زەمینەی لەنیوبردنی فیزیکی بەڕیز ئۆجالان ئامادەبکەن، بەڵام بەگوێرەی ئەو ڕوداوانەی هاتنەئاراوە دەرکەوت کە دەوڵەتی تورکیا لەو ماوەیەدا بەڕەسمی لەچاوپێکەوتن و دانوستان لەگەڵ بەڕیز ئۆجالان دابووە. هێندێ سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە لەو دانیشتن و چاوپێکەوتنانەی نێوان نوێنەری دوڵەتی تورکیا و بەڕیز ئۆجالاندا، نوێنەرانی ئەورووپا و ئامریکاش بەشداربوونە.

ساڵی ٢٠١٠ گریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل، قوناغی شەڕی نوییان ڕاگەیاند و لە ساڵی ٢٠١١ دا ئەو شەڕە گەیشتە ئاستێکی بەرز و ٢٠١٢ باڵادەستی گریلا لەشەڕەکاندا بوو بە ئەمری واقع و نیشانیان دا کە خاوەن هێز و توانای

شەڕ کردن و خۆپاراستنن و توانیویانە لە بەرانبەر تێکنولوژی مودێرن و پێشکەوتوی ناتۆدا خۆیان پێش بخەن و بەرەنگاریان ببنەوە.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا شەڕ گەرم ببوو و هاوکات دانوستان و مەیلی دەوڵەتی تورکیا و ئەرتەش و ناوەندی هەواڵگری ئەو وەڵاتەش بۆ چارەسەری پەرەی سەندبوو. کاتێک ساڵی ٢٠١٢ زینادنیانی سیاسی دوزی "پ ک ک" لە بەندیخانەکانی داگیرکەرانی توركدا مانگرتنیان ڕاگەریاند و مانگرتنهکە پێی نایەقوناغێکی هەستیار، دەسەڵاتدارانی تورکیا توشی شۆک و سەرسوڕمان بوون و ناچارەن پەنایان بردە بەر ئیمرالی و ئەنجامەکەی بوو بەوەی کە ئەو مانگرتنە بەداواکاری بەڕیز ئۆجالان کوتایی پێهات و ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەی کاریگەری ناوبراوی نیشان ئەدا لەئەگەری هەرچەشنە هەنگاوێک بە نیازی چارەسەری کێشەی کورددا.

سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ و لەگەڵ نێزیک بوونەوەی وەرزی بەهار، دەرگای ئیمرالی کرایەوە و ئەوجار سەروکوەزیرانی تورکیا، بێدەنگیەکەی شکاند و ڕایگەیاند کەبۆ گەیشتن بە ڕیگەچارەیەک لەگەڵ بەڕیز ئۆجالاندا لە دانوستان داین.

ئەم پروسەیە کە لە ١٩٩٣وە دەستی پێکردوە بەچەند هەوراز و نشێوێک دا تێپەڕیوە. لە هەموو قوناغەکاندا لایەنگر و دژبەری هەبووە. کەسانێک زور توند بەرەنگاری ئەو پێواژۆیە بوونەتەوە و کەسانێک بە نەرمی و نیوەدوودڵیەوە هەوڵیان داوە لەقوناغەکە تێبگەن.

ئەوەی لە نەوروزی ٢٠١٣ لە ئامەد ڕویدا زور جیاوازترە لە هەموو ئەو قوناغانەی پێشووتر. ئەمجارەیان کورد خاوەن موخاتەب بوون، مێدیای جیهانی بە حەساسیەتەوە چاوەدێری ڕەوشەکەیان ئەکرد، دەوڵەتی تورکیا خوشحاڵی خۆیان لە ڕاگەیاندنی پەیامی بەڕیز ئۆجالان نەدەشاردەوە. قەندیل، ئەورووپا و ئیمرالی لە هاوئاهەنگی دابوون و هەموو لایەکیان بە باشی هەوڵیان ئەدا ڕوڵی خۆیان بە باشی و لە جێ و کاتی گونجاودا بگێڕن.

لە ڕاستیدا ئەمجارەیان پێواژۆیەکی دوو لایەنە، بە تێگەیشتنی قووڵەوە ڕاگەیندراوە کە لەگەڵ خۆیدا گەلێک ئاڵوزی و کێشە دێنێ، بەڵام کوتاییەکەی باش دەبێ و کورد ئەتوانێ سودی لێوەرگرێ.

لە نەوروزی ئامەددا و بە بەشداری زیاتر لە ملیون و نیوێک مروڤی تینووی ئاشتی و ئازادی، پەیامی بەڕیز ئۆجالان وەک توپ لە دنیادا تەقیەوە و هیوایەکی بە ئاشتی و ئازادی دا. ناوبراو ڕایگەیاند کە "کاتی بێدەنگکردنی چەکەکان هاتوە و کورد ئەتوانێ خەباتی ئاشتی و دیموکراتیکی خۆی پێش بخات و ئەمەش کوتای نیە بەڵکوو سەرەتایە".



سەرچاوە
Serchawe

دیارەکەسانێک هەن لەو پەیامە تێگەیشتنی دیکەیان هەیە و دەڵێن ئەوە بەواتای کۆتایی هێنان بە شەڕی چەکداریە. لە ڕاستیدا کورد بە درێژایی مێژوویی خەبات و بەرخودانی خۆی، لە لایەن داگیرکارانەوە فێڵی لێکراوە و وەک مروڤی ماران گەستە لە هەموو گوریسێکی ڕەش و سپی ئەترسێ، بەڵام بە باوەڕی من ئەمجارەیان جیاوازییەکی زۆری هەیە و دەکرێ وەرچەرخانێکی گەورە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بێنێتە ئاراوە کە تێیدا نەک تەنیا کورد، بەڵکوو گەلانی دیکەش بە ئاشتی و ئازادی بگەن.

لە پەیامی بەڕێز ئۆجالان دا باسی چەکدانان نەکراوە بەڵکوو باس لە بێدەنگکردنی چەک کراوە و لە بێدەنگکردنی چەکەوە تا چەکدانان، مەودایەکی زور هەیە. لە لایەکی ترەوە بێدەنگکردنی چەکەکان بۆ گوڕدان بە دانوستانەکان و پێکهێنانی کەش و هەوای یەکتر قەبوڵکردنە و دەبێ دوو لایەنەش بێت و لە قسە و هەڵویستی دەسەڵاتدارانی تورکیاشدا ئەوە هەست پێ دەکرێ.

راستە بەڕیز ئۆجالان داوای کردوە هێزەکانی گریلا خاکی باکوور بەجێ بێڵن، بەڵام ئەو داواکاریە هەر هەمان داواکارییەکەی ساڵی ٢٠٠٠ە کە لە گەریلا کرا. ئەو کاتە هەموو هەنگاوەکان یەکلایەنە بوون و هێزەکانی گەریلا دوای ئەو قوناغە خۆیان بە پەروەردەوە مژوڵ کرد و ئەنجامەکەی لە ٢٠١١ و ٢٠١٢دا بە باشی دەرکەوت. کەوابوو گەریلا چ لەناو خاکی باکوور دا بن یان لە شوێنێکی دیکە ئەرکی خۆیان هەیە و دەبێ بیر لە پەروەردە و قوناغەکانی داهاتوو بکەنەوە.

لە پەیامەکەی بەڕیز ئوجالاندا بە کراوەیی ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو بانگەوازە پێشنیارە نەک فەرمان، واتە ئەوە پلانی چارەسەریە و ئەگەر هەموو لایەنەکان قەبووڵیان بێت ئەوا ئەتوانن بۆ جێبەجێکردن و ڕێککەوتن و پراکتیزەکردنی تێبکۆشن.

هەر خێرا دوای بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی بەڕێز ئۆجالان لە ئامەد، قەندیل وەڵامی دایەوە، ئینجا "رەجەب تەیب ئەردوغان"، سەروکوەزیرانی تورکیا، بە پۆزەتیڤ باسی پەیامەکەی کرد و وەزیری ناوخوی تورکیاش وتی کە زمانی پەیامەکەی ئۆجالان زمانی ئاشتی بوو. دواتر پارلەمانی ئەوروپا و وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، پشتیوانی خۆیان بۆ پێشنیارەکان و پروژەی چارەسەی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا ڕاگەیاند.

شێوەی خەبات لە پارچە جیاوازکانی کوردستاندا تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەر بەشەی کوردستانیش خاوەن تایبەتمەندییەکە. لە باکووری کوردستان گرینگە خەباتی دێمۆکراتیک بەڕیوە بچێ لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵات شەڕی چەکدارانە خۆی فەرز دەکات، لە باشووری وڵات، کورد شەڕی دەستور دەکات بەڵام لە ڕوژئاوای کوردستان شەڕی خۆپاراستن

ئەمری واقعە. شێوازە جیاوازەکانی خەبات و سەرکەوتن لە تێیاندا، گرێدراوی یەکترن و کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکتر دەبێ و کلیلی چارەسەریەکەش باکووری کوردستانە.

گەلی کورد و تەڤگەری ئازادی کوردستان بە ڕێبەرایەتی بەڕیز ئۆجالان ٣٣ ساڵ لەمەوپێش دەستیان دایە چەک بۆ ئەوەی جەستەی سارد و سڕ و توفێندراوی کومەڵگای باکووری کوردستان ڕاچلەکینن و دڕ بە تاریکی شەوەزەنگی ئەقڵی ژەنگ گرتووی فاشیزمی تورک بدەن، بەڵام ئەمڕۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان جوریک لە خۆبەڕیوەبەری ڕانەگەیاندراوی هەیە و ئەکرێ ئەو یەکە بە گوڕانکاری لە یاسای بنچینەیی تورکیادا پەرە بگرێ و گەلی کورد بە مافە دێمۆکراتیکەکانی خۆی بگات.

٣٣ ساڵ لەمەو پاش کاتێک پ ک ک خەباتی سیاسی و پاشان چەکداری دەست پێکرد، زور بە زەحمەت ئەکرا ٣٣ کورد لە دەوری یەکتر و بۆ چالاکی سیاسی و مەدەنی کۆ بکرێنەوە، بەڵام لە نەوروزی ٢٠١٣دا تەنیا لە ئامەد زیاتر لە ملیون و نیوێک خەڵک بە ئالای خۆیان، بە دروشمی خۆیان و بە کولتووری خۆیانەوە کۆبوونەوە و دروشمی ئاشتی و ئازادیان دا و یەک تاقە ئاڵای تورکیاشیان بەرز نەکردەوە. ئەمە ئەو قوناغەیە کە ئیتر کورد بۆ پێشەوە ئەچێ و ئەو پەیامەی بەڕیز ئۆجالانیش بۆ بێدەنگکردنی چەکەکان لەو چوارچێوەیە دایە.

یەکەمجارە خەباتی ئازادی کوردان هەم لە شاخ و هەم لە شار بە یەک ئاراستەدا دەڕوا، هێندێک کەس هەن باس لەوە دەکەن کە ئێمە تەجروبەی تاڵمان هەیە لە وتووێژکردن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا. بۆ وێنە، سمایل ئاغای شکاک، پێشەوا قازی محەمەد، شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزای دێرسیم، شیخ مەحمودی حەفید، مەلامستەفا بارزانی، نوێنەرایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و دواجار بەرەی کوردستانی، هەموو ئەو دانوستانانە شکەستیان خۆاردووە و کورد خەسارەتباری یەکەم بووە.

کاتێک مروڤ لەو دانوستانانە ورد دەبێتەوە بەو ئەنجامە دەگا کە کورد لەو سەردەم و قوناغانەدا تەنیا خاوەن یەک هێز بوە و ئەوەش هێزیکی ناهاوسەنگی چەکدار بووە و سەرکردایەتی ئەو لایەنانە یان ئەو هێزە چەکدارانەش تاکڕەوانە چونەتە سەر کورسی وتووێژەکان و گرینگیان بە دەوروبەرەکەیان نەداوە، بەڵام ئەمڕۆ لە باکووری کوردستان هەم هێزی چەکداری خاوەن ئیرادە، بەرنامە و ڕێکخراو هەیە و هەم هێزی شەقام و گەل کە نمونەی هەرە دوایی، لە ئامەد خۆی نیشان دا. لە لایەکیترەوە هاوفکری و هاوئاهەنگی بەردەوام و ڕاگوڕینەوە هەیە لە نێوان هەموو لایەنەکان دا کە بریتین لە ئیمرالی، قەندیل، شەقام، ئەورووپا و تەنانەت لایەنەکانی دیکەی باشور، باکوور و ڕۆژئاوادا. کەواتە باشترە کە جیاوازیەکان ببینین و ڕاستیەکان وەک خۆی تێبگەین و هەموو لایەک بە یەکگرتنەوە هەوڵی سەرکەوتنی پێواژۆکە بدەین.

بێدەنگکردنی چەکەکان بە واتای چەکدانان نیە و چەکدانانیش بە واتای کوتایی نایەت، ئەمە سەرەتای پێواژۆیەکی ئاستەم بەڵام چارەنووس سازە و بێگومان لە بێدەنگکردنی چەکەکانەوە دەست پێدەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆقەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٣

---

## کورد بە پێچەوانەی گەلان لە کاتی سەرکەوتندا داواکاریەکانی بچوک ئەکاتەوە



ئەقڵی کورد چەقبەستوی سیستەمی سیاسی جیهانی سەردەمی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیە، دیارە کاتێک باس لەو ئەقلە ئەکەم مەبەستم ئەقڵی کلاسیکی حیزب و بەرپرسەکانی ئەو لایەنانەیە کە ناوی خۆیان ناوە حیزب، بەڵام عەشیرەشیان تێپەڕ نەکردوە.

ئەوەی لە رابوردو دا رویداوە دووبارەی ناکەمەوە بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ روو ئەدات وەک ئاوێنەی ئەو رابوردووە دەبینم کە قەت پێداچوونەوەمان بۆی نەکرد و دەرسمان لێ وەرنەگرت و لێی حاڵی نەبووین و بە بێ بەرەنگاری تەسلیمی بوین.

ئێراق شێواوە، کورد گەورەترین هەلی بۆ هەڵکەوتوە کە ببێتە خاوەن هەموو خاکی خۆی لە باشوری کوردستاندا. "دەعبا"یەک بە ناوی داعەش هاتوە کە لە هیچ ناچی لە رەشاییەک نەبێ و کەس نازانی لە ناو ئەو ڕەشایەدا چی هەیە. ئەم رەشایە بە خێرایەکی سەیر دەڕوا و ئەوەی خۆی لێ بپارێزی ئەوا بێگومان سەردەکەوێ.

قسە لەسەر هاتنی داعەش و داگیرکردنی موسڵ و تکریت زوورە، بیرو ڕاکان جیاوازن. ئەوەی شروڤەی ئەم ڕەوشەی پێناکرێ کوردەکانی باشورن و لەسەرەوەی هەموویانەوە بنەماڵەی بارزانی.

**ئەمجارەش وەک ٢٠٠٣ دوو دەنگی جیاواز ئەبیستین.**

**دەنگێک ئەڵی:** ئازادمانکرد، ناگەڕینەوە، مژدە، مژدە و

**دەنگەکەیتر ئەڵێ:** ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەس نیە و داعەش و ماعەش برای ئێمەن و پاراستنی یەکپارچەیی ئێراق گرینگتر لە هەموو شتە.

هەموو گەلان لەکاتی لاوازییدا داواکاریەکانیان کەمترە و کاتێک دەگەنە سەرکەوتن ئەوا داواکانیان ئەچێتە سەر و پاشەکشە ناکەن. کەچی کورد لە کاتی لاوازیی و بێ دەسەڵاتیدا دروشمی گەورە گەورە ئەدات و هۆتاف ئەکێشێ و باسی کوردستانی گەورە ئەکا و سرودە ئاگرینەکان بڵاو ئەکاتەوە و هەڕەشەی خاشەبڕ کردنی داگیر ئەکات، کەچی لەوکاتەدا کە دەگاتە دەسەڵات و خەریکە لایەک بەملادا بکەوێ ئەوا دیسان دروشمەکان بچوک ئەبنەوە، هۆتافەکان سارد و سرودە ئاگرینەکان ئەبنە گورانی دڵداری و داگیرکەری لاواز ئەبێتە براگەورە و کوردستانی گەورە ئەکرێتە قوربانی پاراستنی یەکپارچەیی وەڵاتی داگیرکەر.

لە کاتێک دا زوربەی چاوەدێرانی سیاسی و سەربازی و بەشێکی زۆر لە کاناڵەکانی راگەیاندی جیهانی، باسی مەترسیەکانی داعەش و هەڵوێستی ئازایانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گرینگی بەدەستخستنی هەموو خاکی باشوور ئەکەن، کەس نازانێ ، مەسعود بارزانی، سەروکی ماوە بۆ درێژ کراوی هەرێم، لە کوێیە و دەنگی لێوە نایە، نێچیر بارزانی، سەروک وەزیرانی خۆسەپێنی هەرێم ئەڵێ: بۆ ئێمە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراق گرینگە و مێدیاکانی بنەماڵەی بارزانی فیلمیە کۆنە لە بیرکراوە "کۆری" و "چینیەکان" و یاری مونديال نیشان ئەدەن و ئەوەی بەلایانەوە گرینگ نیە چارەنوسی ئەم نەتەوەیەیە کە هەمو کاتێ ئەوان لە بەر و بومی خوێن و خەباتەکەیان خواردوە.

ئەوەی لە باشوری کوردستانا روو ئەدات زور لە راستیەوە دوورە، ئەو دوو هەڵوێستیە لەلایەک نیشانەی نەبونی ئیرادەیەکی یەکگرتوو و سەربەخۆ و بڕوا بە خۆبون و لە لایەکی دیکەوە چاولەدەستی و بەستراوەیە بە داگیرکەران و لایەنەکانی لایەنگری بێ مافی کوردان.

سەیر لەوەدایە لە کاتێک دا حکومەتی ئێراق لەوپەڕی لەرزوکیدایە و ئەرتەشی ئێراق لە بەردەم ٣٠٠٠ چەکداری داعەش دا توشی گەورەترین شکستی سەربازی بوەتەوە کە هیچ ئەرتەشێکی گەورە و بچوکی ئەم جیهانە بە خۆیەوە نەیدیوە، کەچی دەمپانکردنەوە و خۆ نەواندنەوەی بەرپرسە کوردەکان، جەساەرەتێکی بە عەرەبە رەگەزپەرەستەکان داوە ئا لەو حاڵە شڕەی خۆشیاندا هەڕەشە لە کورد بکەن و سەرانی کوردیش مێشێک میوانیان نیە، لە کاتێکدا دەبوو ئێتسا هەموو وەزیر و گزیر و بەرپرسەکان لە بەغداد بکشایەنەوە و سەروکی ماوە بەسەر چوی باشوری کوردستانیش بریارێکی جیدی دەرکردایە و، بیوتایە ئێمە لایەنی کەس نین ،نە داعەش و نە مالکی، بەڵکو ئێمە خۆمان دەپارێزین و خۆمان بەرێوە دەبەین.

باشترین هەڵوێست لەمکاتەدا پێکهێنانی ناوەندی پاراستنی نەتەوەیی و نیشتمانیە کە هەموو هێزە چەکدارەکانی باشوری کوردستان لە ژێر چەتری خۆیا کۆ کاتەوە و هەوڵ بدەن لەم هەلە کەڵک وەرگرن و کۆمەڵێک چەکی بەکەڵک و تەیارە و هەلیکۆپتەر بخەنە دەستی خۆیان و ئینجا هەموو حیزبەکان واز لە حیزبایەتی بێنن و لە ژێر چەتری ئەو ناوەندەدا هەڵس و کەوت بکەن و هیچکەس مافی ئەوەی نەبێ دەسکەوت و سەرەکەوتنەکان بکاتە موڵکی خۆی یان بچوکیان بکاتەوە.
گرینگە ڕێگە بدرێ پسپۆڕانی سەربازی بەشەکانی دیکەی کوردستان بەشداری ئەم ناوەندە بن و پلانی پاراستنی باشور تۆکمە بکەن و هەموو ببنە خاوەن یەک دەنگ.

هەروەها گرینگە ئێستا لە دەرەوەی کوردستان ، بەتایبەت ئەوروپا و ئامریکا دا ناوەندی نەتەوەیی کوردی بکرێتەوە و لۆبیەکی بەرفراوان وەڕێ بخات بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و هەوڵ بدەن بۆ ئەوە نوێنەریان بچێتە نەتەوە یەکگرتوەکان یان لانی کەم کورد ببێتە خاوەن بنکەیەکی چاوەدێری لە نەتەوەیەکگرتوەکاندا و چاوەدێری هەموو ئەو بڕیارانە بێت سەربارت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەدرێن و جێگەی کوردی تێدا بکاتەوە.

ئێستا کورد ئیمکانی پێک هێنانی ئەو پێشنیارانەی منی هەیە و تەنیا ئیرادەی دەوێ. بە ملیونان کورد لە دەروەی وەڵاتن کە بە سەدان و هەزارانیان ئامادەن لەم پێناوە دا چالاک بن. کورد خاوەن ئابوریەکی باشە، هێڵی ئاسمانی باشوور بە جیهانەوە گرێمان ئەدات و ئەتوانین لە روژئاواشەوە ئەو هێڵە ئاسمانیانە پێک بێین.

ئەوەی گرینگە لە ئێستا دا خوێندنەوەی قوناخەکە، تێگەیشتنی دروست لە پیلانەکان و بە بنەما گرتنی هێز و ئیرادەی کورد و بەشداری هەموو لایەنەکان، هەمو چێن و توێژەکان و هەموو ئیمکاناتەکانە.
کورد لە رەوشێکی باشدایە، خاوەن هێز و سەردەستە لێمەگەڕێن مێژووە گاڵتە جاڕیەکان دووبارە بنەوە و واز لە یەکپارچەیێ و پاشکۆیەتی بێنن.

**ئێراق بە بێ کورد یەکپارچەیی خۆی باشتر ئەپارێزێ و کوردیش بە تەنیا خۆی ئەتوانێ ببێتە یەکپارچە.**

**ئەوەی کورد بچوک بکاتەوە، ئەوەی ئەم هەموو دەرفەتە گەورانە بکاتە قوربانی بەرژەوەندی بچوکی خۆی، بنەماڵەکەی، عەشیرەکەی و حیزبەکەی، ئەوا بێگومانم بەر نەفرەتی مێژوو دەکەوێ. دەبا لە جیاتی نەفرەت و شکەست و سەرشوڕی، شانازی و سەرکەوتن و پاراستنی دەسکەوتەکان بکەینە هەوێنی نوسینەوەی لاپەڕە نویەکانی مێژوو.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١٥ی جوونی ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ خەزانی مەرگی کاک عوسمان ڕەحیمی



ژیان بەردەوامە، لە جێگایەک دەس پێ ئەکا و لە جێگایەک کۆتای پێدێت، لەوێدا کە کۆتای پێدێت دەست پێ دەکاتەوە، لەوێدا کە دەست پێدەکا کۆتایەک ڕو ئەدات. ئەم تەمەنە ئەوەندە بە خێرا بەرەو کۆتایی ئەڕوا کە مرۆڤ سەرەتاکەی لێ حاڵی نابێ.

**ڕەنگە ژیان تەنیا یەک وەرز بێ. لەوانەشە دوو وەرز و هێندێ جار وا هەست ئەکەم هەر چوار وەرزەکەیە.**

لە بەهاری ئەم ژیانە دا بۆنی خۆشی گوڵاڵە سوورە و ڕێحان و بەیبۆن وامان مەست ئەکا، هەڵوەرینی سێ مانگ دواترمان بیر ناکەوێتەوە. ئەو کاتەی کە گەرمای کارو تێکۆشان جەستەمان ماندوو و ئیرادەمان بۆ تەواو کردن دێنێتە جۆش وا تێناگەین کە رۆژێ دا دێ لەو گەرما و لەو کار و هەڵپەیە دا قۆمی ئاوی ساردی بەیان ئەکینە نۆش. پایز وەرزی هەڵوەرین و زستان فەسڵی ساردەوە بونە. ئای چەند ناخۆشە لە بەهاری ئەم تەمەنەدا هەست بە سەرمای زستان و لە هاوینی ئەم ژیانە دا خەم بە گەڵاڕێزانی پایزوە بخۆم.

کات پاییز و مەڵبەند بانەیە، تەمەن لە بەهار و ژیان لە هاوینایە. سروشت ڕوتاوەتەوە و سەردەم بەرەو ساردی دەڕوا. ڕوم لە ماڵێکی بێ هەناوی کورتە باڵای گوندێکی ناو دارستانی کوێستانەکانی ئاربابا کرد. بەرپرسی کومیتەی شارستانی بانە لەوێیە. لە دەرگام دا، گوێم لێبوو وتیان فەرموو، دەرگام کردەوە سەرەتا تاریکای ناوماڵەکە و پاشان چەند تاپۆیەکەم بە دی کرد. ئەوان منیان ئەبینی، زۆر لە مێژ بوو چاویان بە تاریکایەکە کرا بووەوە و بۆ منیش کاتی دەویست تاکو ڕابێم و چووم بکرێتەوە. سەرێکم با دا و لە هەوڵی ئەوەدا بوم کە بزانم ڕوو لە کوێ کەم، دەنگێک لە سەروی ماڵەکەوە وەک ئاوازێکی هێور کەرەوەی ڕوح بەرگوێم کەوت و سەرنجی ڕاکێشام، فەرموو وەر ژورێ بەخێر هاتی.

ڕووم لە دەنگەکە کرد، مەودای ناو ماڵەکە ئەوەندە گەورە نەبوو کە بە ئازادی هەنگاوی تێدا هەڵێنمەوە. چاوم لێبوو کەسێک هەستاوەتە سەر پێ و دەستی بۆ دەست لێدانەوە درێژ کردوە، دوو کەسی دیکەش هەستانە سەر پێ.

دانیشتین چاوم لە بەشدارانی ئەو کۆڕە کرد. بە دیمەن بچکۆلە ئەهاتە بەر چاو کەچی لە هەڵس و کەوت و کردەوەدا بالای تۆزێ بەرزتر لە ئاربابا بوو .

شاخی سەرکێشی ئاربابا بێدەنگ و قایم سەدان ساڵە ڕاوەستاوە و گەلێ ڕێبواری وەک ئەمی لە داوێن و ناوقەدی خۆیا بەڕێ کردوە بەڵام ئەمجارەیان سەری بۆ ئەم دانەواند بوو وەک تاجی سەر شانازی بە خۆی ئەکرد و بەرەو وەنەوشە و سوورێنی ڕائەداشت.

چەند خۆش بوو ئەو کاتەی کە هەستم کرد لەگەڵ کەسێکی گەورەی خاکی و خۆماڵی دا قسە ئەکەم و بە بێ دڵە ڕاوکێ هەناوی خۆم کردوەتەوە.

سەرەتای ئەم دیدارە ئەگەڕێتەوە بۆ ٢٢ ساڵ بەر لە ئێستا و هەروا ئەزانم سەرتایە و بڕوا بە کۆتایەکەی ناکەم. ئەو مرۆڤێکی بە وره بوو، بوونی خۆی وەک هێز ناسیبوو، ناسینی خەڵکی کردبووە پسپۆڕی و پسپۆڕی بەرخۆدان و بەرخۆدانی نیشتمان بوو.

ئێستا نازانم چۆنتان پێ بڵێم، نازانم بە کام وشە درگای ماڵی خەمەکانمتان بۆ بخەمە سەرپشت لە سەر پشتی کام بیرەوەی بەرەو ژوانی ژیانی پڕ لە دەرد و ژان بۆتان بدوێم.

ئێستا ئیتر لە پاییزی ئەم ژیانە پڕ لە داخ و ئاخە دا دڵم وەک ئێوارەی پاییزی وەڵاتی بن دەست زیز و چاوم وەک کانیاوی بەهارانی بناری شاخ پڕ لە ئاو و هەناوم وەک کوورەی داخی کارخانەی کوورەپەزی بەش مەینەتان لە هەڵچون و ڕوحم وەک پەپولە تامەزرۆی گوڵی بیرەوەری دەورانی هەڵپەی ئازادیدایە.

ئێستا ئیتر کات لە لای من ئێوارەیە و ئێوارانیش کاروانی ئێمە بە ناو دڵی تاریکایدا ئەچێتە پێش بۆ ئەوەی چەپکی ڕوناکی لە تەوێڵی گوندی خۆشی نەدیو بدا و بانگی هەستان بە گوێ شارا بچپێنێ.

ئێستا ئیتر من لە دوور و ئەو لە باوەشی خاکی وەڵاتی بریندارا چاوی لێک ناوە. دڵی ڕاوەستاوە بەڵام لێدانی دڵی لەگەڵ

تروسکەی هەسارەکاندا ئەگەر چی کز بەڵام پڕ لە ڕوناکی ئەدرەوشێتەوە و لێ ئەدا، لێ ئەدا تا ئەوکاتەی موسیقای ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەوروزە لە داوێنی ئاربابوە دائەکشێ بۆ ناو شەقامە خۆشی نەدیوەکانی شاری بانە.

چیتان بۆ باس کەم؟ کەمن، ئەوانەی باسیان ئەکەن، ئەکرێ بیری ڕابردوو بکەینەوە بەڵام ناتوانین بە هەمومانەوە یەک چرکەی ڕۆیشتو بگەڕێنینەوە و بگەڕینەوە ئەوکاتەی کە دەستمان پێکرد.

من ئەمجارە تۆێشووم خەم و خەمم گران و گرانی مەرگی بازاڕێکی بێڕوحمم لە کۆشدایە و پێنوسەکەم بە ئازاری لە دەستدانی ڕێبوارێکی نەسرەتووی ئەم سەردەمە ئەلێتەوە و بانگەوازی لێک حاڵی بون ئەکا و داواکاری خۆشەویستی و خۆشویستنە.

ئای چەند ناخۆش بو ئەم خەزانە و ئای چەند بێوادە بوو ئەم پاییزە، ئای چەند ناخوشە ئەم هەواڵە و چەند جەرگبڕە ئەم کۆتای‌یە.

تۆ نامری چاوەکانم لە هەر کوێ بی

لە ژێر خاک و لە ناو گڵکۆ لەگەڵمانی

یادت بەخێر کاک عوسمان ڕەحیمی و ڕێگات ڕێگای یەکگرتنەوە و لێک نێزیک بونەوە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ

## مامۆستا شیخ عیزەدین حوسەینی، ئەو مروڤەی ئێمە درەنگ ناسیمان



ئەرمە بزەیەکی بێگزەی لە سەر لیوەکان بو، هەر کە لەگەڵی دادەنیشتی هەستت ئەکرد مروڤێکە پڕ لە سادەیی، سادەیەکی قووڵ، گومی مەندی پر گەواهێری زانست، زانستی سەردەمیانە و تێکلاوێک لە ئەرک و ماف لە ژیان و باوەڕی و نەتەوەیی بوندا.

ماموستا شیخ عیزەدین حوسەینی کوردێکی بێ غەلوغەش بوو، بە وردی گوێی دەگرت و بێ دوو دڵی و دوو توێی و ڕاست و رەوان وەڵامی پرسیارەکانی ئەدایەوە.

لە بیرمە لە سەردەمی دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەییدا چەند جارێک سەردانمان کرد و لە ئامۆژگاریەکانی کەڵکمان وەردەگرت و ئەویش بێ لایەنگری و دوور لە پێداهەڵگوتن و بە ڕەوانی و راستبێژی و ژێربێژیەوە قسەی دەکرد.

جاریکیان وتم: ماموستا ئێوە بەشێک لە بەرپرسیارەتی خۆتان پێک نەهیناوە، نەدەبوو ببنە لایەنگری هیچ لایەنێک و رەوڵی ئێوە خەباتی نەتەوەیی بوو. بزە ئەرمە گەرمەکی دابە روما و سەرنجێکی پڕ لە واتای دام و وتی: راست ئەکەی، من کەسێکی سیاسی نەبوم بویە توشی کۆمەڵێک هەڵە بوم.

ئەمە یەکەمجار بو لە کەسایەتیەکی کوردی ببیسم ئاوا بە جەسارەتەوە رەخنە لە خۆی بگرێ. بویە بڕوایەکی زورم بە قسەکانی هەبوو. دیارە ماموستا شیخ عێزەدین راوێژکاری باشیشی نەبوو، کۆمەڵە کەسێک دەوریان دابو کە بەرچاو تەنگ و بیرتەسک و تەنانەت بەرژەوەندی خوازیش بون.

ماموستا لە هەموو روداوەکانا لەگەڵ گەلی خویدا بو، خاوەن هەڵویست بوو، بەڵام بەداخەوە لە زور کات و لە زور روداوا کەسانێک یان چەند کەسێک هەبون نەیاندەهێشت وەک خۆی قسە بکات و بیرو و بۆچونەکانی خوی دەربرێ.

روداوێک لە کوردستانا رویدا بوو، چەند کەس یان چەندین کەس تەلەفونیان بۆ کردم و وتیان باش دەبو ئەگەر ماموستا لەمبارەوە قسەیەکی هەبایە. منیش تەلەفونم کرد و دوای چاک و چۆنی، داواکاریەکەم پێڕاگەیاند. بە دلفراوانیەوە پێشنیارەکەی قەبوڵ کرد و بڕیار بو بانگەوازیک بڵاو بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێک زانیم پەشیمانیان کردبویەوە و لە چاوپێکەوتنێکی دیکە دا بە بیرم هێنایەوە، فەرموی: حەق بە تویە.

شێخ عیزەدین حوسەینی رێبەرێک بو کە نەتەوەکەی لێی تێنەگیشتن، حیزبە کوردیەکان لێی حاڵی نەبوون و دەوروبەرەکەی نەیانناسی. دوایین چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی لەگەڵ کاناڵی تەلەفزیونی "بی بی سی" فارسیدا نیشاندەری ئەو راستیەیە. ئەو هەموو ساڵە، مێدیای کوردی، نوسەرانی کورد، ئاکادیمیسیانەکانی کورد نەیانتوانی لە شیخ نێزیک بنەوە و بیر و بۆچونە مروڤدوستانەکانی، سەرەنجە پێشکەوتونخۆازانەکانی بکەنە هەوێنی رەوایەتی تێکۆشانی دیموکراتی و ئازادی و هاوخەباتی نەتەوەیی.

ماموستا بڕوای بە پێکەوە ژیانی گەلان، ئاینەکان، کولتورەکان و کەڵک وەرگرتن لە زانست و جیایی دین لە سیاسەت هەبوو. کەچی لەوکاتە دا پێویست بو ئێمە ماموستا بکەینە میکانیزمی گورگرتنی خەباتی دینموکراتی و ئازادی نەتەوەکەمان، کردیانە ملکی لایەنێک و دواتر پەراویزیان خست و ئیتر هیچکات ئێمە نەمانتوانی لە مروڤی سەد ساڵ کەڵ وەرگرین و ئێستا ئیتر درەنگ بووە.

**ئێمە هێچکات وک پێویست ماموستا شێخ عیزەدین حوسەینی مان نەناسی و وەک پێویست گوێمان لێ نەگرت و وەک پێویست لە کەسایەتی و بیرو بۆچون و هەڵویستەکانی لە پراکتیکدا وردکردنەوەمان نەبوو.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٦

## ڕۆژی شازدەی سەرماوەز ڕۆژی کەم ئەندامان و بیست و شەشی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەیە.

### ئەم دوو ڕۆژە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دیاری کراون.




بێگومان دیاریکردنی ئەم دوو ڕۆژە ئەتوانێ لێکدانەوەی جیاوازی لێبکرێتەوە بەڵام لە یەک وشەدا هەر دوو ڕۆژکە پیرۆزن و ئیتر لێکدانەوەکانیتر دادەنێین بۆ کات و سەردەمی خۆیی.

لە ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردا ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ ئازادی نیشتمانەکەیان گیانیان فیدا کردوە یەکجار زۆرە، هەروەها ئەوانەی کە ئەندام یان چەند ئەندامی لەشی خۆیان پێشکەش کردوە ژمارەیان زۆرە.

ناکرێ لە یەک نوسینا، لە یەک جێگا و لە یەک دەربڕینا باسی ئەو هەمووە مێژووە خوێناویە بگێڕینەوە، بەڵام ئەکرێ بە گێڕانەوەیەکی کورت لاپەڕەیەک لەو خوێن و خەباتە هەڵدەینەوە و ڕێز لەو کەسانە بگرین کە تەنیا کەس نەبوون بەڵکو گشت کەس بوون. دوست بوون، هاوڕێ بوون، هاوخەبات بوون، هەڤاڵ بوون، خەمخۆر بوون و مروڤ بوون بە واتای ڕاستینەی مرۆڤ بوون.

کاتێک بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بەرزی بیرەوەریەکانا بەسەر هەموو ئەوانە دا دێمەوە کە هەبونیان هەبونێکی

ڕاستەقینەی ژیان و ژیانەوەی مرۆڤایەتی بوو، بە خۆم نیە، خەمێکی گەورە بە گەورەیی ئەم کائیناتە دەنیشێتە سەر دڵم و ئیتر هەست ئەکەم ژیان تەنیا ئەوکاتانە خۆش بوو کە هەڤاڵە پێشمەرگە جەسور و پڕ لە جەسارەتەکەت پێی ئەوتی: کاکە تۆ ئەمجارە مەیە، من ئەڕۆم ئەگەر کەمین بوو با ئێوە بە سڵامەتی بپەڕنەوە.

داخۆا خۆشترین کات ئەتوانێ ئەو کاتە پڕ کاتەوە کە هاوڕێی پێشمەرگەکەت بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیەوە بە بێ خۆهەڵکێشان و بە بێ چاوەڕوانی پاداش لەتە نانەکەی خۆی لە بەردەمتا دائەنا و ئەیوت من تێرم ها بیخۆ، لە کاتێکدا ئەو لە من برسیتر بوو.

لە ڕۆژی کەم ئەندامانداا دەیان کەس بە بەرچاوما ڕادەبورن، مرۆڤگەلێکی گەورە، گەورەتر لە ئەستێرەکان. مرۆڤگەلێکی ساف و سادە و دڵ پڕ لە حەز و خۆشەویستی، مرۆڤگەلێکی ئاشق و ئەویندار، بەڵام بۆ نەتەوە و نیشتمان.

لە بیرمە کاتێک برا و دوست و ڕەفیق و هەڤاڵی ئازیزم حامید درودی قاچی لەبەر نەبونی دەرمان و ئیمکانات چڵکی کرد و ئیتر کەڵکی نەمابوو، پێدەکەنی و ئەیوت وا تێمەگەن بە یەک قاچ ناتوانم بێمەوە.

لە بیرمە کاتێک خەلیل بیاری کەوتە سەر مینا و لەبەر ئەوەی هەڤاڵەکانی توشی مەترسی نەبنەوە، چونکە زۆر لە دوژمنەوە نێزیک بوون، هەموو ئازارەکانی لە دەرونیدا سەرکوت کرد و بە بێدەنگی تا ئەو کاتانەی بە تەورێکی تیژ قاچێان لێکردەوە مەتەقی لێوە نەهات.

ئەمانە چیرۆک نین، بەڵکو بیرەورین، لەوانەیە وەک ئەوی هەبووە نەتوانم باسی بکەم بەڵام کەم دەڵێم و ڕاستی دەڵێم.

عەبدوڵا خاتری ناسراو بە عەبە شامراد مرۆڤێکی تایبەت بوو، تایبەت وەک ئەوەی، هاوژین و منداڵەکانی بە هەژاری بە جێهێشت و چەکی پاراستنی نیشتمانی لە شان کرد، لە بەرخوەدانی ئازادی دا یەکەم سەنگەری هەڵدەبژارد، لە پاداشا دواین کەس بوو لە ڕیزدا . بریندار ببوو، قاچێکی وەک پێویست کاری نەدەکرد، دەشەلی. شەلینێکی وا کە جوانتر ئەهاتە پێشچاو، شەلینەکەی بەڵگەی ئازایەتی بوو، بویە کاتێک بە شەلە شەل ڕێگای دەبڕی مرۆڤ هەستی دەکرد کە ژیان، سروشت و کۆمەڵگا قەرزداری ئەون. ئازاری هەبوو، بەڵێ ئازار، ئازاری زۆری هەبوو، کەچی، بزە بێ گزەکەی سەر لێوانی ئەوەندە گەورەی نیشان ئەدا وەک ئەوەی ئەوە مرۆڤێکی برینداری کەم ئەندام نیە بەڵکو چیایەکە و لە جوڵە دایە.


ئەو ئێوارەمە قەت لە بیر ناچێ، ئێوارە نەبوو، لای عەسر و خۆر ئاوا بوو، پێشمەرگەکان ڕۆشتن و لە پرێکا ئەویش وەک

ئەوەی سواری با بوو بێ بە لامان ڕویشت، کاک شاپور فیروزی بانگی کرد عەبە بۆ کوێ، وەرە شێتە تۆ نابێ بچی، تۆ لاقێکت نیە. بەڵام ئەو ئاوڕی نەدایە و بە دەم هەڵهاتنێکی تایبەت بە خۆیەوە بەو لاقە برینداریەوە کە کورت ببویەوە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە وتی: ئەم شەو ئاگر دەبارێ، من ئەچم بۆ خەنەبەندانی ئەستێرەکان. ڕۆژی دوایی کاک سالار کە بە برینداری گەڕایەوە وتی: عەبە شامراو یەکەم ئارپیجی تەقاند، دووهەم گوللەی لە ئارپیچیەکە هاویشت و ویستی دوژمن بکاتە هەدەف، گوللەیەک بەر ناوچاوانی کەوت و ئیتر بێدەنگ لەسەر عەرزەکە درێژ بویەوە و نەمانتوانی بیگەینێ. لەو ڕۆژەوە لە هەموو درێژ کێشانێکا بیر لەوە دەکەمەوە بۆ دەبێ عەبە شامراد لەسەر تەختی نەخۆشخانەیک درێژ بایە و بە چەند عەمەلیاتێک لاقیان بۆ چاک کردایەوەتە و ئەویش بە بێ ئازار مندالە بێ نازەکانی لە باوەش گرتایە.

------

شەڕ لە ڕۆژهەلات و لە باشورا گەرم بوو، کوردەکان بە بێ دەنگی کۆمەڵکوژ دەکران، ئێمە لە دەڤەری باشوری کوردستان لە ناوبەری شەڕی یەکیەتی نیشتمانی و حکومەتی عێراقا خۆمان ئامادەی گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەلات ئەکرد. جێگایەکی تایبەتی حیزب هەبوو ناوی نرا بوو ئاسایشگا و لە نێزیک گوندی گەڕەدێ بوو. ئەوانەی کە بریندار دەبوون و لە نەخوشخانە ئیزن ئەدران تا ئەو کاتەی ماوەی عیلاجەکەیان تەواو دەبوو لەوێ دەمانەوە. ئیتر هەر کە مروڤ دەچووە ئاسایشگا تێکلاوی هەموو ڕۆژهەلاتی کوردستان لە کرماشانەوە تا ماکۆ دەبوو. ئەو سەردەمانە شەڕ لە هەموو کوردستانا گەرم بوو، ئەو بریندارانەی کە ژیانیان ڕزگار دەبوو و بە هەوڵ و هیمەتی هەڤاڵەکانیان دەگیەندرانە نەخوشخانەی بیست وپنجی گەلاوێژ ئیتر خەونەکانیان گەورەتر دەبوو، چونکە ئەو نەخوشخانەیە لە لایەن دوکتورانی بێسنووری فەرانسەویەوە بە هۆی بەرزی و بەڕێزی کەسایەتی دوکتور قاسملووە هاتبوون و خزمەتی بریندارانی شەڕی ئازادی کوردستانیان دەکرد. ئەو کاتە وەک ئێستە دەسەلات و پارە و پۆست وپلە شورشگێڕانی کوردستانی گەندەڵ و ڕەزیل و بچوک نەکردبویەوە، بۆیە لەو نەخوشخانەیەدا پێشمەرگەکانی هەر دوو بەشی کوردستانی ڕۆژهەلات و باشور وەک یەک تیمار دەکران و کەس جیاوازی نەدەکردن و ئەوە لە کاتێکی ئەوەندە هەستیار دا بوو ئەگەر ئاشکرا بایە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی لەو نەخوشخانەیەدا تیمار وەردەگرن ئەوا خوا و حیزب و نەخوشخانەکە پێکەوە تەخت دەکران. تەنانەت شەوێکی درەنگان مام جەلال تاڵەبانیان هێنایە نەخوشخانە و کاک دوکتور قاسملو و کاک دوکتور سەعید بە پەلە هاتنە نەخوشخانە و تا ڕویشتنی مام جەلال لەوێ مانەوە چونکە ئەیانزانی ئەگەر شتێک لە مام جەلال بێت ئەوان ئازار دەچێژن و دوژمن قسەی ناڕاستیان پێدەبێژن.

من لە ئاسایشکا گەلێ کەسم ناسی، عەباس یاری، کاک عەباس یاری مروڤ نیە، فریشتەیە، فریشتەیەکی بێدەنگ و ڕەنگ، ئارام و ئازا، بێدەنگ و جەسور، مروڤێکی تایبەت کە دەست وپەنجەی من تەوانایی نوسینەوەی وشەکانی باسکردنی نیە و چیرۆکێکە و دەبێ بە تایبەت بنوسرێتەوە.




سالّی 86/1985 نەخوشخانەی 25 ی گەلاوێژ لە نێزیک گوندی کانی مێۆ. ئەو کاتە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گەورەدێ بو.

هەر لەو ئاسایشگایە دەیان کەسی لەو چەشنەم ناسی و هیچکات لە بیریان ناکەم، لەوانەیە ناویانم لەبیر نەمابێ بەڵام هەڵس وکەوت و کەسایەتیان هەروا لە سەر کەسایەتیم کاریگەرن و هیچکات لە بیریان ناکەم.

لەوێ حەسەن سەلبیم ناسی. حەسەن برای عەبدوڵا یان عەبە سەلبی بوو. عەبە سەلبی یەکێک لە پێشمەرگە، فەرماندە و فیداکارەکانی دەڤەری هەوشار بوو. پێشمەرگەکانی هەوشار زیاتر وەک ئەفسانە دەچوون. ترس لە مەرامیانا نەبوو. یەک پێشمەرگەی هەوشارت لەگەل بایە وات ئەزانی لەشکرێک پاڵپشتیت ئەکەن. عەبە سەلبێ داگیرکەرانی ئێرانی وەزاڵە هینابوو، بەڵام بەداخەوە لە هێرشێکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی سەقز دا شەهید بوو.

حەسەنیش بریندار بوو، برینەکەی قورس بوو، شانی شکا بوو، دوای ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە و دەرمان و چارەسەری، شانی لای ڕاستی خوار ببوو. کە لە دورەوە سەیرت ئەکرد وات ئەزانی بە لاشانا دانیشتووە چونکە تەنیا شانێکی دیار بوو. بەڵام کە لێی نێزیک دەبویتەوە، هەستت ئەکرد ئەوە نەک هەر شانێک بەڵکو چوار شان و چوار دەست و چوار چاو و چوار زمان و چوار گیانی هەیە. پڕ لە جوڵە ، پر لە ئێنرژی، پر لە قسەی خۆش و پڕ لە هیوای گەش بوو.

نازانم چ کاتێکی ڕۆژ بوو، بەڵام لە بیرمە یەکەم مانگی بەهار بوو، لەو کاتەدا کۆمیسیونی سیاسی نیزامی دەهاتە

ئاسایشگا و ناوی ئەوانەیان ئەنوسی کە باش ببونەوە و بە گوێرەی بڕیاری دوکتورەکان توانایی گەڕانەوەیان بۆ مەتەرێزی شەڕ و بەرخوەدان هەیە. هەر لەوکاتە دا ناوی ئەوانەشیان ڕادەگەیاند کە وەک کەم ئەندام ناسراون و حیزب دەیەوێ بیانێری بۆ دەرەوەی وڵات.

لەوکاتەدا بە منیان وت لەوانەیە ئەمساڵ نەتوانی بگەڕیتەوە و منیش زۆر خەمبار ببووم و ویستم بچم پیاسەیەک بکەم. حەسەن سەلبیَ وەک جارەکانیتر بە پێکەنینەوە بانگی کردم و بە هەڵهاتن هات بۆ لام و وتی: کوڕە خوام نەماوە ئێژن ئەتنێرین بۆ خاریج، ئاخر چۆن ئەچم بۆ خاریج، من تەنیا شانێکم شکاوە خۆ ئەویتریان کار ئەکا. من پێشنیارم کردوە تۆ لە جیاتی من بنێرن. وتم من خۆ کەم ئەندام نیم برینەکەم خەریکە سارێژ ئەبێ، تۆ دەستێک و شانت لە کار کەوتووە.

پێکەنی و وتی: کەیفی خۆتە من ئەمساڵ ئەگەر بە دزی حیزبیشەوە بووە ئەگەڕێمەوە و ئەمەوێ جارێکیتر بچمە سەر گۆڕی کاکە عەبەم.

هەر ئەو ساڵە لە سەر پێداگریمان هەردووکمان گەڕاینەوە ناوچە. حەسەن نەیدەهێشت لە پێشمەرگەکانیتر جیای بکەنەوە، نیگابانی ئەدا، ئەچوو بۆ کەمین، ئەبوو بە تیمی کەمینشکێن و لە هیچ کارێک کە کەسێکی ئاسایی ئەیکرد خۆی نەدەبوارد و واینیشان ئەدا کە کێشەی تەندروستی نیە. بەڵام زۆرجار کە پێکەوە ئەبووین و لەبەر ئەوەی لەگەل منا شەرم و شاراوەیی نەبوو ئەیوت ئازارم زۆرە و دەرمانەکانیش کاریگەریان نەماوە.

بەرەبەیانێکی هاوین بوو، ڕۆژ و مانگەکەیم لەبیر نەماوە، بەڵام جێگاکەیم لەبیرە. لە نێزیک شاری سەقز بووین، لە نێوان کێوی وەنەوشە و کێوەکانی پشت تەمۆغە. وەک هەموو جارەکانیتر کەمینەکان بەرەبایێنکی زوو بەرێکران بۆ سەر شاخەکانی دەوروبەر. من لە پەنا کاک حەمەنەزیف قادری و کاک شارۆخ مورادیەوە بووم. بە دەنگی بێسیمەکان بەخەر بومەوە. دوژمن بەرەو بەرزایەکان کەوتبووە ڕێ، پێشمەرگەکان زووتر گەیشتبوون و خۆیان لە دوژمن بێدەنگ کردبوو. لەوکاتەدا پێشمەرگەکانیتر لە خەو هەستان. حەسەن سەلبێ وەک بروسکەیەکی خێرا، لەبەر چاوان ون بوو، نازانم چۆن گەیشتە سەر لوتکەی چیاکە و یەکەم دەسرێژی لە دوژمن کرد. شەڕ گەرم بوو، هەتاو گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمانی سەر سەرمان، 3 جەنازەیان هێنایەوە، ئێمە لە ڕێگەی بێسیمەکانەوە ئاگاداری گەرمی شەڕەکە بووین، دوژمن کوژراوی زوری هەبوو، تێک شکا بوو، لە پێگەکانی دەروبەرەوە ئەو ناوەی توپباران دەکرد، بە ڕەمز گوترابوو کە چەند شەهید و برینداریکمان هەیە، بەڵام ژمارەی زۆری کوژراوی دوژمن ڕوحی شەهیدەکانی شاد کردوە.

لە جەنازەی شەهیدەکان نێزیک بومەوە، حەسەنم بینی، چاوەکانی کراوە بوون، شانێکی داکشابوو و دەستی بەرز کردبویەوە،

لێوەکانی وشک ببوون، دیارە تینوی بوو، بزەیەکی تێکەڵ بە گریان لەسەر لێوەکانی بوو. نازانم بە چی پێدەکەنی و بۆ چی خەمبار بوو.

بڕیار بوو لەو سەفەرەدا و لە حەوتوی داهاتو دا بچینە سەر گۆڕی شەهید عەبە سەلبێی برای.

گۆڕی ئەو پۆلە شەهیدە تەنیا، سەید ئەحمەد حوسەینی، کاک ڕەحمان ئاخکەندی و کاک عەلی کەسنەزانی پێیان ئەزانی. کە چاوە کراوە چاوەڕوانەکانی حەسەنم بینی بە خۆم نەبوو، دەڵم داخۆرپا و کەوتمە بیری خەیاڵە بەهاریەکەی حەسەن بۆ دیداری براکەی. لە پێشدا دەڵتەنگ بووم و دواتر ڕوم لە کاک حەمەنەزیف قادری بەرپرسی مەڵبەند و کاک شارۆخ مورادی فەرماندە هێز کرد و وتم، باشترە شەهیدەکان بنێژین، ئەوانیش وتیان کارێکی بە جێیە و لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکا ئاودڕێکمان هەڵکەند و جەنازەکانمان تێدا شاردەوە، بەڵام بە ئاشکرا دیار بوون و لەوکاتەدا هێرشی دوژمن زیادی کرد، پۆلێکیتر لە پێشمەرگەکان چوون و ئێمە ژمارەمان کەمتر بوو نەمانتوانی بە باشی بیانشارینەوە و ڕۆژی دواتر خاوەن مەزراکە تاقە داری سەر کانی مەزراکەی بڕیبویەوە و بەسەر گورە بێنازەکەی ئەو شەهیدانەیدا دادابوو بۆ ئەوەی دوژمن نەیاندۆزێتەوە.

ئێستاش کە بیر لەو ڕۆژە و لەو نواڕینەی حەسەن سەلبێ دەکەمەوە، لە واتای مروڤبون تێدەگەم، مروڤبونێک کە تەنیا لەو کەسانەدا بەرتەسک بوەتەوە و باوەڕ ناکەم دووبارە بێتەوە.

کەم ئەندامانی شوڕشی بەرخوەدانی کوردستان لە هەموو قوناخەکانی ژیانا هەروا بە ورە و بە جەسارەت و بەرپرسیارین. ٣٠ ساڵی ڕەبەقە کاک حوسین ئەحمەدی ناسراو بە حوسەین خان کە لە ڕێگای ئازادی کوردستان و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانا لاقێکی لەدەست داوە، بۆ یەک رۆژیش ماندوو نەبووە و لە هەمو ڕێپێوانەکانی شەقامەکانی ئەوروپا دا بەشدارە، بۆی گرینگ نەبووە کام بەشی کوردستان پێویستی بە پاڵپشتیە، هەر کە بیستویەتی خۆپیشاندانە بۆ پاڵپستی کوردستان یەکەم کەس بووە لە گوڕەپانەکەدا ئامادە بووە و بە سەرما و گەرمادا خۆی بە بەرپرسیاری چارەنوسی گەلەکەی زانیوە.

**ئەو کەم ئەندامانە خاوەن ئەندامی بەرپرسیارەتی بەرز و پیرۆزی مرۆڤبون و کورد بوونن. مروڤن گەورەن، گەورەن وەک خەونی بەدیهاتنی ئازادی و بەڕێزن وەک کار و کردەوە و تێکۆشانەکانیان.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

**یادی کاک عەتا ڕەحیمی بەخێر ئاریان مەنبەری بو بە سی ساڵ، پیرۆزە کاکە ئاریان.**



**ئەم بەسەرهاتە بە بۆنەی سی ساڵەی کاکە ئاریان مەنبەریەوەیە و هەروەها کۆمەڵێک بیرەوەی تیابە کە لەم ڕێگایەوە هەوڵی نەفەوتانیان ئەدەم.**

**هاوینی ساڵی ١٩٩٠ ڕۆژێ دوای ئەوەی عێراق کویتی داگیر کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕاینەوە باشور. چڵکن و ماندوو گەیشتینە سلێمانی. ئەوە دواین گەڕانەوەم بو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە بنکەی سلێمانی کاک خالید درودی یەکەم کەس بو کە دیتم، دواتر پێکەوە چوینە لای دایکی کە بۆ سەردان هاتبو و کاک بورهان ڕوحانی و دادە سورەیاش لەوێ بون. ئەو دیوە هی کاک حەمەخان مروەتی بەرپرسی بەشی پێوەندیەکان بو لەگەل ماموستا سیروان حەفید.**

**کاک خالید وتی کوڕەکە کاک حاتەم مەنبەری و کاک یوسف و جەعفەر ئیسماعیلزادە کاک خەلیل غەزەل و کاک زاگروس شەرەفکەندی ئیستعفایان داوە و چونەتە لای ڕاهی کارگەر.**

**دیارە بەر لەوەی من بەگەڕیمەوە ناوچە قەرارێکی وامان هەبوو کە بە کۆمەڵ واز بێنین و ڕوو لە شۆێنێک بکەین.**

**ڕۆژی دواتر گەیشتمەوە ڕانیە و تازە گەیشتبومە بنکەی ڕانیە وتیان لە دەرەوە بانگت ئەکەن، کاتێک کە چوم کاک یوسف ئیسماعیلزادە و کاک حاتەم مەنبەری بون. وتیان ئێمە لە لای راهیکارگەرین و ناوی تۆشمان داوە و چاوەڕوانتین. منیش**

وتم باشە ئەچمە دوڵێ چەک وچوڵ و شتەکان تەحویل ئەدەم و دێمەوە.

لە دوڵێ کاک هاشم کەریمی بەرپرسی مەڵبەندی سێ بو. لەگەل کاک عەلی میهرابی چوینە لای و داوای ئیستعفامان کرد. کاک هاشم هێندێ قسەی بومان کرد و دواتر تەسویەحیسابێکی لەگەل کاک عەلی کرد و وتی بەمن ڕاوەستێ قسە بکەین. بێگومان کاک هاشم لە ڕوی دڵسۆزیەوە ئەیویست ڕازیم بکات بمێنمەوە.

ئەو کاتە کە لە دوڵێ بوین کاک هاشم دەرگای کتێبخانە تایبەتەکەی بەڕوم دا کردبویەوە و چەندین کتێبی بە نرخم خوێندەوە و کەڵکی زۆرم لێوەر گرتن .

دوستایەتی و ناسیاوی من لەگەل کاک هاشم دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی سالی ١٩٨٢ = ٨٣ ئەو کاتە لە دەورەی کادری بوین، کاک هاشم یەکێک لە ماموستاکانمان بو. زور بە ڕێزەوە هەڵس وکەوتی لەگەلا ئەکردین و هەموو هەوڵێکی ئەدا کە زانیاریمان بەرینە سەر.
دوای قسە وباسێکی زۆر کاک هاشم وتی: تەسویەحیسابت لەگەلا ناکەم دانیشە بەیانی قسە ئەکەین. من هەموو شتەکانم یەک و یەک لەبەردەم کاک هاشم داژمارە،دامنا ن وچومە دەرێ.

دواتر چومەوە لای کاک عەلی، وتم با بڕوین. لەگەل کاک کەریم محەمەدپور ناسراو بە کەریم مەرەسەنە قسەمان کرد وبە ماشینەکەی بردمانیە ڕانیە و چوینە بنکەی ڕاهکارگەر.

ڕیکخراوی چریکە فیدایەکان لە دوای سالی ١٣٦٠ ببونەن پەنجا پارچەوە. هەر دوو کەس و سێ کەس چریکێکیان بە پاشگرێکەوە دامەزراند بوو. ڕێکخراوی چریکە فیدایەکانی خەڵکی ئێران ڕاە کارگەر(ڕێگای کرێکار) یەکێک لەوانە بو. ڕێگای کرێکار تا ئەندازەیەک بە ئیمکاناتر و ژمارەیان زیاتر بو لەوانیتیر. کاک خەلیل غەزەڵ پێوەندی کۆنی لەگەلیانا هەبوو. چەند کوردیشان لەگەلا بو بە ناوی کاوە، ڕەزا و ڕەئوف.

لەو کاتەدا کە ڕێگای کرێکار دەرگای بۆ ئێمە کردەوە هەل ومەرجەکە زور دژاور بو، حیزبی دیموکرات ببوە دوو بەشەوە، شەڕی ئێران و عێراق وەستا بوو و ئەرتەشی عیراق کوەیتی داگیر کردبوو، بەشێکی حیزبی دیموکرات لە قەندیل و بەشێکی لە ڕانیە بو، ئێمە لە هەردولا براِبوین، کومەڵەش تەقەی تێکەوتبو حیزبی کومونیست و کۆمەڵگە و حیزبی کومونیستی کرێکاری ببوە بنەمای شەڕەکانیان و توشی ئاڵۆزی ناوخویی ببون. کەوا بو نەدەکرا ڕوو لەوانیش بکەین.

هەل و مەرجەکەش وا بو ئەگەر حیزبێک پشتگیری نەکردایین حکومەتی عێراق ڕێگەی مانەوەی نەدەدایین.

بەهەر حاڵ گەیشتینە لای هاوڕیکانمان. کاک خەلیل غەزەڵ، کاک زاگروس شەرەفکەندی، کاک عەلی میحرابی، کاک جەعفەر ئیسماعیل زادە و کاک بێستون کرماشانی مجرەد، کاک یوسف ئیسماعێل زادە، کاک حاتەم مەنبەری و کاک وەهاب بانەیی منداڵدار بون.

واتە کاک حاتەم و دادە تەلێ و کاکە ماکۆوان، کاک یوسف، دادە مەلیحە و دادە زنۆێر و کاک وەهاب، هاوژینەکەی چەند منداڵ کە بەداخەوە ناویان نازانم.

ڕێگای کرێکار یەکێک لە بنەکەکانی خۆیانی لە ڕانیە بەتەواوی دایە ئێمە و تەنیا کاک کاوە و براکەیمان لەگەڵ بون. ڕۆژانە خۆاردنیان بۆمان دەهێنا و ڕوژی یەکەمیش هەرکامە ٢٥ دینار و ئەوانەی سیگار کێش بون بۆکسی جگەریان پێمان دا. دیارە چەند ڕوژی مابوو بۆ سەری مانگ و بەشی ماڵی حیزبی دیموکرات وتیان: دەبێ دانیشن تا سەری مانگ ئەوجا یارمەتی مانگانەتان ئەدەینی. ئێمەش ئەوەمان نەکرد و ئەو پارەیەی ڕێگای کرێکار شتێکی زۆر بوو.

٢١ی فێبریوێری ٢٠٢١

## بەشی دووهەم

### سەرەنجێک لەسەر ئەم نوسینانە.

بێگومان بە وردی باسی ڕوداوەکان ناکەم، تەنیا گێڕانەوەیەکی خێرایە. ئەمەوێ لەم هەلە کەڵک وەرگرم و بە بیانوی لە دایک بونی کاکە ئاریان مەنبەری باسێکی ئەو سەردەمەش بگێڕمەوە تا دەگەینە لە دایکبونی ئاریان. لە ڕاستیدا ئەگەر دەرفەتم هەبێ لە داهاتو دا بە وردی بە ناو ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە دا دەگەڕیم و وێنەیەکی تەواو بۆ خۆێنەران ئەخەمە ڕوو.

هیوادارم هاوڕیان لە هەڵە و کەم وکۆڕیەکانی نوسینەکەم ئاگادارم بکەنەوە. پێشنیار و ڕەخنەکانتان یارمەتیدەرم دەبن بۆ ئەوەی باشتر بنوسم.

ماوەیەک لە بنەکەی چریکەکانی ڕێگای کرێکار لە شاری ڕانیە ماینەوە .ئەو گەڕەکەی ئێمە تیدا دەژیاین لە بناری کێوە



سەرچاوە Serchawe

ڕەش بو. کێوە ڕەش یەکیک لە کێوە ناسراوەکانی ئەو دەڤەرەیە کە زاڵە بەسەر شاری ڕانیە و پێدەشەکانیا. شاخێکی جوان و بەرزە و دیمەنی ئەو دەڤەرەی ڕازاندوەتەوە.چەندین دوکان و شوێنی تایبەت لە ناوشاری ڕانیە بەو ناوەیە کە دیارترینیان نادی کێوە ڕەشە و کەم پێشمەرگە هەیە کە سەردانی ڕاینە کردبێ و نەچوبێتە نادی کیوە ڕەش. من حەزم لە کەباب و نانەکەی بو.(با وا بڵێین)

لەو بنکەیە دا ڕێگای کرێکار خزمەتێکی باشی ئێمەیان دەکرد، پینگ پونگێکیان بۆ دانابوین و ڕۆژانە پێکەوە یاری تاوڵە و پینگ پونگمان دەکرد، بە کتێب خوێندەوەوە مژوڵ دەبوین و ئێوارانیش گوێمان لە ڕادیو و دەنگ و باسەکان دەگرت و ئینجا ئەکەوتینە تەحلیل کردنی ڕەوشی ناوچەکە. باسەکانی ئەو کاتە زورتر لەسەر کوەیت و ئێحتمالی شەڕێ گەورە و هێرشی ئامریکا بو. بەشێکمان لەو باوەڕەدا بوین کە شەڕ هەڵناگیرسێ و بەشێکیش لەو باوەڕەدا بون کە هەڵدەگیرسێ.

ڕێگای کرێکار لە ڕێگەی کاک خەلیل غەزەڵەوە ئێمەیان وەرگرتبو، چونکە کاک خەلیلیان ئەناسی. ئێمەش تەنیا یەک چاوەڕوانیمان هەبو، ئەویش ئەوە بو کە بمانگەیەننە لای نوێنەرەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنەبەری لە بەغداد.

دیارە لەو کاتە دا هەم کۆمەڵە و هەم حیزبی دیموکرات، ڕیبەرایەتی شورشگێر ئەندامانی خۆیان لە ڕێگەی پێوەندیگرتن بە حکومەتی عیراقا دەبردە ئوردوگای تایبەتی پەنابەران لە باشوری عیراق و لەویوە ڕێکخراوی "یو ئێن هاچ سی ئار" ناونوسی دەکردن.

ئەوانەی کە بڕیاریان دا بو بچن، من، حاتەم، یوسف، جەعفەر، بیستون و عەلی بوین. لەبیرم نیە کاک وەهاب لەگەلمان هات و دواتر گەڕایەوە باشور یان هەر لە سەرەتاوە لە ڕانیە مایەوە. بەڵام کاک خەلیل و زاگروس بڕیاریان دا بو بمێننەوە.

ڕێگای کرێکار پێیان خۆش بو ئێمەش بمێنینەوە بەڵام سپاسمان کردن و وتمان بڕیارمان داوە واز لە حیزبایەتی بێنین.

دواتر وتیان داواکاری هەناردنی ئێوە لە ڕێگەی کاک تاهیر سەقزی کە نوێنەری پێوەندیەکانی ڕێگای کرێکار بو لە سلیمانی پێوەندی بە ئیدارەی مخاباراتی عێراقەوە گیراوە و هەرکاتی وەڵام هاتەوە ئەگەر ڕازی بون ئەکەونە ڕێ.

حکومەتی عیراق چەند ناوەندێکی هەواڵگری هەبو. مخابرات بۆ کاروبار و پێوەندی دەرەوە و کۆ کردنەوەی زانیاری بو،

هەروەها هەموو حیزبە کوردی و ئێرانیەکان لەگەل ئەو ناوەندەدا لە پێوەندی دا بون بۆ وەرگرتنی پێداویستیەکانیان و جم و جوڵ پێکردنی هیزەکانیان. ئیستخبارات بۆ کونتروڵ کردنی ناوخۆ بو، زور دڕندە وسەرکوت گەر بون. دیارە ئیسختباراتی سەربازی و ئیستخباراتی ئاسایی هەبوو.

ئێوارەیەک بەرپرسی ڕێگای کرێکار لە کوردستان کە بەداخەوە ناوەکەی نازانم و لە بنەکەی دیکە دا بو میوانداریەکی تایبەتی بۆمان ڕێکخست و هێندێ باس وبابەتی هێنا گۆڕێ. پێموابێ ئەیویست جارێکیتر لە بڕیاری ئێمە دڵنیا بێتەوە.
دوای نان خۆاردن بڕیاری کوبونەیەکی کورتیان دا و ئینجا هەموو هەستاینە سەر پێی و سرودی ئینترناسیوناڵیان دەخوێند. دەبوو لە کاتی سرودوکەدا دەستی ڕاست بە مستەکوڵەی بەرز کەیتەوە و ڕاوەستی، من ئەو کارەم نەکرد، هاوڕیان لیم تورە بون وتیان دەبێ ڕێزی خاوەن ماڵ بگری. منیش بە گاڵتەوە وتم، کاکە من دە ساڵ لە حیزبی دیموکراتا فێری ئەی ڕەقیب نەبوم چۆن بە حەفتەیەک فێری ئینتر ناسیوناڵ دەبم.

ئەو ماوەیە لە ڕانیە بوین بەردەوام سەردانی ماڵی کاک بورهان ڕۆحانی، مامو بروز میتران، کاک مزەفەر میترانمان ئەکرد و کاک خالید درودی ئەهاتە سەردانمان.

چەند ڕۆژ دوای ئەو کۆبونەوەیە ئاگاداریان کردین کە خۆمان ئامادە کەین و ماشینیان بۆمان هێنا و ڕەوانەی سلێمانیان کردین.
هەستێکی ناخۆش بو. هەستی هەڵهاتن و پشتکردنە ئەو تێکۆشانەی کردبومان و بێ ئەوەی ئەنجامێکی لێوەرگرین بەوپەڕی بێ هیوایی و دڵشکاویەوە کوردستان بە جێ دێڵین.

نەماندەزانی چارەنوسمان بە کوێ دەگات. حکومەتی عێراق دەسەلاتێکی هەتا بڵێی سەرکوتگەر و سیستمێکی زور خراپی هەبوو. بەو حاڵەوە خۆمان کۆ کردەوە و ماشین هاتە بەردەم بنکەکە و هاوکات کە خەڵکی گەڕەک لە بەر دەرگای ماڵەکانیان وەستا بون و چاوەدێری سەرفەری نادیاری ئیمەیان دەکرد وایان ئەزانی یەکسەر لە وڵاتێکی ئەوروپایی ئەنیشینەوە.

ئەو سەردەمانە دوای ڕانیە تەنیا ئوردوگای حاجیاوا مابو، ئیتر هەتا سلێمانی ئاوەدانی نەمابوو. حکومەتی داگیرکەری بەعس هەموو گوند وشارەکانی وێران کردبوو. بێجگە لەوەش تەنیا جادەی قیر وەک ناوچەی ئاسایی هێشترا بویەوە، ئەگەر ماشینەکە خراپ بایە و ناچار مسافیرەکانی لە ماشینەکە دابەزیایەن و لە جادە قیرەکە دەرکەوتایەن ئەرتەش و چەکدارەکانی ڕژیمی بەعس بەتاوانی چونە خاکی حەرامەوە ئەیانگرتن و بێ سەروشوینیان ئەکردن، ئەگەر هەر لەوێ بە

حوکمی قەرە قوش نەیاکوشتایەن. لەو سەردەمەدا حکومەتی داگیرکەری بەعس نەک هەر شار و شارۆچکە و گوندەکانی وێران و خەڵکەکەی ڕاگواستبو، هەموو شوێنە چوڵکراوەکانی بە عەرزی محەڕەمە ناوزەد کردبوو.

بە ناو خاکی حەرامکرا و سوتاوا گەیشتینە سلێمانی و چوینە بنکەی ڕێگای کرێکار و لە لایەن کاک تاهیر سەقزی و کاک خەلیل غەزەلیەوە بە گەرمی وەرگیراین.

کاک تاهیر وتی: ئەمشەو لیرەن و بەیانی بەڕێتان دەکەین.

٢٢ی فێبریویری ٢٠٢١

------

## بەشی سێەم

خوێنەرانی خۆشەویست، ئەوەم باس کرد کە ئەم نوسینانە کەم وکورتیان زۆرە و ئێوەی بەڕێز ئەتوانن لە سەرەنجەکانتان ئاگادارم بکەنەوە و یارمەتیم بدەن بۆ باشتر نوسین. هەروەها ئەم بیرەوەریانە هی سی ساڵ لەمەوبەرە. لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا من بەردەوام لە هەڵپەی ژیانا توشی دەیان چەرمەسەری و کەند و لەند، کەوتن و هەستانەوە بووم. ئەکرێ گێرانەوەی من لەگەڵ هی هاوڕیەکی دیکەم کە لەم بیرەوەریانە دا ناوی هاتوە جیاوازتر بێت. بەڵام ئەوەندی بۆم بلۆێ کەم دەنوسم، کورت دەنوسم بەڵام کاڵی باسەکان دێنمە گورێ.

*****

شەو لە سلێمانی بوین، ڕۆژی دواتر کاک تاهیر ئاگاداری کردین کە ئیدارەی موخابرات سەفەرەکەیان وەد دوایە داوە. هێندێ نیگەران بوین چونکە ئیدارەکانی سەردەمی سەدام حوسەین مەجازێکی سابیتیان نەبوو.

کاک تاهیر کەوتە شۆین چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەی کە هاتبوە پێشێ. ئەو ڕۆژەش لە بنکەی ڕێگای کریکار لە سلێمانی لەگەڵ کاک خەلیل و هاوڕیانا بە قسە و باس و تەمەشای تەلەفزیونی کوردی گەیشتینە نیوە شەو. بەیانیەکەی هەستاین ماشین لە بەردەگا ئامادە بو، سوار بوین بەرەو کەرکوک. لە ڕێگا دا هەزاران خەیاڵ ڕایکشامە ئەو دیوی سنوورەکان، ئەو ڕابرودوەی کە گەڕانەوە بۆی ئاستەم بوو. بەجێهێشتنی ئەو کەسانەی کە چەندین ساڵ پێکەوە وەک بنەماڵەیەک بوین.

ئەوانەی لە شەڕ و ناخۆشیەکانا لە پەنای یەکا ئەوەستاین و هەستت بە ئارامی و ورە بەرزی دەکرد. خەیاڵیک بە بەرفراوانی دنیا لە دنیای بچوکی داهاتویەکی نادیارا.

ئێمە وا تێگەیشتبوین کە هەر بەوجۆەری لە ڕانیەوە هاتینە سلێمانی و لە سلیمانیەوە چوینە کەرکوک لە کەرکوکیشەوە ئەمانبەنە بەغدا.

ئەوەی ڕاستی بێ لەو بەینە دا کەم کاریەک هەبو. نامەوێ لەوبارەوە زۆری لەسەر بچم بەڵام ئەکرا ئێمە توشی کۆمەڵێک کێشەی نەخوازراو نەبین و وەک دەڵێن چاکەکەران تا دوایی چاکەکەیان ببردایەتە سەر. چونکە ئەو کاتە حیزبەکانی دیکەی وەک ڕیبەرایەتی شوڕشگێر و کۆمەڵە ئەندامەکانی خۆیان یەکسەر ئەبردە کەمپی نەتەوە یەکگرتوەکان و لەوێ تەسلیمیان دەکردن و بۆ ئەو کارەش ئیدارەی موخابراتی عیراقی نەفەرێکی خۆی لەگەلا دەناردن.

هەر چۆنێک بو کاک تاهیر زەحمەتی زۆری بۆ ئێمە کێشا بەڵام لە کەرکوک تەسلیمیان کردین. ئیتر نازانم دەستوری ڕێکخراوەکەیان بو کە ئێمە لە کەرکوک تەسلیم بکەن یان کەم کاری خۆی.

ماوەیەکی زۆر لە ناو ماشینەکە دا ماینەوە. گەرم بو، منداڵەکان بەتایبەت ماکوان مەنبەری و زنویر ئیسماعیلزادە بێتاقەتیان ئەکرد. ئێمە گەورە بوین و تەحەمولمان زیاتر بو.

چاوەڕوانیەکی تاقەت پڕوکێن بو، نەمان ئەزانی چ دەقەومی، هیچ زانیاریەکیان پێمان نەدەدا.
دوای ماوەیەک کاک تاهیر هاتەوە و ماڵ ئاوایی لێکردین. لە ماشینەکە دایانبەزاندین وسواری ماشینی شورتەیان کردین و بردمانیانە بەردەم بینایەکی گەورە کە وەک بنکەیەی سەربازی دەچوو. دڵمان گیرا. بێ ئەوەی کەس قسە لەگەڵ ئەویترا بکات خەمبار بوین. خەمێک کە لە بێدەسەڵاتی و بێ ئاسویی ئەو هەنگاوەمان سەرچاوەی دەگرت، وەک بڵێی بۆ وامان بە خۆمان کرد.

نازانم چەندی پێچوو بەڵام بۆ ئەو چاوەڕووانیەی ئێمە کاتێکی یەکجار زۆر بوو، چەند شورتەیەک هاتن. ژن و پیاوەکانیان لێک جیا کردەوە و ئینجا ئیمەیان بردە بەردەم دەرگایەکی گەورەی ئاسنین. دەرگا کرایەوە و وەک فڕیمان بدەنە ناو جەهنەم ئاوا بو. هەر کە دەرگاکە داخرا، هەڵس و کەوتی شورتەکانیش گوڕا. وتیان جانتاکانتان لێرە دانن و کەمەربەند و هەرچ شتێکی دیکەتان لە گیرفاندایە داینین. ئەوە وەک ئەوە وا بو کە بەڕاستی ئیمە تاوانبار بین. هەڵس و کەوتێکی نالەبار بو. ئێمە کە تا ئەو کاتە بە ڕوحی ئازادی پێشمەرگانە دەژیاین و حیسابمان لەسەر هەبونی خۆمان دەکرد ئیتر لاواز و بێ

دەسەڵات لەبەردەم شورتە یا ن ژاندارمە عیراقیەکانا وەستابوین و هیچ دەرفەتیکمان نەبوو و نەمانئەتوانی تەنانەت قسەش بکەین و بڵێین بۆ وامان لێدەکەن.

لە لایەک خەمی خۆمان و لە لایەکیترەوە خەمی دادە تەلێ و دادە مەلیحە، زنۆێر و ماکۆانمان بو.

لە زیندانەکانی عێراقا وەک مرۆڤ هەڵس و کەوت لەگەڵ زیندانیەکان ناکرێ. جا فەرق ناکا کەسیکت کوشتبێ یان وەک ئێمە لە پێناو گەیشتن بە ژیانێکی ئارام دا ڕێگای پەنابەریت گرتبێتە بەر.

کاتێک هەموو کەل و پەلەکانیان لێمان وەرگرت ئینجا ڕیزیان کردین، شورتەیەک پێش کەوت و شورتەیەکیش کەوتە دوامان، دەرگایەکیان کردەوە و ڕەشایەک دەرکەوت، زیاتر لە دوو سەد کەس لەو دیو میلە ئاسنەکانەوە درێژ ببون. دەرگای ملیەکان کرایەوە و ئێمەشیان فڕێ دایە ناو ئەو زیندانە.

سەرەتا حەپەسابوین. هەر کامە لە جێی خۆمان وەستاین. جێگەی دانیشتن کەم بو، خەڵکەکە ترنجابونە سەر یەک، بۆگەنی ناو زیندانەکە ئەهات، ئەو هەموو خەڵکە بە بێ پەنجەرە و هەواکێش لەوێدا و بەو حاڵەتەوە لە گێرانەوە نایەت. هاوکات توالت و حەمام و هەموو شتێک هەر لە ناو زیندانەکەدا بو. ئەو بەشەی کە حەمام و توالت بو ڕەش ببویەوە ، ئەوەندە پیس بو سەرەتا کە چوم بۆ دەست شۆردن بێزم هاتەوە و دەست و دەم و چاوم نەشورد. بەڵام دواتر ناچار بوین هەر لەو ئاوە بخۆینەوە کە لە توالیتەکەوە ئەمانهێنا.

یەکێک لە زیندانیەکان کە دیار بو بەرپرسی ناو ژورەکەیە هاتە لامان. بە عەربی قسەی ئەکرد، ئێمە عەرەبیمان نەدەزانی، کوردێکی بانگ کرد و بو بە وەرگێڕمان. دوای چەند پرسیار و وەڵام و کاتێک هاوڕیان وتیان کە ئێمە پێشمەرگە بووین و ئەمانەوێ بچین بۆ خاریج و ئەو شتانە، هەڵس و کەوتی کابرا گۆڕا و دواتر چیروکی ئێمە بە زیندانەکەدا بڵاو بویەوە و هەمو زیندانیەکان بە ڕێزەوە هەڵس وکەوتیان لەگەڵمانا ئەکرد.

نازانم چەند ڕۆژ لەو زیندانە دا ماینەوە. ئەگەر بڵێم سەعاتێکی ساڵیک بو بڕوا بکەن. بەتایبەت ئێمە نەهاتبوین کە زیندانی بکرێین، بەڵکو هاتبوین ببینە پەنابەری سیاسی.

لەو زیندانەوە ئاسویەک بۆ ژیان بە دی نەدەکرا. هیچ زانیاریەکمان پێ نەدەدرا کە چیمان پیدەکەن و تا کەی دەبێ لەو زیندانە دا بین. ئەوەش بیگومان کاریگەری لەسەر ڕوحیەمان دادنا.

ڕۆژی دووهەم هاوڕیان وتیان، کاکە ئاوا نابێ، دەبێ ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ تێپەڕینی کات، خۆ ناکرێ هەر و ئاوا بە خەمباری دانیشین.

ئیتر دەستمان کردە گێرانەوەی بیرەوەری و قسەی خۆش و بەۆجۆرە پاڵما بە کاتەکانەوە ئەنا.

٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢١

--------

## بەشی چۆارەم

نێزیک دوو مانگ بەسەر داگیرکردنی کوەیت لە لایەن ڕژیمی سەدام حوسەینەوە تێپەڕیبو. هەل ومەرجی عیراق بە تەواوی تێکچوبوو. خەڵک لە دڵەراوکی دا بون و دام و دەزگای حکومەتی عیراق دڕەندتر لە دڕەندەیان لێ هاتبو. کەمبونەوەی ئیمکانات و خۆاردن و پێداویستیەکانی دیکە لە ناو کۆمەڵگە دا دەستی پێکرد بوو. ئەوەش کاریگەری کردبوە سەر زیندانەکان. یانێ ئەتوانم بێژم، زیندانەکانی سەردەمی حیزبی بەعس خراپترین زیندانەکانی دنیا بوون یان لانیکەم لە خراپترین زیندانەکانی دنیا بوون. داگیرکردنی کوەیت ئەو خراپیەی خراپتر کردبو. حکومەتی سەدام حوسەین هەموو هێز و توانایەکانی خۆی لە بواری ئابوری، سەربازی و لوجستیکیەوە دابویە کوەیت. خۆاردنی زیندانیەکان کەم ببویەوە و ئەوەشی کە هەبوو لە هەموو شتێک ئەچو لە خۆاردن نەبێ. سەمونێکی تایبەت بە ئەرتەشی عێراق هەیە کە لە کاتی ئاسایی دا دەبێ بەشەڕ بی لەگەڵیا تا بیخۆی جا وەرە لە سەردەمی ئاڵۆزی و خراپ بونی ڕەوشەکەدا ئەو سەمونە وەک بەرد وا بو. بەشێک لە زیندانیەکان کە تەجروبەی زیاتریان هەبوو و ماوەیەکی زیاتر لەو زیندانە دا مابونەوە سەمونەکانیان تەڕ دەکرد و دواتر تۆزە تۆزە ئەیانخۆارد.

خەریک بو لەگەل ڕەوشی زیندانەکەدا ڕادەهاتین. لەگەل زیندانیەکانا ببوینە دۆست و چەند کەسێکی خۆەنەوار، ڕوشنبیر و بەڕاستی بە کەسایەتیان تێدا بو کە ئێستەش بۆم ناچێتە سەر یەک، باشە چۆنە ئەو مرۆڤە بە قەدر و قیمەتانە زیندانی دەکرێن و هەزاران کەسی بەرەڵا و سەرسەری لە شەقامەکانا ئەخولێنەوە و دەستوەردان لە ژیانی خەڵکی دا دەکەن.

ئێمە لەگەل ئەو کەسانە دا شرۆڤەی ڕەوشەکەمان دەکرد. دیارە هێندێ ترسیان هەبوو و هەموو شتێکیان نەدەوت. چونکە لە ناو زیندانەکاندا سیخۆڕ هەبوو، هەموو هەڵس وکەوت و پێوەندیەکی زیندانیەکانیان ڕاپۆرت ئەدا. بەڵام زیندانەیەکان ئەو کەسانەیان ئەناسی و تەدبیریان وەردەگرت.

با ئەوەش بڵێم لەو کاتەدا ئێمە کەوتینە زیندان حکومەتی عیراق لەبەر ئەو مەترسیانەی لەسەری بو، هەموو هێزە سەربازیەکانی بەرەو کوەیت ناردبو، خەریکی دان و ساندن لەگەڵ ڕیژیمی ئێرانا بو. ئامادە بو هەموو ئیمتیازیەک بدات بەو شەرتەی دڵنیا بێت ڕژیمی ئێران هێرشی ناکاتە سەر. ئەوەش مەترسی لەسەر ژیانی ئێمە دروست دەکرد. ئێمە کە تەسلیم بە ئیدارەی موخابرات کرابوین و ئەوانیش ناردبومانیانە زیندان لە دنیا دابڕابوین ، کەس نەیدەزانی ئێمە لە کوێن و چۆن دەژین. دەنگیشمان بە کەس نەدەگەیشت. کەسیش نەبو کە بتوانین پەیامێک بۆ دۆستەکانمان بنێرین. لەوانەش واوەتر چاوپێکەوتن و مەلاقات و ئەو بابەتە هەر بونی نەبو.

دواتر بۆمان ڕوون بویەوە کە ئیدارەی موخابراتی عیراقی ئێمەی ڕادەستی زیندانکردوە بۆ ئەوەی خەرجیان بۆ هەڵنەگرێ و بە تەفسیرات بمانگۆزانەوە. ئەگەر ئێمە بمانزانیایە و لە پێشدا ئاگادارییان پێمان بدایە ئەوا ئەمانتوانی خۆمان پارەی مینیبوسێک بدەین و یەکسەر بمانبەنە لای ئیدارەی نەتەوە یەکگرتوەکان.

لە زیندانەکانی عیراقا شتێکیان هەیە پیی دەڵێن تەسفیرات. تەسفیرات یانی گواستنەوەی زیندانیەکان لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکیتر. بەڵام ئەو تەسفیراتە چۆنە. شورتە ماشینێکی هەیە جێگەی بیست کەس دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر لە کەرکوکەوە بچێ بۆ بەغداد یان شارەکانیتر دەبێ لانیکەم ئەو ژمارەیەی ئامادە بێ ئینجا ئەچی، جاری وایە زیندایەک بە مانگ چاوەڕوانی گواستنەوە لە زیندانێکەوە بۆ زیندایکیتیر دەمێنێتەوە.

ئێمەشیان دابویە زیندانی کەرکوک و دەبو بە تەفسیرات بمانبەنە حلە. واتە لە کەرکوک بۆ بەغدا و لە بەغداد بۆ حلە. ئێمە لەو بەزمەمان نەدەزانی. هیچ چارەیەکمان نەبو، تەنیا چاوەڕووانی ئەوە بوین کەی دێنە سەر وەختمان. نازانم چەند ڕۆژ لە زیندانی کەرکوک دا ماینەوە، ڕۆژی ساڵیکی بۆ بنوسن. ئێوارەیەک هاتن ئاگادریان کردین کە بەیانی بەڕێتان دەکەین. بۆ کوێ نازانین. هەر ئەوەدنەیان وت. ئەو شەوە خەومان لێنەکەوت. دڵەڕاوکێمان بو، هەموو لە خۆمان دەپرسی، باشە بۆ کوێمان دەبەن؟

بەیانی زوو چەند شورتە بە هات و هاوار وەژور کەوتن و دەرگای زیندانەکەیان کردەوە و هاواریان کرد: جماعە ئیرانین. ئێمەش هەموو هەستاینە سەر پێ. کەوتینە شۆێن شورتەکان، وەک چۆن هینامانیانە ناو زیندانەکە هەر ئاواش بردمانیانە دەروە. هەموو کەل و پەلەکەیان پێداینەوە. لە حەوشەی زیندانەکە ماشینێکی داخراو کە تەنیا دوو دەرگای هەبوو وەستا بو، هەمومانیان ترنجانە ناو ماشینەکە. دواتر شورتەیەک هات و دەست بەندی پێمان دا کە هەر دوو کەس دەسبەندیک لە دەستی خۆمان بدەین. ئەوە زۆر ناخۆش بو، ئیتر ئەمە بۆ چی؟ خەریکی قسە کردن بوین لەپەڕ ئەو کوڕەی کە لە لای من دانیشتبو و نەمدەناسی دەستبەندی لە دەستی چەپی خۆی و دەستی ڕاستی مندا. بو بە شەرمان و هەستاینەوە بۆ یەک، وتم

ئـاخر کـێ بە تـوی وتـوە دەسـتبەند لە دەسـتی مـن بـدەی. شـورتە هـاتن و دوای باسـێکی تونـد لە نێوامانـدا هاورێیـان تێیانگەیاندن بـابە ئێمە تاوانبـار نین، ئەمـانەوێ بچین بـۆ لای نەتەوە یەکگرتوەکـان و لەم وولاتە بچینە دەرێ. شورتە قەبـوڵی کـرد، دەسـتی ئێمەشی کـردەوە و ووتـی بـا دەسـتبەندەکانتان لا بـێ هەر کـاتێ وتمـان لە دەسـتی کەن ئەوا دەبـێ هەموتان لەدەستی کەن. وتمان باشە.

لە ناو چاڵێکا بوین، هیچ کۆیمان نەدەدیت، هیچ کەس نەیـدەوت چمـان بەسـەر دێـنن. گەرمـا، برسیەتی و تینـویتەی زوری بۆمان هێنـا بـو، منداڵەکان بە ئاستەم هەناسـەیان ئەدا و هیچ کەس گـویی بـۆ نەدەگـرتن. لە نیـوان ئیمە و شـورتەکان دا داخرا بو، چەند جار لە دیواری ماشینەکامان ئەدا گوییان نەدەگرت.

ماوەیەک بەڕێوە بوین ماشینەکە وەستا، دڵمان خۆش بو وتمان بەڵکـو لە لای ڕەسـتورانتێ شـۆێنێکا بێت بتـوانین ئـاو و نـان بخۆین، بەڵام وا نەبوو، شورتە وەژوور کەوت و ووتی: ئادەی پارە کۆ کەنەوە، وتمان بۆ، وتی بۆ کریی ڕێگـا. وتمـان ئـاخر خۆ ئەمە ماشینی شەخسی نیە کرێی چی؟ وتی، قسەی ناوی دەبێ هەر کەسەو نازنم دوو دیندار یان پێنج دینار بدەن.

چەند کەس لە هاورێیان ڕازی بون بەڵام بەشی زۆرمان قەبوڵمان نەکرد. هەر چـی شـورتە خـوی تـوڕە کـرد و ووتـی، ئەتـان گەڕینمەوە بۆ کەرکوک و ئەو شتانە قەبوڵمان نەکرد. ئاخری کـابرای شورتە کە وابزانم تـورکەمەن بـو و کـوردیەکی شەق و شڕ قسەی ئەکرد، وتی، ئاخر کاکە ئەم ماشینە خەرجی هەیە و دەرگاکەی بە توندی داخست.

لە ڕاستیدا ئەوە بەشێک لە گەندەڵی شورتە و ئیدارەکانی حکومەتی بەعس بـو، لە هەمـوو ڕێگەیەکەوە پـارەیـان لە خەڵـک ئەسەند و ڕاوڕووتیان ئەکرد.

٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢١

-------

## بەشی پێنجەم

سـەرئەنجام دوای ڕێگـایەکی دوور و نـاخۆش، گەرمـا، تینـویەتی و بە مانـدوبونێکی زۆرەوە گەیشـتینە بەردەم زینـدانێکیتر. لەوێ ئـێمە تەحویـل درایـن، لە ماشـینەکە دایانبەزانـدین و دیسـان بە هەمـان شـێوەی کەرکـوک کەل وپەل و شـتەکانیان

لێوەرگرتین و ئینجا بردمانیانە ناو زیندانەکە. زیندان چ زیندان، وێرانەیەک بو. وەک کەلاوە ئەچوو، داروخاو، پیس و بۆگەن. ژمارەیەکی زۆر لەو زیندانە دابون. نازانم ژمارەیان چەند بو بەڵام لەوەی کەرکوک زیاتر و ژیان وگوزرانیان خراپتر بو.

هێشتا دانەنیشتبوین لەپڕ دەرگای زیندان کرایەوە و وتیان، هەموو زیندانیەکان بێنە حەوشەی زیندان.

کاتێک چوینە حەوشە نازانم چۆن بو ئێمەیان جیاکردەوە و ئینجا کەوتنە لێدانی زیندایەکانی دیکە. نەمانزانی چ باسە. دوای ماوەیەک لیدان و بێحورمەتیکردن وتیان، بچنەوە ناو زیندانەکان. کاتێک گەڕاینەوە ژووری زیندان تێگەیشتین کە زیندانیەکی خەڵکی کوەیت لە ڕێگەی توالیتەکانەوە هەڵهاتوە و ئەوانیش تولّە لەو داواماونە دەکەنەوە کە هیچ ئاگایان لە هەڵهاتنی کابرا نەبوو.

دیارە ئەو شتانە لە عیراقی سەردەمی سەدام حوسەین دا شتێکی ئاسایی بو. شورتە و پیاوەکانی حکومەت دەستیان کراوە بو لە بیحورمەتیکردن بە خەڵک و ئیتر ئەوانیش وەک دڕەندە بەردەبونە گیانی ئەوکەسانەی دەکەوتنە دەستیان.

لە زیندانی بەغدا زۆر نەماینەوە، دوای دوو ڕۆژ دیسان بە تەسفیرات بەڕێیان کردین بو زیندانی حلە.

حلە شاریکی گەورەی عێراقە، ناوی لە سەردەمی ئاسوریەکانا بابل بووە. ئیستەش بابلی پێ دەڵێن بەڵام زیاتر ناوە ڕەسمیەکەی حلەیە.

لە زیندانی حلەدا توشی کوردێکی ڕۆژهەلاتیش بوین، ئەوەندەی لەبیرم بێ خزمی کاک سەعید بێگزادە بو. ناوەکەیم لەبیر نیە و نایەتەوە بیرم کە بۆچی گرتبویان بەڵام دەزانم سیاسی نەبو وابزانم کەسێکی بازرگان بو.

کاتێک ئەو باسەمان بیست کە ناوبراو دەنێردرێتەوە بۆ ئێران و دەیانەوێ بە تەسفیرات لە سنووری بەسرەوە تەحویل بدرێتەوە خەمبار بوین. نەماندەزانی چارەنوسمان بە کوێ دەگات. لە ناوخۆمان کەوتینە قسە کردن کە ئەگەر شتێکی وا هاتە ئاراوە چ هەڵوێستێکمان هەبێ. نازانم چمان وت و چۆن ڕێک کەوتین بەڵام دەزانم وتمان نابێ بە زیندویی تەحویل بدرێنەوە.

زیندانی حلە لە هی بەغداد خراپتر بو. کابرایەکی بەتەمەنی تێدا بو کە ئەتوت پاشایە. ئیمکاناتی ئەو وەک هی

ئەوانیتر نەبوو. کەسێکی خۆێنشیرین و کراوە بو. لەگەل ئێمەدا کەوتە قسە کردن و یەکەم پرسیاری ئەوەبو کە وتی: چەند کەستان کوشتوە؟ وتمان بابە ئێمە کەسمان نەکوشتوە بەڵکو دەمانەوێ بچین بۆ خاریج بەڵام ڕیاگاکەمان لێ گۆڕاوە.

لە زیندانیەکانیترمان بسیت کە ئەو کابرایە شورتە بووە، لە بزنین خانە یان سەری گاز وەرگرتن بوە کار دەکات. دەیەوێ خەڵک سەرە بگرن و هەر کەسە و بەشی خۆی بدرێتێ، خەڵک شلوغی دەکەن و ئەترجنە یەک و کێشەیان لێ پەیدا دەبێ، ئەویش کەوکوژ ئەیانکاتە نیشانە و ژمارەیەکیان لێ دەکوژێ و ئیتر حکومی زیندانی هەتا هەتایی پێدەدەن . لەو کابرایە وا بو هەرکەس دەکەوێتە زیندان دەبێ کەسێکی کوشتبێ. بەلاشیەوە عەنتیکە بو کە ئەگەر کەسێکت نەکوشتبێ زیندانی بکرێی.

شەو لە زیندان بوین و بە خەمی ئەوەی نەوەک بماندەنەوە ڕژێمی ئێران خەوتین. ڕۆژی دوایی کەسێکیان هێنایە زیندان و دەرکەوت فارسە. کەوتینە قسە کردن لەگەلیا. ئەندامی موجاهدین ببو. لێان دابڕا بوو و خۆی گەیاندبوە ڕێکخراوی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان. دەنێردرێتە ئوردوگای پەنابەران. ڕۆژێک بە بێ ئیزن لە ئوردوگا دەچیتە دەرێ و شورتە دەیگرێ و سێ ڕۆژ حوکمی زیندانی کردنیان بەسەردا سەپاندبو. هاتنی ئەو کابرایە هێندی ورەمانی بەرز کردەوە.بۆمانی ڕون کردەوە کە ئەویش بەو شێوەیەی ئێمە بە تەسفیرات گەیندراوەتە ئوردوگای پەنابەران و لە حلە واتە لە هەمان زیندانەوە گۆستراوەتەوە و بە ئێمەشی وت، دوای چەند ڕۆژ ئەتانبەن بۆ ئوردوگا و تەسلیمی ئەویتان دەکەن.

لە ڕاستیدا بردنی ئێمە بۆ لای نەتەوە یەکگروتەکان ئەوەندەش زەحمەت نەبو بەڵام ڕژێمی عیراق و سیستمی بەڕیوەبەری و ئیدارەکانی ئەوەندە لاسار و خراپ بون کە کەیفیان بە ئازاردانی خەڵک ئەهات.

چەند ڕۆژمان لەو زیندانە دا بردە سەر. زیاتر لە حەوت ڕۆژ لە زیندانا مابوینەوە. ئیمکانی خۆشوردن و جل گورین نەبو. هەستمان دەکرد بۆگەمان لیدێت. خۆاردن و خۆاردنەوەشی لە باس کردن نایەت.

وەک دەڵین ناخۆشی تا سەر نیە. بەیانیەک دەرگای زیندان کرایەوە و بانگیان کرد، جماعە ئیرانیین. هەستاینە سەر پێ. بردمانیانە دەرێ. ئەمجارە هەڵس و کەوتیان نەرمتر و باشتر ببو، تێگەیشتین کە شانسی نەجاتبونمان زورترە.

لە زیندان بردمانیانە دەری، کەل و پەلەکانیان پێ داینەوە. سواری ماشینیان کردین و کەوتینە ڕێ.

ئێمە شارەزای ئەو دەڤەرانە نەبوین. بەڵام ئەو ماشینەی ئێمەیان پێ دەگواستەوە وەک ماشینەکانیتر داخراو نەبو،

پەنجەرەی هەبوو و ماشینیکی ئاسایی بو ئەمناتوانی دەرەوە ببینین. زوتر دەشت و دارخورما بـو. هینـدێ تـابلوشمان ئەبینـی وەک، تـا بەسرە چەندی ماوە، تـا شاری کازم و ناسریە و شارەکانیتر کە لەو جۆرە ناوانەیان هەبوو چەند کیلومیترە.

هەمـوو جـارێ بە بینـی نـاوی بەسرە دڵـم دادەخۆرپـا و قسەی خزمەکەی کـاک سـەعید بێگزادەم بە بیـر دەهـاتەوە، تـا لە بەردەگای ئوردوگای پەنـابەران دابەزین هەروا دوو دڵ و بە گۆمان بوین.

لەوانەیە کاتژمێریکی پیێچوبێ، ماشین وەستا و وتیان دابەزن، ئیرە کەمپی شوملیە.

٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢١

--------

## بەشی شەشەم

ئوردوگای شوملی لە بنەڕەتا لە لایەن شیرکەتێکی پتروشیمی فەرانسەوە دروست کرابـو. کرێکـار و پسپۆڕە فەرانسـەیەکان کە لە پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی شیمیای عیراق دا بون دوای کارەکانیـان دەچونەوە ئەو کەمپە واتە شوێنی ژیـان و مـانەوەی ئەو فەرانسەیـانە بوو.

دوای ئەوەی لە سـەرەتای شـەڕی ئیـران و عێـراق واتە سـاڵی ١٩٨١ ژمـارەیەک لە فـڕۆکە شـەڕکەرەکانی ئیسـرائیل لە عەمەلیاتێکی سەربازی دا کە ناویان لێنابو "ئۆپێرا" ئەو ناوەندەیان بودومان و لەگەل خاکا یەکیسیان کرد فەرانسوەیەکان گەڕانەوە وڵاتەکیان. ئیتر حکومەتی عیـراق ئەو کەمپەی تەرخـان کردبـوو بـۆ ئەو کەسـانەی لە ئێرانەوە دەهـاتنە عیـراق و دەیانەویست داوای پەنابەری لە وڵاتی سێهەم بکەن. ئەو کەسانەی لە ئێرانەوە دەهاتن و خۆیـان ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکـرد و ئەیـانوت کە بە نیـازن بچـنە وڵاتـی سێهەم دەبـردرانە ئەو کەمپە و لە لایەن نـوێنەرایەتی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ناسراو بە "یو ئێن هاچ سی ئـار"ەوە (UNHCR)نـاونوس دەکـران و دواتـر ڕەوانەی ئەو وڵاتە دەکران کە وەڵامی ئەرێنی بە داواکاریەکەیان ئەدایەوە.

یـانێ لە ڕاستیدا ئەو کەمپە لە ژێـر چـاوەدیری ڕێکخـراوی جیهـانی پەنـابەران دا بـو. ئەو کەسـانەی دەچونە ئەو کمپە لە لایەن دام و دەزاگا عیراقیەکانەوە بە ڕێزەوە هەڵس وکەوتیان لەگەلا دەکرا.

ئەو کاتە ئێمە چوین ڕەوشەکە زۆر گۆڕا بوو. ئەو گۆڕانکاریە بەشێکی پێوەندی بە شەڕی کوەیتەوە هەبوو و بەشەکەیتری پێوەندی بەو کەسانەوە بوو کە لە کەمپەکە دا دەژیان یان ژیابون.

کەمپەکە دایەرەیی دروست کرابو، خانوەکانی مودێرن و هەموو جۆرێک پێویستی ژیانی وەک گاز، ئاو، کولیری ساردکەروە و هەموو ئەو شتانەی کە بۆ خانویەکی مودێرن پێویستە تێایان دا هەبوو.

لە ماشینەکە دابەزین، چەند کەسێکی ناسیاومان بێنی لەبەردەگای کەمپەکە وەستا بون. ئێمەیان بردە هۆدەیەکی تایبەت کە پێیان دەوت ژووری شورتەی کەمپەکە. لێکولینەوەیەکی کورتیان لەگەلا کردین، ناونوسیان کردین و هێندێ زانیاریان پێمان دا کە چون دواتر بچین لە ئیدارەی شاری کازم خۆمان ناونوس بکەین بۆ ئەوەی بتوانین مانگانە پارە و خواردن و ئەو شتانە وەرگرین.

کاتێک هەموو شتەکان تەواو بو، وتمان ئێمە بچینە کوێ، کابرای شورتە سەیرێکی کردین و بە گاڵتەوە وتی، ئچن بۆ هوتێل.

ئەو وەڵامەمان پی سەیر بو، وامان ئەزانی ئەمانبەنە یەکێک لەو ماڵانە، بەڵام وا نەبوو.

لە دیوی شورتە هاتینە دەرێ و دیتمان ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کەمپەکە وەستاون.

بەشێک لەوانەی لەوێ وەستابون ناسیاومان بوون، ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕیبەرایەتی شورشگیتر و کۆمەڵە بون. ژمارەیەک سەرباز و کەسی دیکەی ئێرانی و هەروەها ژمارەیەکیش کوردی باشوری رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێیان ئەوتن کوردەکانی ڕۆمادی لەوێ بون.

ناسیاوەکانام هاتنە پێش و هەر کامە چەند کەسیان لەگەل خۆیانا برد. دواتر هەر کەس کەوتە شوین دابینکردنی شوێنی ژیان بۆ خۆی.

کاک یوسف و دادە مەلیحە، زنویر و کاک جەعفەر خانویەکاین ئاوەدان کردوە و دواتر کاک نەبەز عەلی دوستیش چوە لای ئەوان. کاک حاتەم لە لای کاک مەولود حەبدوڵاهی(پاوەیی) و نافێعە بگیرسایەوە، کاک عەلی میهرابی و بیستون چونە لای کاک مەنوچەر تەحسین پاوەیی و کاک ڕەحیم حەکیمزادەش منیان بردە لای خۆیان. یانێ بە گشتی جێگەمان بۆ

کرایەوە.

ئوردوگاکە بۆنی شەڕی لیدەهات، بێ هیوایەک بە خەڵکەکەوە دیار بو. ماوەیەک بو یو ئێن خەڵکی بەڕی نەدەکرد و هەروەها چاوەڕوانی مساحبەش زوور ببو. چەند کەس لە ئێرانیەکان دەستیان دابویە خۆکوژی و وابزانم دانەیەکیشیان خۆی کوشتبو، ئامانجیان ئەوە بو گوشار بخەنە سەر یوئین کە بەروە وولاتی سێهەم بەڕێیان بکات.

یەکێک لەو کەسانەی ماوەیەک لە چاوەڕوانیدا مابویەوە و تاقەتەیی بەسەر چوو بو، بڕیاری دابو خۆی بکوژێ و چوبوە حەمام و ڕەگی دەستی خۆی بڕیبو، کاتێک خۆێنەکەی بینبو پەشیمان ببویەوە و بە پەلە خۆی کردبو بە ژوەی هاوڕیکانیدا و وتیبوی: ویستم خۆم بکوژم بەڵام پەشیمانم تیکایە مەهێلن بمرم.

کەسێکیش خۆی دابوە بەر ترێن و قاچێکی پەڕیبو. ئەوە ئەو شتانە بو لە یەکەم ڕۆژەکانا لەسەر کەمپەکە بیستمان. لەوەش خراپتر شەڕی نێوان عەشیرە و سەربازەکان و نیوان سیاسی و ئاسایەکان بوو. خەڵکی کەمپەکە ببونە سێ بەشەوە، بەشێکیان ئەوانە بون کە ئەندامی ڕێکخراوە کوردی و ئێرانیەکان بوون و پێیان ئەوتن سیاسیەکان، بەشێکیان ئەو کوردانە بون لە ئودوگای ڕۆمادیەوە هاتبون و پێیان ئەوتن عەشیەرکان و بەشەکەیتری ئەوانە بون لە ئێرانەوە هاتبون، پاسدار، سەرباز، دەرجەدار و ئەو شتانە بو کە پێیان ئەوتن ئەرتەشیەکان.

چەند کەسێکیش هیچکام لەوانە نەبون و شەرلاتان و چەقوکێش بون و دوو چاویان هەبوو ئێمەیان پی نەدەدیت. بەر لەوەی ئێمە بچینە ئەوێ شەڕ لە نێوان کوردەکانی ڕۆمادی و ئەو گروپە چەقۆکێشە دا ڕویدا بو کە بەداخەوە قاچی کاک ئەمین ئەمیرخانیان شکاندبوو.

ڕۆژانی سەرتا هەر باسی ئەو کێشانە بوو. چەند جار ئەو گروپە هەوڵیان دا ئاژاوە بنێنەوە، بەڵام گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە ئاوا نابێ و دەبێ هەمووومان هەوڵ بدەین "یو ئین" کارەکانی دەست پێ بکات و چارەنوسی هەمومان یەک لاێی بکرێتەوە.

لە کەمپەکەدا، کاک عەبدوڵا حیجاب، کاک حەمەی سەیار، ماموستا جەلال سەلیمی، مامۆستا محەمەد ئەحمەدیان، کاک کەیکاوس وەحید، کاک حاتەم مەنبەری، کاک یوسف ئیسماعیل زادە، کاک سیامەک لوڕ، کاک مەلود عەبدوڵاهی، خاڵۆ کەریمە سوتاو، کاک ئەبوبەکر بلوری، کاک عوسمان پۆورگورد و زۆر کەسیتر هەبون کە خاوەن ڕابوردوی تێکۆشان بون و هەموو هەوڵیکیان ئەدا ئەو کێشانە نەمێنن چونکە لە بنەڕەتا ئێمە هەموومان یەک چارەنوس و یەک ئامانجمان هەبوو.

هەمومان پەنابەر و هەموشمان ئەمانویست بچینە وڵاتێکی ئارام .ئەندامانی کۆمەڵە و دیموکرات یەکمان گرت، هەموو بە تێکرا بەرەیەکمان پیکهێنا و ئێنجا لەگەل کوردەکانی ئوردوگای ڕۆمادیە تێکلاویمان دروست کرد و بەوجۆرە هەوڵمان دا سنوریک لە نێوامان دا نەمێنی و تا ئەندازەیک ئەو سێ بەرە جیاوازەمان کاڵ کردەوە.

کۆبونەیەکی گشتی گیرا، هەرکەس لە لەیا خۆیەوە قسەی ئەکرد. چاوەڕوان دەکرا لە کۆبونەوەکەدا شەڕ بیتە ئاراوە، هەموو لایەنەکان خۆیان بۆ دژ کردەوە ئامادە کردبوو. بەڵام کاتێک گروپی شەڕانی و چەقوکێشی کەس نازانیێ لە کوێوە هاتو دیتیان ژمارەی ئێمە زیاترە و هەروەها سیاسی و عەشیرەکان یەکیان گرتوە سەریان نەوی کرد و لە کۆبونەوەکەدا کومیتەیەک بۆ نوینەرایەتی کردنی هەموو پەنابەرەکان هەڵبژێردرا.

٢٨ی فێبریوێری ٢٠٢١

-----------

## بەشی حەوتەم

هەل و مەرجی ژیان لە ئوردوگای شوملی تا دەهات خراپتر دەبوو. بە هۆی شەڕی کوەیتەوە کارەبا کەم ببویەوە، خۆاردن و پێداویستیەکانی دیکەی ژیان وەک گاز و نەفت و ئەو شتانە لە کەمی دابوو. ئیتر ئەو مانگانەیەش کە پێیان ئەداین وەک جاران نەدەدرا و ئەگەریش ئەدرا بە یەک دوو مانگ جارێ ئەیان دا ئەویش نیوە و نیوەچڵ.

کێشەی ئێمە قورسی ژیان و ئاستەنگیەکانی نەبوون بەڵکو کەمپەکە لە لایەن ڕێکخراوی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە پشت گوێ خرا بوو. نەدەهاتن بۆ ئوردوگا و هەموو جۆرە چالاکیەکیان ڕاگرتبوو. دوای گوشارێکی زۆر بەرپرسی یوئێنی عێراق کە ناوی ستێفان و خەڵکی وڵاتی سوید بو هاتە ئوردوگا و چاوەڕوان بوین هەواڵیکی خۆشی هەبێ بۆمان بەڵام زیاتر بی هیوای کردین و وتی: جارێ هیچ ووڵاتێک پەنابەر وەرناگرێ و ڕەوشی عیراقیش ئاستەنگی بۆ کارەکانی ئێمە دروست کردوە.

بەر لەوەی ئێمە بچینە ئەو ئوردوگایە کارەکان بە باشی دەچونە پێش و پەناخۆازەکان هەرە زۆر شەش مانگ لەوێ دەبون و دواتر بەڕێ دەکران. لەو کاتەدا ئێمە چۆینە ئوردوگا ژمارەیەک لەوانەی ئەمان ناسین وەڵامیان لە وڵاتانی دیکەوە وەرگرتبو و چاوەڕوانی بەڕێکردن بون و چونی ئەوانیش هەروا دوا دەکەوتبوو چونکە عیراق نەیدەهێشت خەڵکی ئاسایی

سەفەر بکەن.

هەرچۆنێ بێ ئێمە ناچار بوین لەوێدا بژین و چاوەڕوان بمێنینەوە. ئەوانەی لە ئوردوگای ڕومادیەوە هاتبون پێیان ئەوتن عەشیرەکان یان عەشیرەی قەڵخانی، نێزیک بە دە بنەماڵەیەک بون.

ئەو بنەماڵانە لەو کوردانە بوون کە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و لەگەل هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عیراق ڕوویان لە باشوری کوردستان کردبوو. سەرەتا حکومەتی عیراق چەکداری کردبوون و ئیمکاناتێکی باشی پێدا بون کە گویا دژی ڕژێمی ئێران شەڕ بکەن. ئەوانیش فێلیان لە حکومەتی عیراق کردبوو، چەند جار ئەو فیشەک و ئیمکاناتەی لە عیراقیان وەرگرتبو دابوویانە دیموکرات و کۆمەڵە و یەکیەتی نیشتمانی. حکومەتی عێراق لەوکارەیان توڕە ببو و چەکی کردبون و ناردبونی بۆ ئوردوگای ڕومادی. ژمارەی ئەو کوردانەی لە ئوردوگای ڕومادی بون لە چل هەزار کەس زیاتر بوو.

ئەو بنەماڵانەی کە هاتبونە ئوردوگای شوملی گۆیا لە ڕێگەی کەسێک لە ئیدارەی موخابراتی عیراقەوە ئاگادار کراونەتەوە کە یوئین لە شوملی خەڵک بەڕێ دەکات و ئەوانیش لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبیان باش ئەزانی بە دانی هێندێ پارە بە کاربەدەستانی ئیدارەی موخابرات گۆاسترابونەوە ئوردوگای شوملی.

کاتێک ئێمە چوینە ئوردوگا و باسی دەستەبەندیمان بیست نەماندەزانی چ دەقەومێ بەڵام خێرا تێگەیشتین ئاوا نابێ. عەشیرە و ئەو شتانە هیچ مانایەکیان نیە، پێوەندیمان لەگەلا دروست کردن. لەگەڵ حاتەما زۆریان لێ نێزیک بوینەوە و ئیتر بوینە بەشێک لەو بنەمالانە. بەتایبەت لەگەل بنەماڵەی خاڵۆ قەمەر، خاڵۆ زوراو و ئەمیرخانیەکانا بوینە یەک بنەماڵە.

کورەکانی خاڵۆ قەمەر،خاڵۆ زۆراو و بەشیر ئەمیرخانی، زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی و کوردیان باش ئەزانی. ئیتر ببونە موتەرجیم و هاوکاری هەمو ئەو کەسانەیان ئەکرد کە پێویستیان بە وەرگێران هەبوو.

بەهمەن، بەشیر و هیدایەت محەممەدی. بەشیر ئەمیرخانی و مەمەدە ڕەش ڕۆژانە هاوکاری خەڵکیان ئەکرد.

ئێمەش ڕۆژانە لەگەلیانا بوین و ئەوەی ئەوان بۆ ئێمەیان کرد لە ڕاستیدا بنەماڵەی خۆشمان بایەن هەر ئەوەیان بۆ دەکردین.

خاڵۆ قەمەر و خاڵۆ زۆراو خزمن. دوو تەبیعەت و دوو هەڵس و کەوتی جیاوازیان هەبوو. خاڵۆ قەمەر باڵا بەرز، سمێلیکی پڕ و سپی هەبوو، زۆربەی کاتەکان لە ماڵا دادەنیشت و بە دەگمەن دەهاتە دەرەوە، جار وبار لەگەل حاتەما ئەچوینە سەردانی و لە قسە و بەسەرهاتەکانی چێژمان وەردەگرت.

خاڵۆ زوراو کورتە باڵا و بەر سمێڵەکانی دەگرت و هەتا بڵێی قسە خۆش و ڕوح سووک بوو.

یانێ لە ڕاستیدا ئەو دوو مرۆڤە خاوەن ڕیز و خۆشەویستە ڕێک پێچەوانەی یەکتر بوون.

تێکڵاویمان لەگەل هەموو لایەنەکانا کردبومانیە پردی پێوەندی دیارە گروپی لۆمپەنەکان جیاوازتر بوون.

دوای ماوەیەک مانەوە لە ئوردوگا خانویەکی نیوەڕوخاو لە نێزیک ماڵی خاڵۆ قەمەر و خاڵۆ زۆراوا هەبوو. لەگەل حاتەما بڕیارمان دا ئاوەدانی بکەینەوە. ڕۆژێک کورەکانی کۆمەڵە، دیموکرات و کاک بەهمەن و براکانی، کاک بەشیرو براکانی و کاک مەمەد و براکانی هەرەوەزیان کرد و خانوەکەیان بۆمان پینە کرد. هاوکات کە ئێمە کارمان ئەکرد ماڵی مامۆستا جەلال سەلیمیش ببوە پشتیوان و ئەستیرە هاوژینی مامۆستا جەلال هەتا کاری خانووەکە تەواو بوو بە خەمانەوە بوو.یادی بەخێر مامۆستا جەلایش بەدەم سیگار کێشانەوە چاوەدێری کارەکەمانی ئەکرد.

کارێکی باشمان کرد ئێمەش بوینە خاوەن ماڵ. هەموو هاوڕیانی کەمپەکە بەتایبەت خاڵۆ کەریمە سەوتاو و کاک عوسمان پۆرگورد قۆڵیان لێ هەڵماڵی و برنج و ئارد و بەتانی و فەرشی زیادیان لەوانی دیکە وەرگرت و ماڵەکمان فەرش کرد. لە ڕاستیدا زورشتیشمان پێویست نەبوو، یەک چێشتخانەمان هەبوو، پێکەوە نانمان ئەخۆارد و هەموو شتەکانما هاوبەش بوو.

ئەوەی لە دروست کردنی خانەوکەی ئێمەدا بەدی کرا ڕوحی هاوکاری و بەرپرسیارەتی مرۆڤەکان بو کە بە بێ جیاوازی بیروڕا ، ناوچە ،زمان و زاراوە و ئاین ئەگەر لێک تێبەگەن هیچ لەمپەرێک لە نێوانیادا نامێنی.

لە ئوردوگا دا لەگەل هاورێانی کۆمەڵە ئاشانا بوین، هەر زۆر زوو هیچ لەمپەر لە نیوانمان دا نەما و بگرە لە سەدا هەشتا وەک یەک بیرمان دەکردەوە.

زۆر ئێواران هاوڕیان ئەهاتنە سەردانمان و پێکەوە گویمان لە ڕادیو دەگرت و هێندێ جاریش لەگەل حاتەما ئەچوین سەردانی هاوڕیانی دیکەمان ئەکرد.



سەرچاوە
Serchawe

بە زۆری ئێواران مۆمێکمان دادگیرساند و دەستمان بە سیگار پێچانەوە ئەکرد و بە دەم سیگار کێشانەوە گوێمان لە ڕادیو دەگرت و چاوەڕوانی گۆڕنکاری و شەڕمان ئەکرد.

لەو ماوەیەدا لەگەڵ حاتەما دەستمان دایە کتێب خوێندنەوە و کتێبەکانمان لەگەڵ یەکا ئەگۆڕیەوە ودواتر باسمان لەسەر ئەکردن و جۆرێ لە پەروەدە بو بۆمان و زانیاری خۆمان ئەبردە سەر.

زەمان تێدەپەڕی، ڕەوشی تەلێ گۆڕانی بەسەر دا دەهات و باسی لە نێزیک بونەوەی وادەی منداڵبونەکەی ئەکرد.

وێنە لە ئوردوگای ڕۆمادی گیراوە. لە لای ڕاستەوە ڤیان عەلیپوور، ئاریان و ماکۆان مەنبەری.

ی مارچی ٢٠٢١

## بەشی هەشتەم

سەرئەنجام دوای ئەوەی سەدام حوسەین حازر نەبوو لە کوەیت بکشێتەوە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئاسمانەوە هێزە چەکدارەکانی عێراقیان بە چڕی بوردومان کرد. چەند ڕۆژێک ئەو بوردومانە بەردەوام بو. شیرازەی ئیداری حکومەتی عێراق هەڵوەشابویەوە. هیچ ئاسەوارێک لە ژیانێکی ئاسایی لە هیچ کوێی ئەو وولاتەدا بەدی نەدەکرا. سەدام حوسەین لە فشە کردن نەدەکەوت. ناوی ئەو شەڕەی نابوو ئۆم ئەلمعارک یان دایکی شەڕەکان. ڕادیو وتەلەفزیون پرۆپاگەندیان بڵاو دەکردەوە و خەڵکی لەوپەڕی ترس و دڵەڕاوکێ دا بوون، کەس بڕوای بە درۆکانی حیزبی بەعس نەدەکرد بەڵام خەڵک زۆر لە دڕندەیی ئەو ڕژیمە ئەترسان وهەمو بێدەنگ بوون.

لە لایەکیترەوە چەکدارەکانی ئەرتەشی عیراق و هەموو دام و دەزاگا سەرکوت گەرەکانی ئەو ڕژیمە بە تەواوی بەزی بوون و ورەیان ڕوخابوو. ترس لە ڕۆخساری هەموویانا دیار بوو. شورتە و کاربەدستانی حکومەت گۆڕدرابوون، وەک جاران توند وتیژ نەبون هەمو لە خۆیان ئەترسان.

خەڵکی ناڕازی خۆیان کۆ دەکردەوە و لە دەرفەت دەگەڕان کە دەست بە سەر دام و دەزگا حکومیەکان دا بگرن.

بوردومان بەردەوام بوو، ڕۆژانە باس وبابەتی جۆر بە جۆر بڵاو دەبویەوە. ژمارەیەک لە خەڵکی کەمپەکە ڕۆشتن، بەشێکیان ڕویان لە باشوری کوردستان کرد و ژماریەکیش بەرەو ئوردون و تورکیە کەوتنە ڕێ.

هەواڵمان پێگەیشت کە بە ئاسانی ئەتوانین بچینە ئوردون و لەوی نوێنەرایەتەیکی کاتی نەتەوە یەکگرتوکان دامەزراوە بۆ وەرگرتنی پەنابەرانی عیراقی.

چەند کەسێک لە دۆستەکانمان ڕووشتن. دیارە چەند کەسیان لەگەل من و حاتەما مەشوەرتیان کرد کە ئایا گونجاوە ئەگەر بنەماڵەکانیان بە جێ بێڵن و بچن، ئێمەش وتمان بێگومان ئێوە ئەتوانن شانسێک بە بنەماڵەکانتان بدەن. یەکێک لەوانە بەشیر محەممەدی کوڕی خاڵۆ قەمەر بوو، بە قسەی کردین و ئیتر لە ڕێگەی ئوردونەوە گەیشتە دانمارک وهەموو بنەماڵەکەیشی ڕاکێشا وئێستە لە دانمارکا دوکتوری گشتیە.

لە بازاڕەکانا هەموو شتێک کەم ببویەوە و گەیشتبوە ئاستی تەواو بوون. ئەو شارۆچکەیەی لە لامان بو بە ناوی شوملی نەخۆشخانەیەکی بچوکی لێبوو هەروەها چەندین دووکانیشی هەبوو.

بە هۆی بەهمەن، بەشیر و مەمەدەوە ئێمەش لەگەل خەڵکی ئەو شارۆچکەیە دا جۆرێک ناسیاویمان پەیدا کردبوو. چەند جار چوین بۆ شت کڕین لە بازاڕا نەمابو بەڵام دوکاندارەکان لە خەزینەی خۆیان هاوکاریان کردین.

لایەنێکیتری ئەو هەل ومەرجە نەبونی ئەمنیەت لە کەمپەکەدا بوو. ترسی گروپە چەقوکێشەکانیشمان زیادی کردبوو، چونکە ڕقوحمیان بە هیچ شتێک وهیچ کەسێک نەدەکرد. شورتەی کەمپەکەش تەنیا یەک کەسی تێدا مابوو ئەویش خۆی لە گێلی دابوو.

هیچ خۆشیەک لە کەمپەکە دا بەدی نەدەکرا، هەرکەس بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن خۆی دەرباز بکات. هیشتا شەڕی زەمینی دەستی پێنەکردبوو. بێگومان حکومەتی عێراق بەتەواوی بە چۆکدا هاتبوو. هێزە هاوپەیمانەکان لە ئاسمانەوە برستیان لە ئەرتەشی عیراق بڕیبوو.

ئێوارەیەک لەگەل حاتەما پیاسەمان دەکرد. لەبەر ئەوەی سیگاری پاکەتی دەست نەدەکەوت توتن و کاغەزمان هەبوو خۆمان سیگارمان ئەپێچایەوە.

دوو سیگارمان پێچایەوە و دامانگیرساند. هەردووکمان پەروشی ڕەوشەکەمان بوو، بیرمان لەوە دەکردەوە کە چ دەقەومێ. لە دڵی خۆما ئەموت هاتین بچین بۆ خاریج بەڵام لەم دەشتی عەبەرستانەدا ئەنێژرێین و کەس نازانێ چیمان بەسەر هاتوە.

حاتەم وتی، من لەبەر تەلێ و ماکۆان ناتوانم بجوڵێم بەڵام تۆ دەرفەتی دەربازبونت هەیە و دەست و پێتان کراوەترە، بە بڕوای من ئەمشەو تۆش لەگەل ئەو گروپەدا بڕۆ بۆ ئوردن بەڵکو نەجاتتان بێت، ئەگەر ئێمەش ماین ئەوا تۆ ئەبیتە پشتیوانێک بۆمان و ئەگەریش نەماین لاینکەم ئێوە نەجاتان بووە. بە هەردوکمانەوە ١٥٠ دینارمان هەبوو، حاتەم وتی سەد دیناری بۆ ئێوە و پەنجای بۆ ئێمە تا بزانین چ دەبێ بەڵام ئێوە لەوانەیە بەو پارەیە تا سنووری ئوردن بچن.

لە ناخەوە داخۆرپام. نەفەسێکی قوڵم لە سیگارەکەم دا، سەیرێکی ئاسامن و سەیرێکی دەوربەرم کرد، ئاسمان بێ ئەستێرە بو، کەمپەکە لە ناو تاریکایێ پێدەشتەکانا وەک کورسی بن پەتی سێدارە دەهاتە پێش چاوم. بێدەنگ بوم. هیچم نەوت، حاتەم لەسەری ڕۆشت وتی: ئێمە ئەمەمان نەدەویست بەڵام نەجات بونی یەکیکیشمان هێشتا هەر باشە لانیکەم خەڵک ئەزانن لە کوێ مردوین.

یەکێک لە هەناوما وتی، دنیا هەروا نابێ، ژیان ئەوە ناهێنێ، ئێوە لە سەردەمانێکی ئاستەمترا ژیاون، نابێ دەست لەیەکتر بەردەن .بە بزیەکەوە وتم: مان و مردنمان پێکەوەیە، باشترە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن تەلێ نەجات بدەین.

ئێوارە هاتینەوە، هیچمان نەبو بیخۆین، هەر یەکەو چایەکمان خۆاردەوە و نوستین. یانی خۆارنەکەمان جیرە بەندی کردبو و تەنیا نیوەڕوان تێرمان ئەخۆارد، ئیواران یەکێک نانێکی وشکمان بەر ئەکەوت و ئەو ئێوارە ئەوەشمان نەمابو.

کارەبا نەبوو، ئەگەر کارەباش هەبایە ئێمە نەمانبو، چونکە لەماڵەکانیترەوە کابلێکامان ڕاکێشا بو، جارێکیش خەریک بو بمان سوتێنێ .لەوکاتەش دا کارەبا بەتەواوی بچڕابوو، لەبەردەم مومێکا دانیشتین، تەنیا سێبەری دەمو چاوەکانم ئەبینی. ماکوان تازە کەوتبوە جوڵە. لە باوەشی حاتما بو، خەریکی سیگار کێشان بوم کە هاتنی ماکوان هەوادی خەیاڵەکانمی بڕی و هات لە باوەشما دانیشت. هاتنی ماکۆان وەک مزگێنیدانی کۆتایێ نەهامەتیەکان بو. بڕیارێ خۆم دا کە بە هیچ جۆرێ هاوڕیکانم بە جێ ناهێڵم و بێگومان چارەنوسمان بەیەکەوە گرێ دراوە.

ڕۆژێ دوایێ حاتەم دیسان باسەکەی هێنا گۆڕێ و وتی، باشترە ىچن، منیش وتم واز لەو بابەتە بێنە ناچم. بەڵام ئەو ترسەی جاەرانیشم نەماوە.

بە پیاسە کردن چوین بەرەو لای ماڵی ماموستا جەلال سەلیمی و ئەستێرە. ماموستا جەلال لە ماڵ نەبوو، ئەستیرە وتی چووە بۆ لای کاک حەمەی سەیار و خاتو مارۆخ. ئێمەش چۆینە بۆ لایان، عەبدوڵا حیجابیش لەوێ بوو، وتیان دەمانویست بنێرینە شۆێنتانا باش بو خۆتان هاتن.

دەستمان کردە قسە کردن لەسەر هەل و مەرجەکە و دوزینەوەی ڕێگە چارەیەک. لە ڕاستیدا هەموو ڕێگاکان بۆ من حاتەم لە لای تەلێ دا ئەگەیشتە بن بەست.

٢ی مارچی ٢٠٢١

-------

## کۆتا بەش

### کاکە ئاریان بو بە سی ساڵ

کۆتای بەسەرهاتی لە دایکبونی کاکە ئاریان مەنبەری. ١٧ی مانگی ٢ی ئەمساڵ کاکە ئاریان مەنبەری بو بە سی ساڵ. لە پەراوێزی ئەو سی ساڵیەدا هەوڵم دا کە بگەڕێمەوە ئەو سەردەمانە و باسێکی کورت لەسەر ڕەوشی ئەو کاتە بکەم. دیارە بە پەلە و بە خێرایی ئەم باسانەم گێڕاوەتەوە و ئەگەر دەرفەت هەبێ لە داهاتوو دا بە وردی ئەپەرژێمە سەر کۆی بیرەوەریەکان لە ڕانیەوە تا ڕۆمادی.

وەک هەمو ڕۆژەکانی دیکە لەگەڵ حاتەم و بەهمەن و یەک دوو دانە لە کوڕەکانی کۆمەڵەدا پیاسەیەکمان کرد. کەمپەکە بەرە بەرە چۆڵ دەبوو. یەکێک لە کوڕەکانی کۆمەڵە ئەگەر باشم لەبیر بێ ناوی باقی بو، وتی: ئەو ماڵە چۆڵە و هەموو شتێکی تێدایە بۆ ئیوە ناچنە ئەوێ لەو کەلاوەدا چ دەکەن. ئێمەش وتمان بەمە ئەڵێن، ماڵ بار ئەکا و پیرەژن کەپر ئەوەسێ. ئاخر خەڵک هەموو لە هەڵهاتن دان تازە ماڵمان بۆ چیە.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا کەمپەکە دایرەیی بو، چەند خانوو لە ناوەڕاستی دایرەکە و ئینجا جادەیەکی ئیسفاڵت و لەوبەر جادەکەوە خانویان دروست کرد بوو و دەوراندەوری کەمپەکەش بە تۆڕی ئاسنین دەوری گیرابوو. ئێمە بەسەر ئەو ئیسفاڵەدا پیاسەمان ئەکرد و ئەخولاینەوە، بەر لە بوردمانەکانی کوەیت و هێزە عیراقیەکان لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانەکانیەوە تا یەک جار ئەخولایەنەوە توشمان ئەبو بە توشی چەندین دەستەوە کە بە دەم قسە کردنەوە پیاسەیان ئەکرد. کوڕیکی فارسی لێبوو وەرزشکار و لە بەشی هەڵهاتندا زور ئازا بو، ناوی رامین بو، ڕامین هەموو ئێوارەیەک دوو کاتژمێر بە هەڵهاتن دەوری ئوردوگای ئەدایەوە، تا ئێمە دوو قسەمان ئەکرد ئەو دەورێکی ئەدایەوە و دیسان ئەهاتەوە لامان، لە ئەسپ خێراتر ڕای ئەکرد. بەڵام ئەو ئێوارە کەسمان توش نەبوو، ئەوەی چو بو، چوو بو ئەوەشی مابویەوە لە خەم و خەفەت وترسا نەدەهاتە دەرێ.

چەند بنەماڵەیەک لەوێ بون کە منداڵیان هەبوو و ئێمە خەمی ئەوانیشمان بو. خاڵۆ کەریم محمودی ناسراو بە کەریم سووتا، کاک عوسمان پورگورد، کاک مستەفا پایان و چەند بنەماڵەیەکیتر کە ناویانم لەبیر نیە. ئەو بنەماڵانە هەرکامە چۆار تا شەش منداڵیان هەبوو.

دوای پیاسە کردن گەڕاینەوە ماڵ. دیسان لەبەر ڕوناکایی مومێکا دانیشتین، گوێمان لە ڕادیو گرت. جورج بوش پەیامێکی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: ئێمە تەنیا بۆ شەڕ نەهاتوینەتە ناوچەکە بەڵکو بۆ گوڕانکاری لە مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی دیموکراسی و گوڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوین هاتوین.

لەگەل حاتەما شرۆڤەی قسەکانی جورج بوشمان ئەکرد و پێمان وابو ئەگەر وا بێ چونە دەرەوە و پەنابەری وەرگرتن کارێکی باش نیە، چونکە لەوانەیە جورج بوش ئێرانیش بگوڕێ. بە دەم قسە کردن و سیگار کێشانەوە گەیشتینە لای نیوە شەو، من خەوم دەهات، چومە دیوەکەی خۆمان و نوستم، ژنەکان هێشتا قسەیان ئەکرد، تا ئەو کاتە من چوم بۆ نوستن تەلێ هیچ کێشەی نەبوو. تازە خەوم لێکوتبو بەخەریان کردمەوە، وتم چیە؟ وتیان تەلێ ئازاری هەیە. منیش وتم لێمگەڕین با باش بون چونکە ئەزانم جارێ منداڵی نابێ.

بەرە بەری بەیانی لای کاتژمێر چۆار و پێج بە هات وهاواری تەلێ لەخەو هەستام و چومە لایان. ماکوان نوستبو، حاتەمیش ئەت وت تاوانبارە خۆی کۆ کردبویەوە و سیگاری ئەکێشا. دیتم ڕەوشەکە باش نیە. لەگەل حاتەما مەشوەرتمان کرد و گەیشتینە ئەو ڕایە کە تەلێ ببەینە دوکتور، بەڵام دوکتور و دەرمان زور کەم بوو، ئێمەش تەنیا وەرەقەیەکی یوئین مان پێ بوو، پارەشمان زۆر کەم بوو. هەر چۆنێ بو ڕێک کەوتین کە من بچم بەهمەن بێنم و تەلێ ببەینە دوکتور. لە دەرگای ماڵی بەهمەنم دا دەرگایان لێکردمەوە، خێرا بەهەمەن جلی لەبەر کرد و لەگەلما هات. وتی دەبێ بچم ماشینێک بێنم دەنا ئاوا چون بگەینە دوکتور و نەخوشخانە. لەگەل بەهمەنا چوین و یەکێک لە ناسیاوەکانمان لە شاروچکەی شوملی لەخەو هەستان و بە ماشینەکەی خۆی لەگەلمان هات و چوینە بەر ماڵ. بەهمەن وتی ئەبێ ژنێکمان لەگەلا بێ دەنا ناهێڵن پیاو بچێتە ژووری منداڵبون. دواتر من چوم بە شوێن ئەستیرە دا. لە دەرگای ماڵی ماموستا جەلال و ئەستیرم دا، لە خەوا بوون، ئەستیرە دەرگای کردەوە و باسی تەلێم بو کرد، وتی باشە بوەستە جلەکانم بگوڕم دێم، ماموستا جەلال لە ناو جێگەکەی سەری لە بن بەتانیەکەی دەرهێنا و وتی: چێشەن پی سەوای ساڵحانە وروبەرەت پەنە گیرتێنمێ(وتی، چیە بەم بەیانیە زووە بەر دەرگات پێگرتوین). وتم تەلێ منالی ئەوی و هاتوم ئەستیرە بەرم. بەتانیەکەی کێشایەوە سەر چاویا و وتی، دەی خاسەن.

لەگەل تەلی، ئەستیرە وبەهمەنا چوینە نەخۆشخانە. حاتەم و کۆیستان لە لای ماکوان مانەوە و وتمان با هەموو هێزەکەمان یەکجێ بەکار نەهێنین چونکە نازانین چ دەقەومی.

تەلی ڕەوشی خراپ بوو، ئازارەکەی لە ئەندازە بەدەر بوو، هاواری ئەگەیشتە ئاسمان. ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو. نەخۆشخانە کەسی تێدا نەبوو، چوڵ و هوڵ. تەنیا یەک نیگابان لەوی بوو. نیگابانەکە وتی: ماڵی دوکتور ئا لەوێیە بەڵام ئەویش هیچی پێناکرێ ئەتانەوێ بچن بانگی کەن.

لەگەڵ بەهمەنا چوین و لە دەرگامان دا و دوکتور دەرگای کردەوە. بەهمەن بە عەرەبی تێی گەیاند کە جەرەیان چیە. دوکتورەکە ژنێکی جوان و جەوان و تێگەشتوو بوو. وتی: ئەوەی بە من بکرێ ئەیکەم بەڵام باشترە بیبەن بۆ نەخۆشخانەی حلە. وتمان ئێستە ئیمکانی ئەوەمان نیە.

لەگەلمانا هاتە نەخوشخانە. ڕەوشی تەلێی بینی خێرا کەوتە جوڵە و ئینجا تەلێ و ئەستێرەی بردە ژوورێک. دواتر هاتەوە بو لای ئێمە. سەرەتا زور بێ هیوا بوو. ئیمەشی ترساند و چاوەڕوانی زیندوو مانەوەی تەلێمان نەدەکرد. دواتر هات وتی: یەک تاقە دەرزیمان هەیە و بە مەسئولیەتی خۆم ئەو دەرزیە بەکار دێنم بزانین چ دەبێ، دەنا ناچارن خێرا بیگەیننە حلە.

لەگەل بەهمەنا بەناو هوڵی نەخۆشخانەکە دا ئەهاتین وئەچوین. چاوەڕوانیەکی تاقەت پرووکێن بو.

نیزیک کاتژمێرێکی پێچوو، دوکتورەکە هاتەوە بۆ لامان وتی: زوری نەماوە نەجاتی بێت. هێندی ورەمان هاتەوە بەر.

ئەوەندەم زانی ئەستێرە بە پێکەنیەوە هات و وتی: تەلێ کوڕیەش بی.(تەلی کوڕێکی بوو)

**ئای چەند هەواڵێکی خۆش بوو. هەناسەیەکم هەڵکێشا و ئینجا چوینە بەرەوپێری تەلێوە. چونکە نەدەبو لە نەخۆشخانە کەدا بمێنیەوە ناچار هەر خێرا دوای منداڵبونەکەی گەڕاینەوە ئوردوگا.**

**ئەو منداڵەی لەوکاتە دا بەو ئیمکانات و دەردیسەریە لە دایک بو و ناوی لێنرا ئاریان ئەمرۆکە پیاوێکی ئاقڵ و ماقوڵ، باڵابەرز و چاو شینە و ماموستای قوتابخانەیە.**

**هیوادارم تەمەن درێژ و بێ ئێش و ئازار بژێت.**

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠٢١

# ئامریکا جاریکیتر بە ئاشکرا پشت لە کورد و مروڤایەتی دەکات



**بەرژەوەندیخوازیی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لەبەرانبەر مروڤ و مروڤایەتی و، بەتایبەت کێشە و چارەنوسی نەتەوەی کوردەوە تاریک و تاڵە.**

لە شوڕشی ئاگرییەوە بگرە هەتا پشت کردنە شوڕشی ئەیلوول(بە سەرۆکایەتی بارزانی) و چاوپۆشی کردن لە هەموو جرم و جەنایەتەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی، ئێراقی، تورکی و سوریەیی، لە ئاست کوردان، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە مروڤی کورد بۆ دەسەڵاتدارانی ئامریکا تەنیا واتایەکی هەیە، ئەویش خزمەت کردنی بەرژەوەندیەکانی ئەوانە.

هێشتا لە بیریمان نەچووە کە کاتێک بڕیاری لە سێدار دانی پێشەوا قازی محەممەد لە لایەن شای ئێرانەوە درا، هێندێک لە ئەفسەرانی ئەو سەردەمەی ئەرتەش نارازی بون لە جیبەجێکردنی ئەو ئێعدامە، بەڵام باڵوێزی ئامریکا لە تاران ڕایگەیاند: "ئێوە بۆچی بۆ ئێعدام کردنی کوردێکی کومونیست نیگەرانن!" ئەوە بە واتای ئەوە دێت کە ئامریکایەکان بەردەوام بیانو و بەڵگەیان داتاشیوە بۆ قڕکردنی گەلی کورد و بندەست هێشتنەوەی.

پاش بادانەوەی سەدام لە سوڤیەت و رووکردنە ئامریکا، لە لایەن ئەم وڵاتەوە(ئامریکا)ڕێبازێکی نوێ بەنیسبەت شوڕشی ئەیلوولەوە هاتە ئاراوە کە داڕێژەری کیسینجەر بوو، بەو مانایە کە تا پێش ئەوکاتە،لە ڕێگەی ئێرانەوە(حەمە رەزاشا) یارمەتیەکی بەرفراوانیان دایە بارزانی و شەرەکەیان لە شەڕێ پارتیزانی و پێشمەرگانەوە بۆ شەڕی جبهەیی پێگۆڕی،



سەرچاوە Serchawe

پاشان کە ئیراق بە چۆکدا هات، بە ئاسانی و بە بێ ئەوەی بەلایانەوە گرینگ بێ کە یاریان بە چارەنوسی نەتەوەیەک کردوە وتیان: ئێمە بەرژەوەندی خۆمان بەلاوە گرینگە.

ساڵی ١٩٩٩ خاڵێکی دیکەی رەشە لە سیاسەتی ئامریکا لەئاست نەتەوەی کورد. ڕادەستکردنەوەی بەڕێز ئوجەلان بە تورکیە و پێش ئەوەش، بە ناساندنی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە باکوری کوردستان وەک جوڵانەوەیەکی تیروریستی. ئەو دوو هەڵویست و کردارەی ئامریکا هەمدیسان بەکوردی نیشاندا کە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی ئامریکا لە سەر مروڤ و مافی مروڤ و مروڤایەتی لە کاناڵی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسییەکانەوە دەچێتە پێش و ئەم چەمکانە بەلایانەوە قەدر و قیمەتێکی نیە و تەنیا پارە و بەرژەوەندی ئابوری لە هەڵس وکەوتی ئەوان ڕوڵ دەگێری، نەک مرۆڤ و مافی مرۆڤ کە زۆرجار ریاکارانە و بە درۆ باسی دەکەن.

کاتێک ئامریکایەکان لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و درێژماوەی خۆیان پەلاماری ئێراقیان دا و سەدام حوسەینیان وەلانا، شک و گومان و خۆشباوەڕی لە ناو بەشێکی زور لە کوردان و (بەداخەوە هێندێک حیزبی سوننەتی) دروست بو بەوەی کە ئامریکا سیاسەتێکی نوێی هەیە و پێشەنگایەتی دیموکراسی دەکا و ئەتوانێ دوستی کوردانیش بێت.

بەڵام زور زوو دەرکەوت کە ئامریکا وەک پێشوو تەنیا بە شوێن بەرژەوەندیەکانی خۆیەوەیە و کورد و کێشە نەتەوە ژێردەستەکان، مروڤایەتی و سیاسیەکانی ئەم نەتەوەیە لە ئاجیندا(ڕۆژەڤ) ی ئەو سیتسەمە پاوانخوازە دا نیە.

دیارە لەوکاتە دا(رووخانی سەدام) دەرفەتێکی زێڕین بۆ کوردان هاتبوە ئاراوە کە بتوانن ئامریکایەکان ناچار بکەن بە پێکهاتن و ڕێکەوتن لەسەر چەند خاڵێکی دیاریکراو و دێکومێنتکراو، ئەویش لەوکاتە دا کە دەسەڵاتدارانی تورکیە ڕێگەیان نەدا ئەرتەشی ئامریکا لە سنوری دەسەڵاتی ئەوانەوە هێرش بکاتە سەر عێراق. کە ئەوەش ئاستەنگی لە پروژەکانی ئامریکا دا پێک دەهێنا. بەڵام بەداخەوە کوردەکان بە هۆکاری بڕوا بەخۆ نەبونەوە، خێرا بونە "کەواسوری بەر لەشکر" و ئەوەی بەلایانەوە گرینگ نەبوو دەرباز بونی کات و وەرچەرخانی سیاسی و قۆستنەوەی هەلومەرجی نالەباری ئامریکا بوو لەو کاتەدا و دەسبەجێ بە هەموو ئیمکانێکەوە چوونە خزمەتی سیاسەتەکانی ، بەبێ ئەوە چکۆلەترین گارانتیەک بۆ مافی نەتەوەکەیان دەستەبەر بکەن.

ئامریکایەکان کوشتن و کوژرانی کورد بە هێند ناگرن و تەنانەت بەلاشیانەوە گرینگ نیە، لە کاتێک دا دەیان چالاکی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن کوماری داگیرکەری ئیسلامی ئێرانەوە، حکومی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و چەندین چالاکی کوردیش لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو دا لەدار دراون، دەسەڵاتدارانی ئامریکا خۆیان بێدەنگ کردوە و تەنیا کاتێک وەدەنگ دێن کە کەسێکی فارس ڕوبەڕوی مردن و ئێعدام دەبێتەوە. ئاشکرایە کوشتنی مروڤەکان بە بێ



سەرچاوە
Serchawe

جیاوازی ڕەگەز، ئاین و بیروباوەر ناڕەوا و ناشیرین و نامرۆڤانەیە و من دژ بە هەر چەشنە سزایەکی ئیعدامم چ بۆ کورد یا نەتەوەیەکی دیکە چ لە ئێران یا هەر شوێنێکی جیهان. بەڵام هەڵویستی دولایەنە و بە جیاواز سەیرکردنی مروڤەکانە لە لایەن دەسەڵاتدارنی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی و،کە لە ئێرانیشدا لە لایەن پان ئێرانیستەکانەوە، (بە چەپ و ڕاستەوە) ڕەچاو دەکرێ ڤیزەون و مەحکوومە.

ڕۆژی چواردەی ئەم مانگە واتە ١٤ - ٧ - ٢٠١١ لە دەڤەری ئامەد ١٣ سەربازی ئەرتەشی تورک لە هێرش کردنە سەر گریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل"هە پە گە"دا کوژران و لە هەمان رۆژدا کونگرەی جڤاتی دیموکراتی " ک ج د" خۆبەڕیوەبەری دیموکراتی لە باکوری کوردستان ڕاگەیاند.

دەسەڵاتدارانی تورکیە خێرا وەک هەمو جارەکانیتر خۆیان گێف کرد و کەوتنە هەڕەشە کردن لە گەلی کورد و بەردەوام قەوانە کۆنەکانیان لێدایەوە کە کورد بونی نیە و لە تورکیەدا تەنیا تورک ئەژی و هەر لایەنێکیتر داوایەکی جیا لەوەی هەبێ ئەوا سەرکوت ئەکرێ. شەپولی نەژادپەرەستی لە تورکیە دا وەڕی کەوت و تەنانەت هونەرمەندانی کورد و چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد کەوتنە بەر هێرش و پەلامار. سەرۆک وەزیرانی تورکیە ڕەجەب تەیب ئەردوغان دیسان ئەو وتە بێ مانایەی دووبارە کردەوە کە کێشەیەک بە ناوی کێشەی کورد لە تورکیەدا بونی نیە.

لە ساڵی دوو هەزارەوە بە بەردەوامی هێزی گریلای پارتیا کارکەرین کوردستان "پ ک ک " ئاگربەسی یەک لایەنەی ڕاگەیاندوە و چالاکی ئاکتیڤی نەبووە و خوازیاری چارەسەری دیموکراتی کێشەی کورد بوە لە ڕیگەی دیالوگەوە.
دیارە هەڵویستی دەسەڵاتدارانی تورک چاوەڕوان کراوە و ئەوان کورد قەبوڵ ناکەن و نەتەوەی کورد ناناسن و بەردەوام هەوڵی سەرکوت کردنی ئەم نەتەوەیە ئەدەن. بەڵام ئەوەی جیگای وردبونەوە و سەرنجە هەڵویستی دەسەڵاتدارانی ئامریکایە. لە کاتێکدا تا ئێستا کورد هیچ چەشنە زەرەرێکی لە بەرژەوەندیە سەربازی، ئابووری و ئاسایشیەکانی ئامریکا نەداوە، دەسەڵاتدارانی ئەو وەڵاتە بەردەوام لەسەنگەری دژ بە مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی گەلی کوردان و هیچ چەشنە پرنسیپ و تێگەیشتنێکی مروڤانە، هاوچەرخ و ویژدانییان نیە.

روژی ١٦ مانگی ٧ - ٢٠١١ دوو ڕۆژ دوای ڕوداوی دەڤەری ئامەد و کوژرانی ١٣ سەربازی تورک، هیلاری کلینتون وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە بڵاوکراوەیەک دا کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی وەڵاتەکەیەتی، سەرەخوشی لە دەسەڵاتدارانی تورکیە کرد و ڕایگەیاند کە ئەوان هەتا لە ناوبردنی شوڕشی کوردان بەڕیبەرایەتی پارتیا کارکەرین کوردستان "پ ک ک" پشتیوانی لە تورکیە دەکەن و لەسەنگەری تورکیە دان.

ئەو هەڵویستەی خانمی کلینتون نیشانەی سیاسەتی بێچارەیی دەسڵاتدارانی ئامریکایە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەووەکان،

بەتایبەت کێشەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەلی کورد. لە هەمان کات دا دەبێ کوردەکانیش وەشیار بن و لەم قوناغەدا کە ئامریکایەکان لە خۆ ئامادە کردنن بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق و ڕاگەیاندنی شکستی خۆیان لەو پلانەی لە ٢٠٠٣وە ڕایانگەیاند، ئەیانەوێ کورد بکەنە قوربانی و هەمان سیاسەتی سەردەمی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی دووبارە بکەنەوە و بە دانی ڕوڵی زیاتر بە تورکیە لە ناوچەکەدا گەلی کورد ڕوبەڕوی کومەڵکوژی بکەنەوە.

ئەو هەڵویستەی ئامریکا لەهەمبەر پارتیا کارکەرین کوردستان "پ ک ک" هەڵویست و سیاسەتی ئەو وەڵاتەیە لە هەمبەر گەلی کورد و بە دووبەرەکی نانەوە لە ناو کوردەکانا و ڕەش کردنی بەشێک و خۆ نێزیک کردنەوە لە بەشێکتر. ئەو دوژمنایەتیەی خوی ئەشارێتەوە و لە ئەنجاما دوای ٥ ساڵ کورد دەباتەوە دوخی ١٩٠٠ و بێ ناسنامە و ماف بە جێیان دێڵێ و ئیتر لەوکاتە دا چی بەسەر کوردان دا دێت ئەوا دەبێ چاوەڕوان بین. بەڵام لەوە ئەچێ هەرهەمان چارەنوس بێت کە روبەڕوی ئەرمەنیەکان بویەوە لە شەڕی یەکەمی دنیاگر، یان جولەکەکان لە سەردەمی شەڕی دنیاگری دوهەم دا.


لەم نێوانەدا هەڕەشە و گوڕەشەی ئامریکا و دەوڵەتی تورک تێکۆشەرانی باکووری نەترساندوە و وێڕای سوور بوون لەسەر مافەکانی گەڵ، ئامادەیی خۆیان بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر پیلان و پەلامارێک ڕاگەیاندوە. سەرچاوەیەکی نێزیک لە هێزەکانی باکووری کوردستان ئەوەی ئاشکرا کردوە کە ئەوان شەڕی کوتایی ئەکەن و ئامادەی ئەوەن هەموو تورکیە بکەنە گورەپانی شەڕ و تەنانەت نەک هەر تەنیا تورکیە، بەڵکو بەرژەوەندی هەموو هاوپەیمانەکانی بکەنە ئامانج .ئەوەش بە واتای ئەوەیە کورد ناچارە ڕوبەڕوی ئامریکایەکان ببێتەوە بە لێدانی بەرژەوەندیەکانی ئەو وەڵاتە لە ناوچەکە و لە هەر شوێنێک مەودای هەبێت.، لە خۆی دیفاع بکات.

مێژوو شاهیدە کە لە دەرێژ ماوە دا ئەوەی ئەیدوڕێنی سیاسەتی دوو ڕویانە و نامروڤانەیە، جا کێ ڕەچاوی کا فەرق ناکا. بەڵام ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتوە دەسەڵاتدارانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستان، ئێراق، سومالی، ڤێتنام و گەلێ شوێن و سەردەمی دیکە دا ڕوبەڕوی شکست و شەرمەزای بوونەتەوە، تا ئەو ڕادەیە کە بوونەتە هۆ شەرمەزایی نەتەوەو خەلکەکانی خۆیان.

**هاوکات باشترە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بزانن کە گەلی کورد، ئەمرۆ کوردی جاران نیە و لە هەمو شوێنێکی ئەم جیهانە دا ئەتوانێ بەرژەوەندیەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بخاتە مەترسیەوە. ئەو ڕەوشە لە بەرژەوەندی مروڤایەتی دا نابێ بەڵام پاراستنی ڕەوا مافی هەر ئینسان و نەتەوەیەکە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەوڵویست - ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١١**

# کورد بوون




کتێبێک بۆ خوێندنەوە و خوێندنەوەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی مێژووی کوردان. کتێبی کورد بوون بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆری کاکە وریا مامڵێ ساغ کراوەتەوە و بەڵگەمەند بووە.

کورد بوون گێڕانەوەیە، گێرانەوەیەکی، بەداخەوە ناتەواو بەڵام هەتا بڵێی دەوڵەمەند، هەستیار، ڕاستبێژ و پڕ لە زانیاری.

کتێبی کورد بوون باسی کوردێکی ڕاستەقینە دەکات، یان باشترە بڵێم کوردێکی راستەقینە باسی خۆی، کۆماری کوردستان، ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و بە گشتی کورد بوون دەکات.

کاپیتان حەمەدی مەولوودی یەکێک لە مرۆڤە ئازا و چاونەترسەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانە. بۆمان دەگێڕێتەوە کە هەل و مەرجی ئەو سەردمە چۆن بوو، پێوندەیە کۆمەڵایەتیەکان، هەبونی لەشکری بێگانە، جوڵەی سیاسی، هەڵپەی بەرژەوەندیخوازان بۆ خۆ دەرخستن، خەیانەت و خۆبە کەم زانین و تا دوایی...

لە کتێبی کورد بون و گێڕانەوەی کاپیتان حەمەدی مەولوودیدا تێدەگەین کە بەداخەوە دوای نێزیک بە سەد ساڵ گۆڕانێکی ئەوتو بەسەر ئەقڵی کوردان دا نەهاتوە، جاران عەشیرە و سەرۆک عەشیرەکان بوون و ئەمرۆ حیزب حیزبۆکی...

گومانم نیە ئەگەر کۆماری کوردستان هەزار کاپیتان حەمەدی هەبایە نەک هەر نەدەڕوخا بەڵکو تا کرماشانی ئازاد دەکرد.

بەر لەوەی کتێبی کورد بوون بخوێنمەوە لە چێشتی مجەوەری ماموستا هەژار دا کاپیتان حەمەدی مەولوودیم ناسی بەڵام ئەو

کاتە وەک کەسێکی شەڕلاتان و... کاتێک کورد بوونم خوێندەوە چەند جار بە بێ ئیرادە دەستم بە گریان کرد، ئاخر دەکرێ نوسەر و ڕۆشنبیری کورد تەنیا لەبەر ئەوەی خۆی بە نۆکەری بنەماڵەیەکی خاوەن درۆ و دراوێ دەزانێ ئاوا بێڕوحمانە کەسایەتیە ڕاستەقینەکانی نەتەوەکەی بچوک بکاتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی بە دڵی ئەو پەسنبێژی کاسایەتیە درۆزنانەکانیان نەکردوە، دیارە لە چێشتی مجەوەر دا تەنیا بێحورمەتی بە کاپیتان حەمەد نەکراوە بەداخەوە هەر هەمان هێرش و بێحورمەتی بکراوەتە سەر شەهید سولەیمان موعینی و هەڤاڵەکانیشی.

**لە کتێبی کورد بوون دا ڕاستی کەسایەتیەکان و مێژوویەکی بێ غەل و غەش دەخوێنیتەوە.**

بە خوێندنەوەی کتێبی کورد بوون پێویست بە خوێندنەوەی ئەو مێژووە ساختەیە ناکا کە لە لایەن هێندێ کەسەوە بە پارە نوسراونەتەوە.

**کتێبی کورد بوون پێمان دەڵێ:** ئەوانەی کراونەتە پاڵەوانی مێژووی کوردستان و کۆماری کوردستان هەر ئەوانەن کە هەڵهاتن و کۆماریان بە جێهێشت و ئەوانەی قارەمانی ڕاستەقینەن و لە پێناو نەتەوە و نیشتمانەکەیانا فیداکاریان کرد و چاوی تەماعیان لە هیچ نەبوو سەربازی ون و نەناسراون.

کاپیتان حەمەدی مەولوودی بە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆی بە خوێنەر دەڵێ کە ئەو هیچی بۆ شاردنەوە نیە و ناشیەوێ لەگەل ویژدانی خۆیا درۆ بکات. هەر لە سەرەتای ژیانا حەمەدی مەولوودی دایکی مردووە و کەوتوەتە بن شکەنجەی زڕدایکێکەوە و ئیتر لەوێوە بە پێچەوانەی ویستی خۆی ناچارە بۆ مانەوە تەنانەت دەست بۆ ماڵی ئەم و ئەو بەرێ. بێجگە لە گێڕانەوەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی کە من بەش بە حاڵی خۆم وەک پاڵەوانی کوردایەتی کۆماری کوردستانی دەناسم، چەند بەشێکی دیکەی کتێبەکە سەرەنج ڕاکێشن. کاک وریا بە پشوو درێژیەوە بە دواداچونی بۆ کەسایەتیە خاوەن ڕوڵەکانی ئەو سەردەمە کردوە، ئەو بابەتانەی هێناوە کە سەبارەت بە کاپیتان نوسراون و هەروەها بۆ ساغکردنەوەی ڕووداوەکان بە دوای سەرچاوەدا گەڕاوە.

**پێشنیار دەکەم کتێبی کورد بوون بخوێننەوە و چێژ لە ڕاستبێژی و ئازایەتی ڕاستەقینە ببینن.**

ئەم کتێبە لە لایەن چاپخانەی ٤٩ کتێب چاپ کراوە و بۆ بەدەست هێنانیشی ئەتوانن پێوەندی هەر بەو چاپخانەیەوە بگرن.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئێمە بۆ هەموو بابەتێک دابەش دەبین!




### بەشی یەک

نێزیک بە تەواوی کوردەکان لە قسە کردن و دروشمدانا کوردستان بە یەک وڵات و کورد بە یەک نەتەوە پێناسە دەکەن. لە زۆر کات و قوناغیشا یاری بە هەستی نەتەوەیی کوردەکانەوە دەکرێ و کراوە. هیچ یەکگرتویەکمان نیە، سەبارەت بە بچوکترین بابەت هاوڕا نین.

ئەگەر قەرار بێت کورد و کوردستان یەک نەتەوە و نیشتمانی دابەش وپارچە کراوبێ و حیزبەکان، چالاکانی سیاسی، ئەدەبی، هونەری و... دژی ئەو ناڕەوایەتیە بن ئەوا دەبوو لە جیاتی بەرەنگار بونەوەی یەکتر دژی ئەو ڕەوشە ببنەوە کە تێیدان.

کوردستان کراوەتە چۆرا پارچە و گەلی کوردیش دابەشی سەر چوار دەوڵەت نەتەوە ی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە کراوە.

تراژیدی چارەنوسی کوردان تەنیا پارچە بونی وڵات و دابەش بونی نەتەوەکەیان بە نارەوا و بە گۆێرەی بەرژەوەندی

سیاسی، سەربازی و ئابوری دەسەڵاتەکان نیە بەڵکو کارەسات ئەویە لە دوای شەڕی یەکەمی دنیاگرەوە تا بە ئەمڕۆ کورد هەروا لە دابەش بونەوەدایە و ئێستە ئیتر نەک چوار بەش بەڵکو بوەتە چوارسەد بەشەوە.

کۆ دەنگیمان نیە، هاوخەباتیمان نیە، هاوهەڵوێستیمان نیە. پەیامی هاوبەش و گوتاری هاوبەش، هێزی سەربازی هاوبەش و دیپلۆماسی هاوبەشمان نیە. کەس گرینگی بەویتر نادات و هەر لایەنە و خوی بە پێشەنگ دەزانێ.

کۆمەڵێ هۆکار و فاکتا پێشگرن لەبەردەم یەک خەباتی هەموو لایەنەکاندا، کوردستان کولونیالیەکی نێوان دەوڵەتانە، سنووری جوگرافیایی سیاسی هەیە، گەلی کورد لەبن دەست و دەسەڵاتی چوار دەوڵەت نەتەوەی بیر فاشیزم و جینایەتکار دایە، لەوانەیە ئاسان نەبێ هەموو حیزبەکان لە یەک سەنگەرا کۆ بنەوە، ژێئۆپلۆتیکی کوردستان وا هەڵکەوتوە کە ڕۆژهەڵات پشتی بە باشور، باشور پشتی بە باکور و باکور بە ڕۆژئاواوەیە، یانێ شۆێن و جوگرافیای ستراتیژی سەربەخۆمان نیە بەڵام ئەوە تەنیا لایەنێکی کێشە و ئاستەنگیەکەیە، لایەنەکەیتری خودی خۆمانین.

ئازادی پلان، ستراتیژی، تاکتیک و دیپلۆماسی دەوێ، هاوکات، ڕێکخستن، ئابوری، هێز و چالاکی بەردەوام ڕوڵی گرینگی هەیە.

لە قوناغی شەڕی یەکەم و دووهەمی دنیاگرا کورد گیرودەی ئەو سنوورە سیاسیانە نەبوو بەڵکو گیرودەی ئەقڵی عەشیرەیی و نەبونی ڕێبەرێکی کاریزما و خاوەن بڕیار نەبوو، ئەوکاتەش کە ڕێبەرانی زانا و سیاسەتوان و بیرفراوان هاتنە گورەپانی تێکۆشان ئەوا دنیا سەقامیگر و دەوڵەتەکان لەگەل یەک سازا بوون و دەرفەتەکان بۆ کوردان بەرتەسک ببوونەوە.

لەوانەش خراتر ئەویە کە لە قوناغی بە ڕێکخستبون و لەوکاتەدا کە خەباتی حیزبایەتیش گەیشتە کوردستان ژمارەی ڕەێبەر و حزبەکان بە خێرایی زیادیان کرد و ئیتر هیچ ڕێبەرو حیزبێک ئەویتری قەبوڵ نەبووە و نیە.

لە ساڵی ١٩٥٠ کاتێک لە عێراقا گوڕانکاری لە بەڕێوەبەری وڵاتا هاتە ئاراوە و دسەڵاتی پاشایەتی ڕوخا و حاکمیەت بو بە کۆماری دەرفەت بۆ کوردیش هاتە ئاراوە، بۆشایەک لە نێوان دەوڵەتەکانا دروست بوو، کوردستان وەک ئەمڕۆکە میلیتاریزە نەکرا بوو، بە واتایەکیتر دەرفەتێک بۆ کوردەکان هاتبوە ئاراوە کە خویان لە باشورا سنووردار نەکەن و ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبێ لە بەشەکانیتری کوردستان و بەتایبەتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتا کورەی شورش تاو دەن، بەداخەوە نەک هەر ئەوەیان نەکرد بەڵکو بونە بەربەست بۆ شۆڕشگێڕانی بەشەکانیتر بەڵکو خوڵەمێشی تێکۆشەرانی ئازادی نەتەوە و نیشتمانی دابەش و پارچە کراویان  بەسەر خۆیانا کرد.

لەوکاتە بەداوە کورد بەردەوام دوو شەڕی کردوە، لە سەنەگەرێکا شەڕی دوژمن یان داگیرکەران و لە سەنەگەریەکیترا شەڕی خۆی.

ئەوەندەی ئێمە لە خۆمان کوشتوە و ئەو شەڕانەی دژی خۆمان کردومانە ئەگەر نیو ئەوەندەیمان بۆ لێدانی دوژمن بەکار بهێنایە ئەوا بێگومان ئێستەکانی لە ئاستێکیتری هاوکێشە ناوچەیی و جیهانیەکانا بوین.

لە ناوەڕاست و کوتایەکانی دەیەی حەفتای سەد ساڵی بیستا جوڵەی حیزبە کوردیەکان دەستی پێکرد کەچی لەوێشدا مستێکیان لە دومن و خەنجەرێکیان لە خۆیان ئەدا. سالی ١٩٧٩ بە گوڕانکاری لە ئێرانا بۆشایەکیتر هاتە ئاراوە، کورد دەیتوانی کەڵکی لێوەرگری، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتا بەڵام بێ ئێنجام شەڕ بەسەر گەلی کوردا سەپا و شۆڕشی کورد لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانا کەوتنە بن سێبەری شەڕی ئێران و عێراق، هاوکات لە باکوری کورستا جوڵانەوەیەکی فراوان دەستپێپێکرد.

لە ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ جارێکیتر شانس ڕوی لە کوردان کرد، ئەوجارەش لە جیاتی بیر لە سەرکەوتن بکەنەوە بەربونە یەکتر کوشتن و بەوجورە هەم گەلی کورد لە باشوری کوردستانا توشی خەساری زور هات و هەم کاریگەری خراپیان کردە سەر ڕۆژهەڵات و باکوریش، بە جۆرێ کە تێکوشان لەو دوو بەشەی وڵاتا توشی قەیران هات.

لە سەرهەڵدانی چەتەکانی داعەش سال ٢٠١١ تا ٢٠١٩ بۆ یەکەمجار تێکوشەرانی سیاسی و سەربازی کورد لە یەک سەنگەر دا خۆیان دیتەوە، مێژویەکی تایبەت بوو، دەرفەتێکی گەورە هاتبوە ئاراوە، بەداخەوە بە هوی فرە ڕێبەری و فرە حیزبی و کاریگەری داگیرکەران بەسەر لایەنە کوردیەکانا دەرفەتەکان گوڕدران بە تێکشکان، نیوەی باشوری کوردستان و نیوەی ڕۆژئاوای کوردستان لەدەستچوون.

داخوا بەم پارچە پارچە بونە، بەم لێک تێنەگەیشتن و پێکهەڵپرژانە شانسی سەرکەوتنمان هەیە؟

ئێمە فەرامۆشکارین، ئەوانەی خەرنجەر بە پشتمانا ڕۆ دەکەن بە زمانی فریودەرانە و بە دروشمی بریقەداری نەتەوەپەرەستی بە لاڕێمانا دەبەن و لە جیاتی ئەوەی حیسابی کردەوە ترسنۆکانە و خراوکاریەکانیان لێ بخۆازین دابەش دەبین و لایەکمان پشتگیریان دەکەین و لایەکمان دژیان دەوستینەوە.

نە کوردستان وەک هیچ شۆێنێکی دیکەی جیهانە و نە گەلی کورد وەک گەلانی دیکەی ئەم دنیایەیە. هیچ نەتەوەیەک

ئەوەندی ئێمە دەرفەتی لەدەست نەداوە و وەک ئێمە لە کاروانی تێکنۆلۆژی، ئابوری، سیاسی و سەربازیدا بە جێ نەماوە. ئێمە لە بۆشاییە مێژوویی، جوگرافیای، سیاسی، ڕێکخستنی و یەکگرتویداین و تا ئەوکاتەی نەتوانین ئەم بۆشایانە ببینین و هەوڵی پڕ کردنەوەیان بدەین چارەنوسمان لە خراپەوە بەرەو خراتر دەچێ.

ئێمە زۆر بە ئاسانی بۆ بچوکترین بابەت گەورەترین دابەش بونمان دەکەوێتە نێوان و خۆمان بۆ بابەتە بچوکەکان تەرخان دەکەین و گرفتە سەرەکی و بەرپرسیارەتیە گەورەکان وەلاوە دەنین.

## بەشی دوو

### دەرفەتە لەدەستچووەکان

گەلی کورد، یەکێک لە گەلانی بندەستە لە جیهانا کە زیاتر لە سەد ساڵە خوێن و خەباتی بەردەوامی لە پێناو ئازدیدا بێ ئەنجام ماوەتەوە.

هۆکار یان هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی گەلی کورد ئەنجامی وەرنەگرتوە و لە زۆر حاڵەتا هەر پاشەکشەی کردوە، دانە و دوان نین بەڵام گرینگترینان دەرفەتە لەدەستچوەکانن.

لە ڕەوتی ڕووداوە مێژوویەکانا گوڕانکاری لە جوگرافیا، کۆمەڵگە و پەیوەندیەکانا دێتە ئاراوە لەو گوڕانکاریانە دا ئەگەر هەر لایەنێک ڕاستەوخۆ بەشدار و کاریگەر نەبێ ئەوا قوربانیە.

لەوانەیە ئێمە بگەڕینەوە بۆ ڕووداوە مێژوویەکان و چەندین بەڵگە و ڕێکەوتن لە ناویاندا ، ڕێکەوتنی لۆزان وەک بیانوی سەرنەکەوتن بێنینەوە. لە ڕاستیدا پەیمانی لۆزان ئەنجامی ئامادە نەبوونی خودی کوردەکان بوو، یان باشترە بێژین تێنەگەیشتنی گەلی کورد بوو لە قوناخ و دەرفەتەکان.

بەر لە پەیمانی لۆزان پەیمانی سایکس - پیکۆ هەیە، لەوێدا قەوارەی دەسەڵاتداری بۆ کوردەکان بە ڕوونی دیاری کراوە. دواتر پەیمانی سێڤەرە کە لەوێشدا تا ئاستی جیابونەوە و سەربەخۆیی ماف بۆ گەلی کورد لەبەر چاو گیراوە.

کەواتە بۆچی دواتر لە پەیمانی لۆزانا کە هەموی لە پروسەیەکی ١٠ ساڵە دا، واتە لە سایکس - پیکۆوە تا لۆزان، گەلی

کورد پەراوێز دەخرێ و دواتر لە دووبەشی کوردستانا کورد بوون قەدەغە دەکرێ؟

لێرەدا من نامەوێ هەم کێشەکان دەسنیشان بکەم و هەم وەڵامەکانیش بدەمەوە، ئەوەی بۆ من گرینگە ئەوەیە ئێمە وەک کورد بۆچی بە وردی سەرەنج نادەینەو وردەوکاریە مێژوویی و ئاور لە ڕووداوەکان نادەینەوە و تەنیا بە ئێحساس دەجوڵێینەوە.

هەرچۆنێک بێ لەم برگە مێژوویەدا کە جیهان پێیدا تێدەپەڕێ ئازادی گەلان و دامەزراندنی دەوڵەت وەک سەد ساڵی ١٩ و بیست نیە، پارسەنگی هێز گوڕاوە، تکنولۆژی، ئابوری و بازرگانی جێگەی لەشکری سوار و پیادە، تۆپ و باروتیان گرتوەتەوە.

لە چاخەکانی ڕابردوودا ئیمپراتوری هەبوو، کەسێک بە هێزێکی زۆری لەشکری و بە هەزاران سەربازی پیادە و سوارە ناوچەیەکی فراوانی داگیر دەکرد و ئەوجا دەکەوتە بەربەرەکانێی دەسەڵاتەکانی دیکە، لەوکاتەدا هەم ئیمکاناتی سەربازی کەم و هەم شێوەی شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوەکان جیاواز بوو.

بە تێپەڕینی کات و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مروڤایەتی وردە وردە ئیمپراتورەکان لە ناوچوون و لە جێگەی ئیمپراتورە گەورەکان دەسەڵاتی بچوک دامەزرا کە قەوارەی سیاسی و ئیداریان بە خۆوە بینی. زۆربەی دەسەڵاتدارکان پاشایەتی بوون و لە بنەڕەتا پاشاکان جۆرێک ئیمپراتور بوون، تەنیا جیاوازیەکەیان ئەوە بو کە ناوچەی ژێر کونترو و حەشیمەتی بندەستیان کەمتر بوو.

لەو ڕەوتە مێژوویانەدا کورد نە ئیمپراتوری هەبوو و نە پاشا. ڕاستە هێندێ سەرچاوە هێندێ کەس، ئیمپراتور و پاشا وەک کورد پێناسە دەکەن، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە هەر ئەوەی کە کەسێک پاشای نازانم کام ناوچە یان ئمپراتور بووە و نیوەی ئەوروپا و ئیسرائیلی داگیر کردوە و کورد بووە بە واتای ئەوە نیە کە کورد خاوەن ئەو ئیمپراتور یان پاشایەتیە بووە، هەر ئێستەکانی لەو جۆرە بابەتانەمان هەیە، کەسێک سەرۆک کۆماری وڵاتێکە و کوردیشە کەچی هەبونی کوردان ڕەد دەکاتەوە و تا دوایی.

لە پرۆسەی ڕوخانی دیکتاتورەکان و تەنەنات لە سەردەمی حکومەتی پاشاکانیشا دەرفەت بۆ گەلان هەبوو کە بتوانن بە خۆڕێکخستن و ئامادە کردنی لەشکرێکی چەند هەزار کەسی حکومەت دامەزرێنن و خویان لە بندەستی ڕزگار کەن.

ئەو دەرفەتانەی کورد لەدەستی داون زۆرن بەڵام کۆتایی سەدساڵی نۆزدە و بیست بۆ یەکلایی بونەوەی کوردەکان زۆر گرینگ و هەستیار بوو، ئەو دەرفەتانەی کە هیچکات دووبارە نەبوونەوە بە ئاسانی لەدەست چوون.

لە سەدساڵی نۆزدە و بیستا چەندین نەتەوە بونە دەوڵەت، نەک هەر حوکمی خۆیان بەڵکو چەندین نەتەوەی دیکەشیان بندەست کرد. گەلی کورد لەو رەوتە دا نەک هەر ئازاد نەبوو، کەچی پارچە پارچەش کرا.

دەرفەتە لەدەست چووەکانی گەلی کورد تا کۆماری کوردستان لە مەهاباد شۆڕ دەبێتەوە و ئیتر دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد، تێکۆشانی گەلی کورد سنووردا و لەبن کاریگەری ئەولا و ئەولا دایە.

ئەگەر لە سەردەمی شەڕی یەکەمی دنیاگرا گەلی کورد خۆی تەیار بکرادیە و ڕێبەرێکی زانا و دووربینی هەبایە ئەیتوانی بە یارمەتی وەرگرتن لە لایەنە دژبەرەکان خۆی بکاتە هێز و دواتر هیچ حیسێبێک بۆ لایەنەکانی دیکە نەکات.

یانێ لەوکاتە دا کە پێشکەوتنی سەربازی و ڕێگەوبان نەهاتبوە ئاراوە و تەنانەت یەک کەس گەورەترین کێشەی ئەمنیەتی بۆ ناوچە و دەسەڵات دروست دەکرد باشترین دەرفەت بو بۆ کوردەکان کە سەرهەڵدانێکی گشتگیر بێننە ئاراوە و حکومەتێکی خۆماڵی دامەزرێنن.

**ئایا هۆکار چی بوون کە ئەو دەرفەتانەمان لەدەست دان؟**

**هۆکار چیە هیچکات ئێمە ئاوڕ لەو دەرفەتانە و هۆکاری لەدەست چوونەکانیان نادەینەوە؟**

**هۆکار چیە کورد هەمووکات خۆی بە قوربانی و بەشخوراو دەناسێنێ و بۆ مافەکانی دەپاڕێتەوە؟**

چاو لێکەن کاتێک سەنجەرخان لە سنە لە داگیرکەرانی ناوچەکە تورە دەبێ و بەرەنگاریان دەبێتەوە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانا هەمان تورە بوون هەبوو بەڵام قەت یەکیان نەگرت و بێ ئەنجام تێکشکان.

لە کاتی سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران، شوڕشی ئارارت، شێخ ڕەزای دێرسیم، شێخ مەحمودی هەفید، مەحموخانی دزڵی و سمایل ئاغای سمکۆ دا شانسی گەورەی سەرکەوتن هەبوو کەچی لێکدابڕان و یەکتر قەبوڵ نەکردن بۆنە هۆکاری تێکشکانە یەک لە دوای یەکەکان.

ئێستەکانی ئێمە لە قوناغ و هەل ومەرجێکی دیکە داین، بە بێ ئەوەی بگەڕینەوە بۆ دەرفەتە لەدەست چووەکان ناتوانین ستراتیژی دروست بۆ قوناغە هەستیارەکانی داهاتومان داڕێژین.

ئەوەی لە ئەقڵی کوردان دا نەگوڕاوە و هەر هەمان ڕیچکەی شکستەکانی ڕابوردویە، لێک دور کەوتنەوەو پشتی یەکیتر بەردانە.

## بەشی سێ

### گەلی کورد لە هاوکێشەکانا بە جێ ما

لە بەرەبەری شەڕی یەکەمی دنیاگرا دوو ئیمپراتوری تزار لە ڕوسیە و عوسمانی لە تورکیە لەرزۆک ببون و بە پەرەگرتنی شەڕ تاقەتی بەربەرەکانێیان نەما و ڕوخان. لەو سەردەم و قۆناغەدا وڵاتانی ئەوروپایی و لە پێشیانەوە ئینگلستان و فەرانسە خاوەن هێز بوون و چەک و چۆڵی باشتریان هەبوو.

لە ساڵی ١٩١٧ بە ڕوخانی ئیمپراتوری تزار شۆڕشی کرێکاری یان سوسیالیستی بە ڕێبەرایەتی فلادێمیر لینن سەرکەوت .بە سەرکەوتنی شوڕش لە ڕوسیە، دنیا بوو بە دوو بەشەوە، بەرەی سوسیالیستی و بەرەی سەرمایەداری یان ئیمپریالیست.

هەر دوو بەرەی جیهانی هەوڵیان ئەدا وا نیشان بدەن کە دەیانەوێ خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن و لەو پێناوە دا بڕوایان بە مافی دیارکردنی چارەنوسی گەلان هەبوو.

لە ڕێکەوتنی کوتایهاتنی شەڕی دنیاگری یەکەمدا کورد وەک نەتەوە ناوی هەبوو بەڵام خوی حازر نەبو و هیچ پلان و پرۆژەیەکی کوردی کە کوردەکان خویان دایانڕشتبی لە ئاراد نەبوو.

لەگەل گەشەی بەرەی سوسیالیستی بەرەی سەرمایەداری کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی دەستیان لە ناوچەکە و بەتایبەت ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین نەبڕدرێ.

ئیتر دەوڵەت نەتەوەکان گرینگیان پێدرا و مافی چارەیخۆنوسین بو بە بڕیاری سەرکاغەز و لە ئاست گەلانی بندەست و لە ناویاندا گەلی کوردا بەکار بەهێندرا.

وەک لە بەشەکانی دیکە دا باسم کردوە شانسی سەرکەوتنی گەلان بەر لە دروست بونی بەرەی چەپ و ڕاست و هەروەها بەرهەمهێنانی چەکی مودێرن، تانک و توپ و فڕۆکە زۆر زیاتر بوو. لەو قۆناغە مێژوویەدا واتە لە نێوان سەد ساڵی نۆزدە و بیستا گەلی کورد ئەیتوانی بە ئاسانی کیانێکی تایبەت بە خۆی بێنێتە ئاراوە، ئیتر دوای شەڕی یەکەمی دنیاگر و چڕ بوونەوەی ململانێی نێوان هێزە سەردەستەکان ئەو شانسانە کەم بوونەوە و گەلی کوردیش خاوەن پلان و بەرنامە و تاکتیکی بە پێز و گرینگ نەبوو کە بتوانێ لە گۆڕەپانەکەدا یاری بکات، جیا لەوانەش گەلی کورد هیچ جۆرە داهێنانێکی زانستی نیە و نەبووە و لە گەشەی تکنولۆژیشدا بەجێماوە. لە بنەڕەتا گەلی کورد لە هەموو قوناغە مێژوویەکانا حازر نیە، یان لەگەل سەفویە یان لە بەرەی عوسمانی و ئەو ڕەوتە هەروا بەردەوام بووە تا بە ئەمڕۆ و تەنیا ناوی ئیمپراتور و دەسەلاتەکان گوڕداون دەنا لە هەلۆێست و هەڵس وکەتی گەلی کوردا گوڕانکاری بنەڕەتی نەهاتوەتە ئاراوە.

لەگەل هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی دنیا گرا ئیتر کۆمەڵێک گوڕانکاری گرینگ ڕویان دا و نەتەوەی بێ هێز وبێ پرۆژە پەراوێز خرا و جوگرافیاکان بە گوێرەی بەرژەوەندی هێز و هەروەها بە گوێرەی بەرژەوەندی زلهێزەکان دیاریدەکرا و دەوڵەت نەتەوەکان بە گوێرەی مەیل و ویستی بەرەی چەپ و راست دروست دەبون یان دەڕوخان.

بەرهەم هێنانی چەکی ناوکی لە لایەن ئامریکا ودواتر پەرەسەندن و ململانێی ئەو چەکە مەترسیدارە لەلایەن بەرەی سوسیالیستیەوە دنیای بەرەو لایەکیتر برد.

ئەو گەلانەی لە سەردەمی چەکی برنەو و کالیسکە دا نەگیشتنە ئەنجام لە سەردەمی چەکی ناوکی دا هیچ شانسێکیان بۆ سەرکەوتن بۆ نەمایەوە.

دواتر دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربازی ناتۆ لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانەکانی و هاتنە ئارای بەرەی سەربازی وەرشۆ لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەت و دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی جولەکە لە ئیسرائیل هەموو هاوکێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین و جیهانی سەرو بن کرد.

ساڵی ١٩٦٧ حکومەتی جولەکە کە خاوەن دەوڵەتێکی بچوک بو بۆ چەند ملیون کەس لە جوگرافیایەکی بەرتەسکا توانی شکست بە ئەرتەشی وڵاتانی عەرەبی بێنێ و ئەوش دنیای توشی گەورەترین شۆک کرد و پەیامێکیش بوو بۆ ئەوەی بالانسی هێز بە جۆرێ گوڕاوە کە ئیتر چەکی مودێرن بڕیاردەرە نەک حەشیمەت و ژمارەی هێزی سەربازی.

کەواتە دەبێ ئێمە بە وردی بیر لەوە بکەینەوە هۆکاری سەرنەکەوتنمان وەک کورد تەنیا یەک و دوان نیە بەڵکو ئێمە

هەموو کات بە جێماوین و ئەوەش وایکردوە کە پەرش و بڵاو بینەوە و لەجیاتی یەکگرتن بکەوینە بن کاریگەری و هەژمونی ئەم و ئەو.

کاتێک دنیا باسی چەکی ناوکی، فڕۆکەی مودیرینی شەڕکەر و ژێردەریایی و ئەو شتانەی دەکرد تازە ئێمە دەستمان بە کەلاشینکۆف گەیشتبوو و هەتا ئەمڕۆ هەر لە کلاشینکۆفا ماوینەتەوە و حکومەت و دەسەلاتەکان گەیشتونەتە فڕۆکەی بێفڕکەوان، درۆن، لیزەر و تا دوایی.

بۆ ئەوەی بتوانین بە ئەنجامێک بگەین و پێش لە خەساری زیاتر بگرین باشترین چارەسەر ئەوەیە لە قوناغەکە تێگەین و لە جیاتی کلاشینکۆف و ئەو هەمو حیزبەی هەمانە ڕێبازی تێکۆشان بگۆڕین و جولانەوەیەکی بەرفروانی تورەی نارزای لە سەرتاسەری کوردستان و جیهانا بێنینە ئاراوە.

ئەمڕۆ دنیا دنیای بازرگانی و سەرمایەداریە، جیهان لە چەند جەمسەریدایە و هەر جەمسەرەی هەوڵی دەستگرتن بەسەر بازاڕی وڵاتان دا دەدات و ئیتر مافی گەلان، ئازادی، دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ کەمرەنگ بونەتەوە و کەس گرینگیان پێنادا.

بەڵێ ئێمە وەک کورد لە کاروانی سەرکەوتنا بە جێماوین، قوربانیەکی بێژمارمان داوە، تێکۆشانێکی دور و درێژمان هەبووە، بەلام بەردەوام لە قاچی خۆمان داوە و بێ ئەنجام ماوینەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠٢٤

# دوو نامەی فەرهادی وەکیلی لە زیندان پێش گیان بەختکردن



**وەرگێڕان**

**فەرهاد وەکیلی ساڵی ١٣٤٥ لە شاری سنە لە دایک بووە، خوێندنی تا موهەندسی کشت و کاڵ درێژە پێداوە و تا ئاستی جێگری بەرپرسی گشتی ئیدارەی کشت و کاڵی ئۆستانی کوردستان پلەی ئیداری بەرز بوەتەوە. ساڵی ١٣٨٥ لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەسگیر دەکرێ و ساڵی ١٣٨٩ هاوڕێ لەگەل عەلی حەیدەریان، فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەمهولی و مێهدی ئیسلامیان لە زیندانی ئەوین لە سێدارە درا. سێ منداڵی هەیە بە ناوەکانی، هەنگامە، هەورام و هەوراز.**

## نامەی یەکەم

**بە ناوی ئازادی**

**ئاوڕ لە ڕابووردووم دەدەمەوە، تەنیا ڕابووردوو. دوای تێپەڕینی نێزیکەی دوو ساڵ لە بەندیخانە جارێکیتر گەڕێندرامەوە بەندی پڕ ڕاز و ڕەمزی ٢٠٩ی وەزارەتی ئیتلاعات، چاوبەستەکانم لە چاودایە کە بۆنێکی ناخۆش ئازارم دەدات، بیرەوەریەکانی ئەم شوێنە نەفرەتیە ئازارم دەدەن، ئەم شوێنە لە خاکی ئێرانا وەک شوێنەکانی دیکەی وڵاتە، لە ژێر سێبەری کەسانێک بە بیرکردنەوە و ئیدئۆلۆژی تایبەتەوە کونتروڵ دەکرێ.**

بیرەوەی یەکەمجارم لا زیندوو بوویەوە کە گواسترامەوە بۆ بەشی ٢٠٩. ئەوکاتەی دوای تەحەمول کردنی قورسترین شکەنجە نامرۆڤانەیەکان لە لایەن ئیتلاعاتی ڕژیم لە شاری سنەوە بۆ زیاد کردنی گوشارەکان و بە قسەی خۆیان تێکشکاندنم هێنرامە ئێرە و ڕووبەڕوی کەسانێک بوومە وە کە گویا پسپۆڕن، ئەو کەسانە کە تەجروبەی چەندین ساڵ دڕندەی و شکەنجەکردنیان هەبوو بە شانازیەوە باسی کارە نامرۆڤانەیەکانی خۆیان بۆم دەگێرایەوە و دەیانوسیت لەو ڕێگایەوە بمترسێنن، دەیانوسیت تێمبگەینن کە لێرەدا کەس ناتۆانێ بەرخوردانی هەبێ و هەموو کەس تەسلیم دەکەن.

ڕۆژ، حەوتو و مانگەکانم لە ژووری تاکەکەسی لەگەل گوشاری جەلادەکانی زیندان و بێ هەواڵ لە ژیانی دەرەوەی زیندان و بنەماڵەم تەحەمول کرد و وەک دەرفەتێک کەڵکم لەو دەورانە دژوارە وەرگرت بۆ ئەوەی پێداچونەوە بە بیروباوەڕ و ئامانجەکانم دا بکەم. من لەو بڕوایەدام کە هێندی جار کاریگەری بێدەنگی لە زۆر میتینگ، کۆبونەوە و نوسینی ئێحساسی زیاترە. لە ماوەی بەندیخانە دا زۆر جار ویستم بنوسم و نوسیم. سەرەتا نوسین زەحمەت بوو، هەموو کات بە ڕەش کردنەوە لاپەڕەکان ناڕازی بووم، دەمزانی کە نوسینەکانم کەموکورتیان هەیە و ئەوش بابەتە سەرەکیەکەیە، یانێ دەبوو بڕوام بەو شەتە هەبێ کە دەینوسم، دەنا دەبومە کەسێکی هەلپەرەست و پشتم لە بیر وباوەرەکانم دەکرد.

گەڕانەوە بۆ بەندی ٢٠٩ و هەڵس وکەوتی جەلادەکان بە تاکتیکی نوێوە گورانکاری لە مندا پێکهێنا. ئەمجارەیان لەگەل جەلادەکاندا روبەڕوو دەبومەوە و چاومیان نەدەبەست، لەوەی کە لە کەش و هەوایەکی تا ئەندازەیەک ئاسانتردا قسەیان لەگەلا بکەم نەدەترسان. تەنانەت هەڵس و کەوت و سەروشکڵی جەلادەکان بە ڕواڵەت فەرقیان کردبوو. ئەمجارەیان کەسانێک کە لەگەل مندا ڕووبەڕوو دەبونەوە یانێ هەمان جەلادەکانی زیندان کەسانێک بوون خاوەن خوێندەوە و ڕوناکبیری.

بە دڵنیابونەوە گەشتمە ئەو بڕوایەی کە لەهەڵس و کەوتیان دا دووڕوویی و ناڕاستی هەیە. وام بیر دەکردەوە کە لەوانەیە هەل ومەرجێک هاتبێتە ئاراوە کە ئەو جەلادانەی تەنیا بە لێدان و بێحورمەتی کردن هەڵس وکەوتیان دەکرد ئێستەکانێ ئاوا بە نەرم ونیانی قسە دەکەن. تەنانەت ئەگەر هەڵس وکەوتەکەشیان تاکتیکی بوبێ کاریگەر بوو. ئەو هەڵس وکەوتانە وایان دەکرد کە هەست بەوە بکەم لایەنەکان تێگەشتنی دروستیان لەیەکتر نەبووە و تەنیا لە چوارچێوەی دەمارگرژیدا ڕووبەڕوی یەکتر بووینەتەوە.

حاکمیەت و سیستمی دەسەڵاتدار، منیان بە دژی ئاسایش و دۆژمنی خۆیان دەزانی و لە هیچچ هەل ومەرجێکدا ئامادە نەبوون بە نەرم ونیانی بەرەوڕوی من ببنەوە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە من هیچ چەشنە مافێکم نیە و دەبێ تەنیا بە بەژن و بالای ئەوان و حاکمیەتەکەیانا هەڵبڵێم و لە پەنا حکومەتی ئەوان دا درێژە بە ژیانی خۆم بدەم. بە بیر و رای ئەوان گیرودە بوون بە مادەی هۆشبەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و دەبێ قەبوڵ بکرێ. هەروەها ئەوان پێیان وایە دزی کردن بەشێکە لە

تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ و بێ ئێخلاقی و توند وتیژی پێویستی حکومەت و سەرکوتکاریە. بەندیخانە و ئێعدام پێویستی یاسایە.

بە باوەڕی من حکومەت بە واتای ئیدئۆلۆژیە و بێجگە لە ویستی دەسەلاتداران هیچ شتێکیتر تەحەمول ناکا و پێویستی گوڕانکاری لە هیچ هەل ومەرجێکدا نابینێ.

زەمان تێدەپەڕی و گومانەکانی من لە هاتن وچونی ڕۆژنەم بۆ لای جەلادەکان و ئەو بۆگەنە ناخۆشە زیاتر دەبوون. دوای چەندین جار لێکۆڵینەوە جەلادەکەم هەستی دەکرد بە پێچەوانەی هاوکارەکانی توانیویە کاریگەری لەسەر هەستی من دانێ و پێوندەیەکانی لەگەل منا نێزیکتر کردەتەوە بۆیە ویستی سەرەکی خۆی هێنایە گوڕێ. داوا کردنی لێبوردون.

بە بڕوای جەلادەکە من کە خاوەن بیروباوڕە و بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆمم دەبێ ئێعدام بکرێم، تەنیا یەک ڕێگای دەرباز بوون و نەجات هەیە و ئەوەش داوای لێخۆشبون لە دەسەلاتدارانی ڕژیمی ئێرانە.

گروپی نۆێی جەلادەکان ڕایانگەیاند کە ناوەندی ئەمنیەتی بە پێچەوانەی ڕاستیەکان و لە پروسەیەکی تەواو سیاسی دا گوشاری خستوەتە سەر دەزگای دادی ئێران کە حکومەی ئێعدامی ئێوە دەر بکات و ئێستەکانێ تاقە ڕێگای قەربوی ئەو کارەی ئەوان و نەجاتی من داوای لێبوردنە.

شایانی ئاماژە پێدانە کە ئەمەش یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی حکومەتە سەرەڕۆکانە، ئەوان هیچکات نایانەوێ هەڵە و کەم وکوڕتیەکانی خۆیان قەبوڵ بکەن.

ئەوان دەیانویست من حاشا لە رابوردوی خۆم بکەم. بەڵێ، دەیانویست زۆر بە ئاسانی بە واژۆکردنی بەڵگەیەک بە ناوی داوای لێبوردنەوە هەموو رابوردوی خۆم بە بادەم. ئەوان دەیانوت، هیچ شتێک لە خۆڕا نیە و هەموو شتێک بە ویستی ئێمە دەبێتە شت. داوایان لە من ئەوە بوو کە دەست لە ئیرادە، بەرخوەدانی ئەخلاقی ، ناسنامەی کۆمەلایەتی و مێژووی خۆم بەردەم، هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە هۆنەری لەبیرکردنی مێژووم فێرکەن. یانێ لەبیر کردنی ساڵها دەستدرێژی و نادادپەروەی بەرانبەر بە گەلێک. هۆنەری لەبیرکردنی هەموو ئەو جرم وجینایەتانەی ساڵهایە دژ بە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لە ژێر دروشمی بریقەدار و درۆینەی ئاینی، نەتەوەیی و ئەمنیەتی دا کردویانن. هونەری لە بیرکردنی ئەوەی دژ بە من و بنەماڵەکم کردبویان. ئەوان پێداگر بوون کە ئەوەی لەوکاتەدا ڕوودەدا راستیە و ئەوان ڕێبەر و خاوەنەکانی ڕابردوون و پێداگری من لە ڕابردوو و شانازیەکانم بێواتایە

لە لای ئێوە
وەکو ئێوە
لە ژمار نەهاتوو
بە تاڵەکانی جاڵجاڵۆکە
لەسەر با نوسییان
بژی و بەردەوام بێ ئەم حکومەتە.

ڕۆژ، حەفتە و مانگەکانی پێچوو کە ئەوان بڕوا بەوە بکەن من نامەوێ خۆم لە قاڵبی حاکمان دا بنوسمەوە. من بە پشتبەستن بە ڕابوردوی خۆم و ناسنامەی مێژووی نەتەوەکەم، بە گوێرەی توانا دژی زۆربێژ و زالمان وەستامەوە و ڕامگەیاند کە ئێوە بە هیچ ئەنجامێک ناگەن، لە هەموو دەرفەتێک بۆ وەرگرتنی مافە ڕەواکانی خۆم وگەلەکەم کەڵک وەردەگرم، ئەمجۆرە لە هەڵس وکەوت و کردار و دەسەڵاتداریەی ئێوە چ لە ئێران و چ لە هەر دەسەڵاتداریەکی دژی گەلی و سەرکوتگەر و فریودەر بە کەڵک وەرگرتن لە چواچێوە و تێنەگەیشتنی مرۆڤایەتی و سیاسەتدا ڕاستینەی نەتەوەیەک لە قاڵبی ئیزم و لە شێوەی پروپاگەندە و کەڵک وەرگرتنی ئامرازی لە دروشمی دیموکراسی پشتگوێ دەخەن. من لەوە زیاتر کەڵک وەرگرتن لە هەستی نەوەتەیی و نیشتمانی گەلی کورد و بەکارهێنانی جەکی ئیدئۆلۆژی تەحەمول ناکەم و دڵنیام داوای لێبوردون و لێخۆشبوون لە پێناو تاوانێکدا کە نەمکردووە شتێک بێجگە لە ڕاستیەکان لە مندا ناخۆڵقێنێ و ئەنجامەکەی تەنیا دەبێتە پەشیمانی و بێهیوایی.

ئەڕۆکە دوای تەحومەلکردنی ساڵها بەندیخانە، شکەنجە، دژواریەکان و گەیشتن بەو راستیانەی لەو ماوەیەدا پێیان گەیشتوم باوەڕم بەوە هێناوە کە بێچگە لە بەرخوەدان، بەرخوەدان و بەرخوەدان هیچ ڕێگایەکی دیکە بونی نیە. لەوەش دڵنیا بوومەوە کە حاکمانی ئەم وڵاتە کە ئەمڕۆ دەسەلاتیان قۆرخ کردوە بۆ مانەوە لە دەەسەلات و ئەوەی دەستیان کەوتوە بێجگە لە زوڵم وزۆر، شکەنجە و ئێعدام هیچ شتێکی دیکە نازانن. دڵنیا بن کە هەموو برینەکان لە ئەنجامی ئەم حاکمیەت و دەسەلاتدارە بێ لیاقەت و کیفایەتانە دا دێنەوە سۆێ و چڵک دەکەن و دوای ئەوەی گەل وەشیار بویەوە دەرمان دەدۆزێتەوە.

ئەوش بزانن کە ئەو کەسانەی بە زمانی توند پەروەردە کراون بێجگە لە توند و تیژی هیچ زمانێکی دیکە تێناگەن. کەوابو هەر جۆرە تەسلیم بون وپاشەکشەیەک تەمەنی حوکمی ئەم جینایەتکارانە درێژتر دەکاتەوە و ئامرازی دەسەڵات بە دەسەلاتێک وەردەگرێ کە مەشروعیەتی خۆی لە سەرکوت و توند وتیژی لە کۆمەڵگا وەردەگرێ.

لە دوایین ڕۆژەکانا کە جەلادەکەم گویا بیرجیاواز و ڕۆشنبیرە منی لە ژوری لێکۆڵینەوە بەرەو ژۆرە تاکەکسیەکەم دەبردەوە دیسان هەما ن بۆگەنی کە حاڵی تێک دەدام بەو ناوەدا بڵاو ببویەوە، بەڵام ئەمجارەیان هێندی ڕوونتر تێگەیشتم کە گویا کەسانێک بە دوور لە چاوی ئێمە خەریکی ڕەنگکردنی دیوارەکانی بەندیخانەکەن. ئەوان دیوارە تۆزگرتوەکان ڕەنگ دەکەن لە کاتێک دا لە پشت ئەم دیوارانەوە هەزارن کەس لە بن شکەنجەی قورسا دەناڵێنن، لە ڕاستیدا ئەوان هەموو ترسەکان، ئاواتەکانی پێش مردن، هاوار و ناڵەی هەزاران کەسیان ڕەنگ دەکرد. لە بن تۆز وخۆڵی دیوارەکانا کە ڕەنگیان دەکردن هەزاران ڕازی شکەنجەگەرەکان و زیندانیەکان شاردراوەتەوە.

**بەڵێ، تراژیدیای نەتەوەیەک لێرەدا شاردراوەتەوە.**

**بەڵێ، بۆگەنێک کە لەو ماوەیەدا منی ئازار دەدا بۆنی ڕەنگکردن بوو، لەوەی کە لەوە تێگەیشتم ئەو بۆنە بۆنی ڕەنگکردنە خۆشحاڵ بووم**

**ئازارەکانی من**

**هەرچەند وەک خەڵکی ئەم زەمانە نین**

**لە ئازاری خەڵکی ئەم زەمانەیەن**

**فەرهاد وەکیلی**

**بەندیخانەی ئەوین – تاران**

## نامەی دووهەم

### مردن ئەگەر ئەژدیها بێ ئەوا لای من مێلوریەکی بێ ئازارە

مردن یانێ ئەڤین، ئاسمانی بوون،مردن یانێ دەستبەردانی کورتماوە لە جیهانی هەستی، مردن یانێ دابڕان لە دیار و دوورکەوتنەوەی دایمی لە یاران، بەڵام چەندە باسی مەرگ و مردنم بۆ دەکەن دڵم داناخۆرپێ. مردن ئەگەر ئەژدیها بێ ئەوا لە لای من مێلورەیەکی بێ ئازارە. مردن بۆ من وەک دیاری دۆستە و شانازی پێوە دەکەم چونکە لە پێناو گەلدایە.

دوای مەرگم وەکو شەهیدان یاد دەکرێمەوە بۆیە مردن بۆمن بە واتای دووبارە ژیانەوەیە. مردن بۆ من دڵ بە ئەڤین سپاردنە،بە واتای دوبارە لەدایک بوونەوەیە، ئەگەر تەمەنی من یانێ پێوانی نێوان دوو ویستەگە ئەوا گەیشتنم بە مەنزڵ خەیاڵێکی فراوانە، چونکە من، گەلەکەم، ئازیزان و منداڵەکانم لەم دنیایەدا بێ پەنا بوین. بەڵام ئاواتەکانی من لەم سەفەرەدا کە دەزانم بۆ کوێ دەچم و چم دەوێ بەرەو مردنم دەبەن، بەڵکو بە مردنی من یان مەرگی من، خوێنی مرۆڤێک کە نەوەکانی داهاتو بە شەهیدی دەناسن پشتیوانەیەک بێ بۆ گەلەکەم، نیشتمانەکەم ومنداڵەکانم. بەڵام ئەگەر بڕیارە لە

بەرداشی ئەم ژیانەدا شییێتانە بە دار و دیوارم دا بدەن و تەنیا چڵ و چێوی ئێسکەکانم بمێننەوە، بەرەو پیری مەرگەوە دەچم، ئاخر ئەمە ئیتر مردن نیە بەڵکو پردی پێوندی نێوان ڕابوردو و داهاتوویە. کەواتە لەم شەمەنەفەرەی ناویان لێناوە دنیا دادەبەزم و بە پێی پیادە بەرەو لای ئەڤین دەچم.

ئیتر بۆنی گوڵەباخ، نێرگس و چنوور بۆ لای خۆیانم ڕاناکێشن،ئاخر خۆم سەرچاوەیەک دەبم بۆ بۆنکردنی نێرگس، چنوور و گوڵەباخ. ئیتر بۆ هەتایە خۆم لە چنینەوەی گوڵەکان بێبەری دەکەم، ئاخر دڵنیام لەوەی کە باشترین گولەکانم لە لایەن باشترین مرۆڤەکانەوە بە دیاری بۆ دێن.

هەچەند ڕێگای ڕۆشتنم سەخت و ناهەموارە، لێ کۆتایەکی یەکجاردڵخۆشکەری دەبێ.

دڵم تەنگە، دڵ تەنگم لە دنیا، لە نادادپەروەریەکان، لە زوڵم و زۆرەکان لە دووڕوییەکان. ئیتر جەستەی بریندار و ماندووی من تاقەت و توانای هەڵگرتنی باری بەرپرسیارەتی نۆێی نیە، باوەڕم پێبکەن ناتوانم، ئاستەمە.

نازانن چەندەم ئازار چێشتوە لەوکاتەوەی زانیومە کە من میراتگری باشترینەکانم. ئای چەند ئازارم چێشت لەوکاتەوەی لە پاکی کچانی زاگرۆس تێگەشتم و بوومە پەسنبێژی ئازایەتی کوڕانی ئارات و قندیل. ئاخ چەند بە ئازاە لەو کاتەدا شاهۆش باری قورسی ئەرکەکانمی قورستر کرد. کەوا بو دەبێ بڕۆم، دەبێ ئاشق بم.

ماندوو بوونەکەم لە بەر ڕێپێوان و بەردەوامی ڕێگاکە نیە، بەڵکو لەوە ئەترسم کە ئەو هەموو چێژ و ئەرزشەی ئەمرۆکە پێیان گەشتوم و بەدەستم هێناون لە دەستیان بدەم.

هاوینی ١٣٧٨

بەندیخانەی ئەوین

فەرهاد وەکیلی

سەرچاوە: ماڵپەڕی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠٢٤

## چەکی بێ بیرو باوەڕ سێدارەی جەماوەرە




**هێزی شەریفزادە و کومیتەی شارەستانی سنە دەیان کادر و پێشمەرگەی قسە خۆشیان هەبوو. یەکێکیان کاک عەتا ڕەحیمی بو.**

**عەتا ڕەحیمی کادری کومیتەی شارستانی سنە و دواتر مەڵبەندی دوو بو.**

لە سەرەتای دەسپێکردنی کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوای ڕوخانی حکومەتی پاشایەتی لە شاری سنە، لە ڕیزەکانی حیزب دا دەستی بە تێکۆشان کرد. هەر زۆر خێرا بە هۆی قسە خۆشەکانیەوە بو بە خۆشەویستی هەموو لایەک.

لە ناخۆشترین کاتەکانا، لە تەنگانە و تۆپبارانا، لە ڕێگا ڕۆشتن لەبەر کرێوە وبارانا، لەوپەڕی ماندوو بون و برسیەتیا ئەو بە قسەیەکی خۆش بزەی دەخستە سەر لێوی دەوروبەرەکەی، هەرچی دەگوت خۆش بون.

ساڵی ١٣٦١ کاک ڕەحیم بەغدادی بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان و سنە بو.

یەکەم بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان کاک فەریدون میتران بوو، کاک فەریدون دوای کونگرەی پێنج نەگەڕایەوە و کاک کەماڵ دەباغی بو بە بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان. کاک کەماڵ بۆ کاری تەشکیلاتی چوە ناو شاری کرماشان و دوای ماوەیەک لە لایەن ئیتلاعاتی ڕژیمەوە دەستگیر و ڕاپێچی بەندیخانە کرا. لە بەندیخانەدا ڕووبەڕووی توندترین شکەنجەکان بویەوە، کۆڵی نەدا، ئیرادەی خۆی تەسلیم نەکرد، جەلادەکانی ڕژیم لە بێدەسەڵاتیان دا دوای سەدان شەوڕۆژ ئەشکەنجەدان ئێعدامیان کرد.

کاک شاپور فیروزی فەرماندەی هێزی بێستون بو، بە کردەوە هاوکات بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشانیش بو بەڵام ناوەندی ئاژوان بڕیاری دابوو کە کاک ڕەحیم بەغدادی بەرپرسی هەردوو کومیتەی شارەستانی سنە و کرماشان بگرێتە ئەستۆ.

بنکەی کومیتەی شارستانی سنە لە گوندی تەوریوەر لە چەمشاری سنە و بنکەی کومیتەی شارستانی کرماشان لە گوندی سیویە لە ناوچەی کامیاران بوو.

کاک ڕەشاد حسەینی ئەندامی کومیتەی شارستانی کرماشان و بەرپرسی بەشی ئینتشارات بو.

ئەوکاتە من وەک پەیک، یان نامە بەر لە نێوان کومیتەی شارستانی کرماشان، هێزی بێستون و ناوەندی ئاژوان و کومیتەی شارستانی سنە دا هاتن و چونم دەکرد.بەر لەوەی من ببمە پەیک یان نامەبەری کومیتەی شارستانی کرماشان و هێزی بێستون کاک خالید درودی ئەوکارەی دەکرد، کاک خالید تفەنگێکی بچوکی پێبوو کە پێیان دەوت ویزی(یوزی)، من زۆر حەزم لەو تفنگە بوو، کاتێک کاک خالید درودی چووە لکی شەهید حەمە شەریف بە فەرماندەیی کاک سالار ئیبراهیمی و کاک ڕەشاد بە منی وت کە دەبێ کارەکەی کاک خالید درێژە پێبدەی ، زۆر خۆشحاڵ بوم و پێموابو کە تفەنگەکەی کاک خالید ئەدنە من، بەڵام کاتێک یەکەمجار کەوتمەڕێ و داوای تفەنگەکم کرد کاک ڕەشاد وتی ئەوە هی تەشکیلاتی کامیاران بو و حەمە شوان بردویە، هێندێ خەمگین بوم بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووم لە ناوچە و گوندی نوێ دەکرد خەمی نەبونی چەکم زوو لەبیر کرد.

کاک حەسەن ڕستگار ناسراو بە مەلا حەسەن ڕستگار بەرپرسی ناوەندی ئاژوان، کاک بابا عەلی مێهرپەروەر، کاک عەبدوڵا بەهرامی، کاک شاپور فیروزی، کاک ڕەحیم بەغدادی و ماوەیەکیش کاک تاهیر عەلیار، کاک جەعفەر حامیدی و کاک هومایون ئەردەڵان ئەندامانی ناوەندی ئاژوان بوون.

یەکەمجار لە گوندی سیویەوە نامەم برد بۆ ناوەندی ئاژوان و دواتر بۆ کاک ڕەحیم بەغدادی لە گوندی تەوریوەر . ناوەندی ئاژوان بنکەکەی لە گوندی تەنگیسەر بو.

نێوان گوندەکانی سیویە، تەنگیسەر و تەوریوەر زۆر سەخت بوو، دوو هەورازی دژوار لە سەر ڕێگاکە بوون، یەکیان لە پیرباخەوە تا سەردەکەوتی بە ڕووی گوندی نیەر و ئەویتریان لە گوندی تەنگیسەرەوە تا ئاودیوی گوندی شیان دەبووی.

یەکەمجار کە چومە گوندی تەنگیسەر هەستێکی نامۆم هەبوو. لە ناو دوو دوڵی چڕ و دژوارا بە سێ بەشا ماڵەکانی گوند وەک بە بەرزایەکانەوە هەڵچێندرا بن دروست کرا بوون.

لە یەکەم کەس لە خوار ئاوایەوە پرسیاری بنکەی حیزبم کرد، ماڵێکی پێ نیشاندام، منیش لە پلیکانەی ماڵەکەوە سەرکەوتم و لە دەرگام دا، یەکێک فەرمووی کرد، منیش چوومە ژوورەوە، کوڕێکی گەنجی جوانچاکی باڵابەرز هێندێ کاغەزی لەبەردەستا بو، مژوڵی نوسین بو. سڵاوم کرد، ئەویش بە گەرمی هات بەرەو پیرم و لە لای خۆیەوە داینام، ئینجا هاوڕێیانی دیکە هاتنە ژوورەوە کە ناوینام لەبیر نەماوە، ئەوندەی بزانم سێ کەس بوون، چایەکمان پێکەوە خۆاردەوە، دواتر ئەو کوڕە گەنجە جوانچاکەی خەریکی نوسین بو ڕوی لەمن کرد و وتی: ئەتەوێ بۆ کۆێ بچی، منیش بۆم باس کرد، وتی: ئێرە بنکەی کومیتەی ژاوەرویە، بنکەی ناوەندی ئاژوان لەو سەرەوەیە و پێیان نیشاندام.

ئەو کوڕە جوانچاکە، لەسەرەخۆیەی لەوکاتە دا ناسیم و هەتا ئێستا ڕێز و خۆشەویستی یەکەم دیداری لە دڵ و هەناومدایە کاک حەمە عەلی عەنایيەتی بو، کاک حەمە عەلی عەنایەتی بێجگە لە دەیان ساڵ تێکۆشان و تەحەمولکردنی سەدان سەوڕۆژی پڕ لە مەترسی، بیروباوەڕەکی پۆلاینی هەیە و خەتێشی یەکجار خۆشە یانێ خۆشنوسە.

زەحمەتە لێرەدا بتوانم بە کورتی باسی کار و تێکۆشان، فیداکاری و لەخۆبوردویی، تەحەمول و ماندووینەناسی کاک حەمەعەلی بکەم، هیوادارم دەرفەتێک بێتە پێش بتوانم ئەو ئەرکەم بە جێ بگەیەنم و باسێکی ورد و شایان لەسەر کاک حەمە عەلی بنوسم.

چوومە بنکەی ئاژوان، کاک بابا عەلی مێهرپەروەر وەک سروشت و تایبەتمەندی خۆیەتی هەستایە سەر پێ، ئەولاوئەولای ماچ کردم و بە گەرمی بەخێری هێنام و ئەوجا پرسی، نانت خۆاردوە....

کاک حەسەن ڕستگاریشم هەر لەوێ بۆ یەکەمجار بینی. کاک حەسەن مرۆڤێکی بێدەنگ، جوانچاک، سور و سپی و باڵابەرز

بوو. لەوکاتەدا زۆر بەرزتر و بە هەیبەتر دەهاتە پێش چاوم.

نامەی فەرماندەی هێزی بێستون واتە کاک شاپورم دایە کاک بابا عەلی و کاک حەسەن و شەو لەوێ مامەوە و بەیانیەکەی کەوتمە ڕێ بۆ تەوریوەر.

دوای تەنگیسەر چومە گوندی شیان بەڵام لام نەدا، یەکسەر چووم بۆ تەوریوەر. ئەو گوندانەم زۆر خاوین و تایبەت بینی، بۆنی شاریان ئەدا.

لە تەوریوە چومە بنکەی حیزب کە لە مالێکی گەورەدا بوو، پرسیاری کاک ڕەحیم بەغدادیم کرد، چەند پێشمەرگەیەکم لێ کۆبویەوە، وتیان، چکارەی کاکە؟ چ کارێکت بە کاک ڕەحیمە؟ منیش وتم، پێشمەرگەی هێزی بێستونم و نامەم پێیە.

ئەوانیش بردمیانە لای کاک ڕەحیم، سڵاوم کرد و نامەکەم دایە کاک ڕەحیم، ئەویش نامەکەی خوێندەوە و زۆر بە توڕەیەوە وتی: پێی بێژە نیەسمان، خۆ ئێمە شیرکەتی تایب و تەکسیرمان دانەنیاگە.

ئەو قسانەی کاک ڕەحیم کاریان لەسەر هەستم کرد، من نەمدزانی کاک ڕەشاد لە نامەکەیدا چی نوسیوە و داوای چی کردوە، کاک ڕەحیمیش حەسیبی ئەوەی نەکرد کە من لە ڕێگای دورەوە هاتوم و ماندوو وهیلاکم و دەبو هێندێ دڵسۆزانەتر قسەی بکردایە.

بە دڵی شکاو و توڕەیەوە لە بنکەی حیزب دەرکەوتم و رووم لە گوندی شیان کرد، دامنابو شەو لە شیان بمێنمەوە. لە ئاخر ماڵی گوندی تەوریوەرا بەر لەوەی ئاوایی بەجێبێڵم، توشی دوو کەس بوم، دوو مرۆڤی ڕوحسوک و بە ئەدەب و مێهرەبان.

وتیان کاکە بچکول بۆ کوێ دەچی و چکارەی، وتم پێشمەرگەی هێزی بێستونم و نامەم هێنا بوو بۆ کاک ڕەحیم و ئەویش خراو قسەی تەکما کرد بویە ئەگەڕێمەوە بۆ سیویە.

ئەوانیش زور بە ڕێز وبە خۆشەویستیەوە کەوتنە گاڵتە کردن لەگەڵما و وتیان کاک ڕەحیم ماندوە، پیر بوە و کاری زوری هەیە تۆ نابێ بە قسەی ئەو تورە بیت، تۆ پێشمەرگەی هێزی بێستونی، ئەزانی چەنێ جێگەی شانازیە پێشمەگەی هێزی بێستون بیت.

ئێنجا یەکێکیان وتی: بگەڕێوە من کارێکم بە کاک ڕەحیم هەس فرەم پێ ناچێ، دوای کارەکە بەیەکەو ئەچین بۆ شیان بنکەی ئێمە ها لەوێ.

ئەو دوو کەسە کە توشیان بوم و دواتر زیاترم ناسین، کاک ساسان پەرتەوی کە ئەو کات ئەندامی کومیتەی شارستانی سنە و کاک عەزیز لەحیمی ئەندامی کومیتەی شارستانی سنە و بەرپرسی بەشی ئینتشاراتی کومیتەی شارستانی سنە بو کە بنکەکەیان لە گوندی شیانا بو.

کاتێک کاک عەزیز و کاک ساسان چونە لای کاک ڕەحیم، منیان لە لای پێشمەرگەکان دانا، وتیان نان و چای بدەنێ ئیسە ئێمەش دەگەڕینەوە.

چام دەخۆاردەوە بانگیان کردم و وتیان کاک ڕەحیم بەغدادی بانگت ئەکا.

چومە ژورەوە کاک عەزیز و کاک ساسان بە بزەوە سەیریان دەکردم، کاک ڕەحیم هەستایە سەرپێ و پێچەوانەی یەکەم دیدار ئەولا ئەولامی ماچ کرد و وتی: بوەخشە بەرخوردم خراو بو تەکتا، کاک ڕەشاد داوای ماشینی تایب وتەکسیری کرگە، منیش لەخۆمەوە هەڵچوم.

دوای ئەو دیدارە هەمو جار کە کاک ڕەحیمم دەبینی هەڵس وکەوتی دوستانەتر و گەرم وگوڕتر بو، تەنانەت ماوەیەک لە بنکەی ئاژوان لە گوندی نێرگسەڵە لە ناوچەی دیواندەرە هاوماڵ بوین، چەند جار خەیار شوری دەکرد من دەمخۆارد، خۆی تێنەدەگەیاندم. جارێکیان پێی وتم، خەیارەکان ئەوخۆی پوتەکەش فرێ دە، ئیتر زۆر تەریق بومەوە و داوای لێبوردنم کرد و بەردەوام نەبوم لە خەیار خۆاردن چونکە ئەو خەیارە لە ڕاستیدا بەشی کاک ڕەحیم، کاک ئەمیر پاشاخانی، کاک ڕەشاد و من بو.

کاک عەزیز لەحیمی وتی: کەواتە با بچین. کاک ڕەحیم بەغدادی نامەیەکی نوسی و وتی: بیدەرە کاک ڕەشاد. لەگەل کاک عەزیزا ماڵئاوایمان لە کاک ڕەحیم و کاک ساسان کرد و بەرەو گوندی شیان کەوتینە ڕێ. لە ناو ئاوایا لە دوکانی گوندا توشی چەند پێشمەرگەیەک بوین. یەکێکیان یەکجار قسە خۆش بو، بەردەوام قسەی ئەکرد و ئەوانیتر پێدەکەنین، لەگەل من وکاک عەزیزیشا چاک و چۆنیان کرد و بەردەوام بون لە پێکەنین، کاک عەزیز وتی: عەتا مزدور چەس کردگتە ڕۆژ خوەت؟ ئەویش وتی: چەس ئابرا هەقمان نیە قسە بکەین؟ کاک عەزیز وتی: شۆخیم کرد بۆ زەرفیەتت نیە؟ ئەویش وتی؛ هەیباوا من زەرفیەتم نەوێ ئیتر زەرفیەت هەر خۆی بێ زەرفیەتە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو ناوە و ئەو دیمەنە لە مێشکمدا نەخشی بەست، دواتر دەرفەت هاتە گۆڕێ و کاک عەتام زیاتر ناسی.

عەتا ڕەحیمی کادر و پێشمەرگەیەکی تایبەت بو، قسە خۆش و دڵ و دەرون فراوان بوو. نازانم بۆ بە عەتا مزدور ناوبانگی دەرکردبوو، لە ڕاستیدا شۆڕشگێڕێکی بێ غەل و غەش بوو.

------

ساڵی ١٩٨٦ لە مەڵبەندی دوو لەگەل کاک عەتا ڕەحیمی یەکمان گرتەوە، ئەوە یەکەمجار بو لە یەک شوێنا کار بکەین. ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی سنە درابونە مەڵبەندی دوو، لە ناویاندا کاک شارۆخ موردای و کاک خەلیل محەمەدی ناسراو بە خەلیلە سوور، کاک ئیقبال بێگی و چەند کەسیتر بوون.

لە مەڵبەندی دوو دا زیاتر کاک عەتام ناسی. کاک عەتا تایبەتمەندی خوی هەبوو، هەر زۆر خێرا ئەچوە دڵەوە، لە هەل ومەرجە دژوارەکانا دنیایەک ورە و وزرە و تاقەت بو، بە قسە خۆشەکانیماندویەتیمانی دەرەواندەوە و بزەی دخستە سە لێوانمان.

پایزی ساڵی ١٩٨٧ بنکەی مەڵبەندی دوو چوە گوندی هانەگەرمەڵە. کاک شارۆخ فەرماندەی هێز و کاک حەمەنەزیف قادری بەرپرسی مەڵبەند بون.

کاک عەتا کادرێکی سەربەخۆ بو، لە هیچ شوێن و بەشێکا نەدەوەستا، بەڵام چونکە خۆشەویست و خۆنەویست بو سەربەستیان کردبوو. هەموو لایەک لە کادر و پێشمەرگەوە تا بەرپرسەکان خۆشیان دەویست. کەسایەتیەکی خاکی هەبوو لەگەل گەورە دا گەورە و لەگەل بچوکا بچوک بوو.

وابزانم یەکەم مانگی زستانی ١٩٨٧ی زاینی ١٣٦٦ی هەتاوی بو، دوانیوەڕو بوو، لەگەل کاک شارۆخ مورادی، کاک ئەحمەد حوسەینی(سەید ئەحمەد) کاک خەلیلە سوور، کاک ئیقبال بێگی و کاک ڕەحمەت دەستئاموزا لەسەر بانی مەڵبەند بوین و بە قسەکانی کاک عەتا پێدەکەنین. تۆپ و خومپارەبارانی ڕژێم دەستیپێکرد. سەید ئەحمەد و کاک خەلیل وتیان: باشترە بچینە پەناگەکان، چونکە بەردەوام ژمارەی خومپارە و توپەکان زیادیان ئەکرد.

کاک عەتا وتی: من تەسکەرەی عێراقیم هەیە خۆم ناشارمەوە ئێوە هەڵێن، کاک شارۆخ وتی کاتی گاڵتە کردن نیە بڵاوەی

لێکەن.

کاک عەتا وەک هەموو جارێ بە دەنگی بەرز وتی: باشترە خۆمان بشارینەو، چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە. ئەمە دروشمی حیزبی سوسیالیستی کوردستان\ حسک بو، ئەوکاتە حسک یەکێک لە حیزبە بە دیسیپلینەکانی کوردستان بو وەک ئێستە بەدەست حمەی حاجی مەحمود و سپای پاسدارنەوە ڕەزیل نەکرابوو.

من و سەید ئەحمەد داکشاین بۆ ماڵ کاک عەلی کەسنەزانی و دادە زیبا. کاک شارۆخ، کاک ئێقباڵ، کاک خەلیل و کاک عەتا بەرەو بنکەی فەرماندەی هێز و کاک ڕەحمەت بەرەو بنکەی پێشمەرگەکانی هەوشار ڕۆشتن.

توپ و خومپارەبارانێکی چڕ دەستپێکرد، بە گوێرەی ئەوەی کاک عەلی کەسنەزانی بڕاردبووی لە ماوەیەکی کەمدا زیاتر لە دوو سەد دانە گولە توپ و خۆمپارەمان بە سەردا بارێبوو.

توپبارانەکە کەمیکرد، لەگەل سەید ئەحمەددا لە ماڵی کاک عەلی و دادە زیبا هاتینە دەرێ، لەپڕێکا توشی کاک خەلیل بوین هێندێ پەشۆکا بوو. بە منی وت ئادەی خوت ببەستە و لەگەل ئێقباڵا بکەونە ڕێ بۆ ئاوای بیارە بەڵکو پێشمەرگەکانی ڕزگاری ئاگادار بکەن کە عەتا بریندارە و بیگەیەنینە دوکتور.

بەپەلە چەک و ڕەختم بەست و چوم بۆ بنکەی فەرماندەی هێز، کاک عەتا لە باوەشی کاک شارۆخا بە حال نوزەیەکی لێوە دەهات،

من و ئێقباڵ و سەید کامیل بە بێسیمێکەوە داکشاین بۆ گوندی بیارە. مەودای نێوان گوندەکانی بیارە و هانە گەرمەڵە زۆر نیە بەڵام لەبەر توپباران و موشکبارانی ڕژیم کە جارو بار بەرەو بیارەشیان ئاراستە دەکرد و هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو ناوە هەموی مین ڕێژ کرابو، نێزیک چل دەقیقەی پێ چوو تا گەیشتینە یەکەم ماڵی گوندی بیارە، لەپڕێکا دەنگیان داین و خەریک بو تەقەمان لێبکەن. هاوارمان کرد، پێشمەرگەی دیموکراتین بریندارمان هەیە.

لەو دەنگە دەنگە دا پێشمەرگەکانی سپای ڕزگاری گەیشتن و وتیان کاکە لێیان گەڕێن ئێمە دەیانناسین.

لە ڕاستیدا ئێمە کەوتبونیە کەمینی چەکدارە کوردەکانی سەربە حکومەتی بەعەس کە پێیان ئەوتن فورسان یان جاش. بە هاوڕێیانی رزگاریمان وت کە بۆچی هاتوین، ئەوانیش بەپەلە کەوتنە جوڵە، وتیان: ئێستە هەوڵ ئەدەین ماشین ئامادە

کەین. هەروەها بڕیاریان دا گروپێک بنێرن بۆ لای پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە بنکەیان لە خوار ئاوایی بیارەوە بوو، لەوکاتەدا شەڕی نێوان دیموکرات و کومەڵەش هەروا بەردەوام بو، پێشمەرگەکانی سپای ڕزگاری تەدبیریان وەرگرت کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئاستەنگی بۆ ئێمە دروست نەکەن.

لەو بگرە وبەردەدایە بوین کاک خەلیل بە بێسیمە دەستیەکە بانگی کردین، وەڵامم دایەوە، کاک خەلیل بە لەسەرە خۆیی وتی: بگەڕێنەوە عەتا تەواوی کرد.

ئەو هەواڵە ئەژنوی شل کردین، ئێمە کە تا ئەوکاتە هەستمان بەماندویەتی، مەترسی و توپبارانەکە نەدەکرد بە بیستنی هەواڵی شەهید بونی کاک عەتا پەشۆکاین و خەمێکی گەورە دڵ و هەناومانی تەنگ کرد. سپاسی هاوڕیانی رزگاریمان کرد و گەڕاینەوە. لای نیوەی شەو چوینە سەر جەستەی ساردەوە بوی کاک عەتا ڕەحیمی.

تەرکەشی توپ یان خومپارەیەک لە پشتە ملی دابوو، سەرو چاوی ئاوسا بوو، پێموایە شادەماری گرتبوو، لە دەرەوە خوێنی زۆری لەبەر نەچوو بو بەڵام بەو پێیە زگی زۆر خێرا هەڵماسی و گەورە بو خوێنڕێژی ناخۆیی هەبوبو.

ڕۆژی دواتر لە ناو خەم وپەژارەی هاوڕەیان لە گوندی هانە گەرمەڵە بە خاکمان سپارد.

عەتا ڕەحیمی یەکێک لە سەربازانی ونی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستانە کە بە بێ هیچ چاوەڕوانیەک دەیان تاڵ و سوێری چێشت، دەیان جار بە زگی برسی و بە جلی قوڕاویەوە سەری لەسەر قونداغی چەکەکەی دانا بۆ حەوانەوە بەڵام هیچکات ئیرادە و بڕوای نەگوڕی بە مافی ڕەوای گەلەکەی نەگوڕدار و لاواز نەبوو.

یادی کاک عەتا ڕەحیمی بەخێر. هەروەها لە بەردوامی تێکوشانی ئازادی دا، کاک شاروخ موردای، کاک ئێقباڵ بێگی، کاک خەلیل محەمەدی و کاک ڕەحمەت دەستئاموز شەهید بون. سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ ڕوحی بەرزەفڕیان دادەنەوێنم. بەداخەوە کاک عەزیز لەحیمیش لە فەرانسە بە بێنازی کۆچی دوایی کرد.


بە خۆشیەوە کاک حەمە عەلی عەنایەتی، کاک ئەحمەد حسەینی، کاک عەلی کەسنەزانی، دادە زیبا، کاک حەمەنەزیف قادری و کاک ساسان پەرتەوەی لە ژیاندا ماون.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوولای ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## خۆمپارەکەی هێزی بێستون و هەڕەشەکانی ڕژیم لە ئیسرائیل



بورهان روحانی و نەمر شاپور فیروزی و دوکتور قاسملو

هەر کە خومەینی حکومەتی گرتە دەست یەکێک لە دروشمەکانی دەسەڵاتدارانی حاکم لە ئێرانا تەفروتونا کردنی ئیسرائیلە. هەموو نوێژی هەینیەک هاوار دەکەن، مردن بۆ ئیسرائیل و ئامریکا.

(ئێستەش نەمزانی بۆچی حاکمانی ڕژیم ئاوا دژایەتی ئیسرائیل دەکەن و لەبەرانبەر دا هەموو دوژمنایەتیەکەیان بە قازانجی جولەکەیە و بە دژی خەڵکی فەلەستین، هەروەها ناشزانم بۆچی دەیان وڵاتی عەرەبی هیچ کێشێەکیان لەگەڵ ئیسرائیل دا نیە و گرینگی بە فەلەستین نادەن کەچی حاکمانی ڕژیم لە ئێرانا گەلانی ئێرانیان کردوەتە قوربانی ئەو سیاسەتە هەڵە و چەپەڵەیان)

لەم ساڵانەی دوایدا کێشەی نێوان دەسەڵاتەکان لە جیهانا زیاتر بووە. کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلیش پێی ناوەتە قوناغێکی پڕ لە مەترسی.

حاکمانی ڕژیم بەردەوام پشتیوانی فەلەستینیەکان دەکەن، کەچی ئەو پشتیوانیە بوەتە گەورەترین بەڵا بەسەر خەڵکی خۆشی نەدیوی فەلەستین.

هەڕەشەکانی ڕژیم بۆ لەناوبردنی ئیسرائیل هەروا بەردەوامە بەڵام تا ئێستا هیچ شتێکی کردەییمان لێ نەدیون. هەڕەشە و گورەشەکانی ڕژیم نەیتوانیوە خۆێن لە لوتی تاقە جولەکەیەک بێنێ لەبەرانبەر دا هەزاران کەس لە ئەندامانی سپای پاسداران لە لایەن ئەرتەش و دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلەوە کوژراون.

## با باسێکی خۆمپارەکەی هێزی بێستونیشتان بۆ بگێڕمەوە

ساڵی ١٣٦٠ دوای شەڕی کومەڵە و هێزی بێستون لەشکری داگیرکەری حاکمانی تاران لە دەرفەت کەڵکیان وەرگرت و چەند شۆێنی ستراتیژی جادەی کامیاران بۆ مەریوانیان داگیر کرد. دوای شەڕی کومەڵە و هێزی بێستون پێشمەرگەکانی دیموکرات توانیان تا بەهاری ١٣٦١ پاشماوەی ناوچەکە بپارێزن و دوای دەیان شەڕ و شەهید بونی ژمارەیەک کادر و پێشمەرگە و لێدانی گورزی گەورە و گران لە پەیکەری هێزە داگیرکەرەکان، ڕژیم توانی جادەکە کونتراڵ بکات و ئێمەش وەک هێزی بێستون و کومیتەی شارستانی کرماشان پاشەکشەمان کرد و لە گوندەکانی پەشاوە تا دەژن جێگیر بوین و بەرزایەکانی ئەو دەڤەرەمان کونترۆڵ دەکرد.

هێزی بێستون دوو خومپارەی ٦٠ و ١٢٠ میلیمیتری هەبوو. خومپارە شەستەکە زور نەدەڕۆشت بەڵام ١٢٠ەکە مەودایەکی دورتر یانێ ٢ بۆ ٥ کلیومیتری هەوایی دەبڕی.

## کێشەکە لەوەدا بو کە بە هەمویەوە ٥ گولە خومپارەمان هەبوو.

ڕۆژێکیان کاک شاپور فیروزی فەرماندەی هێزی بێستون وتی: خوتان ئامادە کەن ئەچین بۆ کوچک چەرموو. ئەو کاتە ئێمە لە گوندی مێرگەسار بوین، هەم بنکەی هێز و هەم نەخۆشخانەکەمان لەوێ بو. من لە نەخۆشخانە لەبەردەست دوکتور ئەوڕەحمانا بوم و تەیمور فیروزی برای کاک شاپور لە گەڵ کاک شاپورا بو، گویا پارێزەری کاک شاپورە بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە بو نەک پارێزەر بەڵکو سەرباری کاک شاپور بو، کوڕێکی هەتا بڵێی قسە خوش و دڵ و دەرون فراوان بو. وەک خاڵە حەسەن سەرسپی ئەیوت: باوکم بە خوا، شاپور و تەیمور خواشیان یەکیک نیە تا بگاتە باوکیان....

دوکتور ئەوڕەحمان، کاک شاپور، من و تەیمور کەوتینە ڕێ بۆ کوچک چەرمو. ئەوکاتە لکی شەهید ئەحمەد بە فەرماندەیی ئەحمەد خەلیفە حسەین لەوێ بون(ئەگەر ناوی لکەکە بە هەڵە نوسراوە داوای لێبورین دەکەم چونکە باشم لەبیر نەماوە، هاوڕیان ئەتوانن هەڵەکەم بۆم ڕاست کەنەوە).

کاتێک ئێمە گەیشتین کاکە فەیزە ڕۆحانی و کاک عەلی ئەشرەف مەجیدی و چەند پێشمەرگەی دیکە لە گوندی سیویەوە خومپارە ١٢٠ ەکەیان هێنابوە کوچک چەرموو.

کاک شاپور وتی: ماوەیەکە ڕژیم دەستی بە توپ و خومپارە بارانی ئەم بەرزایانە کردوە، باشترە ئێمەش چەند گولەیەکیان تێسرەوێنین بۆ ئەوەی بترسن و بزانن کە ئێمەش ئەتوانیان لێیان دەینەوە.

سەکۆی خومپارەکەیان دانا و کاک شاپور گەرای گرت و ئینجا وتی: یەک، دوو، سێ... لەگەڵ ژمارە سێدا گولەیەکیان بە گەروی خومپارەکاەدا خست... ئێمەش هەموو گوێمان گرت و خومان دا بە عەرزا... جیک... بووووم... گولە دەرچوو... کاکە فەیزە دوربینی نابو بە چاویەوە و چاوی لە پایگای گازرخانی دەکرد، چونکە گولەکە ئاراستەی ئەوێ کرا بو.... لە ڕاستیدا دەبوو دوای ماوەیەکی کورت گولە خومپارەکە لە شۆێنی دیاریکراوی بدایە و بتەقیایەتەوە.... بەڵام وابزانم ئێستەش هەر بەڕێوەیە، نەک هەر لە پایگاکەی نەدا بەڵکو لە گوندەکەشی نەدا...

**کاک ئەوڕەحمان قوربانی(بزوەشی) وتی: لاوەن خالۆ ئاوڕومان چوو، لە ئاوایشی نەدا هیچ نەۆێ بزانن خومپارەمان هەس...**

**کاک شاپور وتی:** گەراکەمان خراو گرتوە، ئێستە گەرای دروست ئەگرین... دوای چەند خولەکێک دیسان کاک شاپور وتی: یەک، دوو، سێ... گولەیەکی دیکەیان بە گەروی خومپارەکەدا کرد... لەپڕێکا کاک عەلی ئەشرەف هاورای کرد: خوتان بدەنە عەرزا، گولەکە نایەتەدەرێ.... بە تەدبیرێکی زور، بە ترس و لەرز و ئارەق کردنەوە دوای نێزیک بە نیو کاتژمێر گولەکەیان دەر هینایەوە و دەرکەوت کە تریقەکەی پوچ بووە... ئیتر وتیان کاکە مادام خۆمان سلامەتین واز لە پایگای گازرخانی بێنن...

بەمجۆورە تا ئەوکاتەی ئەنباری تەقەمەنی هێزی بێستون بە هۆی خەیانەتی کەسێکی خۆبەدەستەوەدەرەوە کەوتە دەست سپای پاسدارانی ڕژیم لە خومپارەکە کەڵکمان وەرنەگرت و ئەو سێ گولەکەی دیکە هەروا مانەوە....

هەڕەشەکانی ڕژیم لە ئیسرائیل وەک گولە خۆمپارەکەی ئێمە پۆچن...

ماوەیەک لەمەوبەر ڕژیم بە هاش و هوشەوە هێرشی درونی و موشەکی کردە سەر ئیسرائیل کەچی نەک هەر نەگەیشتنە ئیسرائیل و زەرەریان بە ئیسرائیلیەکان نەگەیاند، لە نیوەی ڕێگادا کەوتنە خوارێ یان وەک گولە خومپارەکەی کاک شاپور

ئێستەش هەروا بەڕێوەن....

دوای کوشتنی ئیسماعیل هەنیە، بەرپری کومیتەی سیاسی حەماس، خامنەی و ڕژیمەکەی دەستیان بە هەڕەشە کردن کردوەتەوە و گویا تولّە دەکەنەوە، لە بەرانبە دا ئیسرائیلییەکان مێش میوانیان نیە و دەلێن: کاکە پوچن ناگەنە جێ...

**تەبینی:** وێنەکەم لە گوگلە سیرچ هێناوە کە کاک کەریم مەرەسەنە داینـاوە، بەڵام خاوەنی ئەسڵی وێنەکە کاک سدێق باباییە.

**کاک بورهان ڕۆحانی، شەهیدان کاک شاپور و دوکتور قاسملو.**

**سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٤**

---

## کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک تیۆر یان پارادایمێکی هاوچەرخە بۆ ئەوەی

## گەلی کورد بە مافەکانی بگات



**هیوا گوڵ محەممەدی دەڵێت: "شەهید بونی چوارسەد کادری سی ساڵەی پەکەکە لە بەرخوەدانی کۆبانێ، پاراستنی سەدان هەزار ئێزدی لە لایەن گریلاکانی ئازادی و پاراستنی باشوری کوردستان لە مەترسیەکانی داعەش لە موسڵەوە تا خانەقین دەستوەردان نیە بەڵکو ئیرادە و ئازایەتیە."**

**قەندیل پریس**: چل و شەش ساڵە کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دامەزراوە، بە ڕای بەڕێزتان دەسکەوتە گرنگەکانی ئەم حیزبە چین؟

**هیوا گوڵ محەممەدی**: هیچ گومانی تێدا نیە کە پارتیا کارکەرێن کوردستان لە سەردەمێکی هەستیار و پڕ لە مەترسی لە باکوری کوردستان سەری هەڵدا و سەرەڕای تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگای گەشەی کرد و چل و شەشەمین مۆمی دامەزراندنی داگیرساند.

لە قوناغی تێکۆشانی ئازادی پەکەکەدا و لەوهەل و مەرجەی تێیدایە بە لە بەرچاو گرتنی شەرت و مەرجی جوگرافیایی و جیهانی ئەتوانم بڵێم مانەوە و بەردەوامی و پەرەگرتنی ڕێکخستنی، چالاکی سیاسی و سەربازی وەک دەسکەوت دەبینم.

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە پێویستی بە شرۆڤەی قووڵتر هەیە، بە وەڵامدانەوەی یەک ئالی ناتوانین بنکۆڵکی لایەنەکانی بکەین، دیبەیت یان بەشداری بیروڕای جیاواز پێویستە.

پەکەکە ڕێکخراوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەربازی و دیموکراتیکە، بە کراوەیی ڕەخنە لە خۆی دەگرێ و ڕێبەر ئۆجەلان لەوبارەوە پەکەکەی هەڵشیلاوە و ڕەخنەی جیدی لێگرتوە.

ساڵی ٢٠١٠ لە قەندیل چاوم بە چەند کادری بە ئەزموونی پەکەکە کەوت، باس یان دیالۆگێکی کراوەمان هەبوو، باسی دەسکەوت و سەرکەوتنەکان کرا. یەکێک لە کادرەکان قسەیەکی زۆر سەرەنجڕاکێشی کرد و وتی: هەڤاڵ، سەرکەوتن و دەسەکەوت جۆری هەیە ئێمە دوای سێ دەیە نەماتوانیوە کوردستان ڕزگار بکەین، پێویستە بە خۆمان دا بچینەوە و ڕەخنە لە خۆمان بگرین کە گەلۆ دەبێ چەند ساڵێتر قوربانی بدەین و کەی سەردەکەوین.

لێرەدا دەمەوێ ئەو ئەنجامە بگرم کە پەکەکە ڕێکخراوێکە تەنیا سەرکەوتن بە بنەما دەگرێ، کەواتە دەسکەوتەکانی پەکەکە ئیرادەی مانەوە و بەرخوەدانە بەڵام تا ئێستە نەگەیشتوەتە ئامانجە ستراتیژیەکانی.

**قەندیل پرێس**: بە ڕای بەڕێزتان پەکەکە چ جیاوازی گەلێکی بەرچاوی لە باقی حیزبەکانی کوردستان هەیە؟

**هیوا گوڵ محەممەدی**: پارتیا کارکەرێن کوردستان لە بنەڕەتا لە حیزبەکانی دیکەی پێش خۆی جیاوازترە، لە گەورەترین بەشی کوردستان و لە ئاستەمترین هەل و مەرجا سەری هەڵدا. لە هیچەوە بناغەی ڕێکخستنی خۆی دامەزراند. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە گەنجێکیی لەوکاتە دا نەناسراو بون، لە چینی هەژار و مام ناوەندی کۆمەڵگە بوون و پشتیان بە خەڵکی خۆیان بەست.

فکر و شیکردنەوە، دنیابینی، خوێندنەوەی بۆ مێژوو، دەرفەتەکان، کۆمەڵگا، دەسەڵات، بەڕێوەبەری و تا دوایی جیاوازە. پەکەکە تاقە حیزبە کە بە ئاسانی گوڕانکاری لە کار و کردەوە و چالاکیەکانی دا دەکات. ڕەخنە لە خۆی دەگرێ و تولێرانسی ڕەخنە قەبوڵکردنی هەیە.

بێگومان پەکەکەی ئێستە پەکەکەی حەفتاکان، هەشتا و نەوەدەکان وەک یەک نین.

ئەتوانم بڵێم پەکەکە قوناغی حیزبی تێپەڕاندوە و ئێستە ڕەوتێکی بەرفراوانی هەراوی کۆمەڵایەتی، هونەری، ئەدەبی،

سیاسی، ڕێکخستنی و سەربازیە. پەکەکە قەوارە و دامەزراوەیەکی تایبەتی هەیە و ئەوانەش لە حیزبەکانیتری جیا دەکاتەوە.

**قەندیل پرێس**: بەشێک لە چاودێران پێیان وایە پەکەکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەستێوەردان دەکات و ئەم کارە بە زیانی ئەو بەشانەیە، شرۆڤەی بەڕێزتان لەسەر ئەم بابەتە چییە؟

**هیوا گوڵ محەممەدی**: ئەگەر بە وردی مێژوو بخوێنینەوە بەرلە دامەزراندی پەکەکە لایەنەکانیتر لە بەشەکانیترا کار و چالاکییان هەبووە. لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرهەڵدانی پەکەکە پارتەکانیتر لە بەشەکانیتری کوردستانا کاریان کردوە، یارمەتیان وەرگرتوە، ئەندامیان هەبووە و تا دوایی.

**پەکەکە ئەو یەکەی گوڕی، پەکەکە وتی:** کوردستان کۆلۆنیەکی ناودەوڵەتیە، دەبێ هێز و تاقەتی خۆی بکاتە یەک و بتوانێ دژی داگیرکەران بوەستێتەوە. پەکەکە سەرەتا لە باکوری کوردستانەوە دەستی پێکرد و دواتر لە ڕۆژئاوای کوردستانا خۆی بە هێز کرد و ئەوجا لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کچان و وکوڕانی بەرەو ڕێکخستبون ڕاکێشا.

لە ڕوانگەی منەوە ئەوەی پەکەکە کردوویەتی دەستوەردان نیە بەڵکو بەرفروانکردنەوەی تێکۆشان و خۆبەڕێکخستن کردنە. هەموو حیزبەکانی دیکە ئەندامیان هەیە کە هی بەشەکانی دیکەی کوردستانن بەڵام وەک پەکەکە خۆیان بە خاوەن بەشەکانیتر نازانن و تەنیا لەو بەشەی خۆیانا خۆ بە خاوەن ماڵ دەزانن.

شەهید بونی چوارسەد کادری سی ساڵەی پەکەکە لە بەرخوەدانی کۆبانێ، پاراستنی سەدان هەزار ئێزدی لە لایەن گریلاکانی ئازادی و پاراستنی باشوری کوردستان لە مەترسیەکانی داعەش لە موسڵەوە تا خانەقین دەستوەردان نیە بەڵکو ئیرادە و ئازایەتیە.

پەکەکە ڕەخنەی لەسەرە، کەم وکوڕی هەیە، لە هێندێ کات و سەردەم و دەرفەتا وەک پێویست نەجوڵاوەتەوە و توشی هەڵە بووە بەڵام ناهەقیە لەوکاتەدا کە لە تەنگانەکاندا ڕوڵ دەگێڕێ مەمنونی بن و لەوکاتە دا کە دنیا ئارام دەبێتەوە بە زیانبار و مەترسی یان زەرەریان بزانن.

ئێمە لە قوڵایی مێژووی خۆمانا توشی بۆشایەک بووین، پەکەکە هەوڵ ئەدا ئەو بۆشاییە پڕ کاتەوە. ئەو بۆشایە یەک نەگرتن و بە هانای یەکەوە نەچونە. ئەوانەی لەو مێژووە تێناگەن و تەنیا بەرژەوەندی بچوکی خۆیان دەبینن بانگەشەی



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە دەکەن کە پەکەکە زەرەری بۆ کورد هەیە و دەستوەردان دەکات و لەو قسانە.

**قەندیل پریس**: بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان خاوەن بیر و هزریی تایبەت بە خۆیەتی و وەکوو پارادایمێکی نوێ بە ناوی مودرنیتەی دیموکراتیک پێناسەی دەکات کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەبێتە مۆدێلی کونفیدراڵیسمی دیموکراتیک یانی شتێک وەکوو خۆبەڕێوەبەرایەتیی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا لە ڕۆژئاوا، ڕای بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟

**هیوا گوڵ محەممەدی**: دوای ڕوخانی یەکیەتی سوڤیەت و هەڵوەشانەوەی بەرەی سوسیالیستی ڕێبەر ئۆجەلان و پەکەکە شیکردنەوەیەکی نوییان بۆ جیهان و کوردستان کرد.
بڕوای من ئەوەیە کە تێگەیشتن لە ڕەوتی گۆڕانکاریەکان گرینگە. گرینگتر لەوەش ئەوەیە کە لە ئەمری واقعدا وردبینانە لە دەرفەتەکان بڕوانین و جێگەی خۆمان بکەینەوە یان بدۆزینەوە.

جیهان سیستمێکی هەیە، دارێژەرانی ئەو سیستمە بە گوێرەی کات و سەردەم و لە هەل ودەرفەتی جیاوازا بڕیار لەسەر بابەتەکان ئەدەن.

پرسگری کورد یەکێک لە گرێ کوێرەکانی سیستمی حاکمە لە جیهانا. دابەشکردنی کوردستان گرفتێکی گەورەیە، جیهان بە یەک چاو لە کورد و پرسگرەکەی ناڕوانێ. هێزە سەردەستەکان بە چاوێک سەیری کورد و وکوردستان ناکەن. دەسەڵاتدارانی حاکم لە کوردستانا بە شێوەی جیاواز پەیوستن بە هێزە دەسەڵاتدارە جیهانیەکانەوە.

ڕێبەر ئۆجەلان چارەسەری دەوێ، بۆ ئەوەی چارەسەری بێتە ئاراوە ڕێگا و ڕێبازی هاوچەرخ و گونجاو پێویستە. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک تێز یان پارادایمێکی هاوچەرخە بۆ ئەوەی گەلی کورد بە مافەکانی یان بەشێک لە مافەکانی بگات. جیاوازی ئەم پارادایمە ئەوەیە کە دوورە لە دەمارگرژیەوە، جا دەمارگرژی نەتەوەیی، ئاینی یان ناوچەی بێ.

کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک مافی گەلان، پێکەوە ژیانی بە ئاشتی و دابەشکردنی دەسەڵات بە بنەما دەگرێ. لەو دەسەڵات یان بەڕێوەبەریەدا کەمینە و زۆرینە نیە بەڵکو یەکسانی و چارەسەری هەیە. جیاوازی ناکا لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا، ژن و پیاو وەک یەک بەرپرسیار و خاوەن دەرفەتن.

لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریەدا وەڵامدەر بووە و ئەگەر لە باشوری کوردستانیش هەمان پارادایم بکەوتایەتە بواری کرادیەوە ئەمڕۆ ئێمە وەک کورد لەوبەشەی کوردستانا لارەملی بەغدا نەدوبوین بۆ موچە و بە ئاسانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و

ناوچە دابڕێندراوکانمان لەدەست نەدەدا.

فکر و رامانی ڕێبەر ئۆجەلان شتێکی ئێحساسی نیە بەڵکو هەڵێنجراوە لە مێژووی هەزاران ساڵەی گەلانی ناوچەکە و هاوتەریبە لەگەل گوڕانکاریەکانی جیهاندا. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەم قوناغ و سەردەمەدا پێویستیان بە یەکترو کەمڕەنگکردنەوەی سنوورەکانی نێوانیانە.

کەواتە گەلی کورد شانسی ئەوەی هەیە بە گوێرەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی لە بندەستی ڕزگاری بێت و بتوانێ هاوکات خۆی بە ڕێکخستن بکات و چاوی لە دەست و دەمی ئەولاوئەولا نەبێ.

**گەلی کورد لە شەنگاڵ نمونەیەکی زیندوون، ئەگەر سی ساڵ لەمەوبەر دەرفەتی خۆبەڕێکخستن کردنیان هەبایە بێگومان توشی ئەو کارەساتەی ٢٠١٤ نەدەبوون...**

**هەر چۆنێ لێکی دەینەوە ڕێبەر ئۆجەلان بە فکر و رامانی دیموکراتیک و زانستیانە ڕێگایەکی دەسنیشان کردوە و ئەو ڕێگایە چارەسەرەیکی بەردەوام و گرینگ دێنێتە ئاراوە.**

سەرچاوە: قەندیل پرێس - ڕێکەوتی: ١ی کانونی ٢٠٢٤

## ئەو هەڵوێستانەی کە لە لایەن باشوور، باکوور و ڕۆژئاواوە گیرانە بەر زۆر خراپ بوون و لە ئاست دووبارە بوونەوەی ڕووداوە مێژووییە تاڵەکاندا بوون



**قەندیل پرێس**: سڵاو ڕێز کاک هیوا، سپاستان دەکەین ئەم وتووێژەتان لەگەل قەندیل پرێس قەبوڵ کرد، وەکوو پرسیاری یەکەم، هەروا کە ئاگادارن ئیبراهیم ڕەئیسی لە ڕووداوی کەوتنە خواری هەلیکۆپترەکەی کوژرا، نەمانی ئیبراهیم ڕەئیسی چ کاریگەریەکی لەسەر باردۆخی ئێران دەبێت؟

**هیوا گوڵ محەمەدی**: زۆر سپاس بۆ ئێوەی بەڕێز و بۆ ئەم گوت و بێژە.

سەبارەت بەوەی کە مردن یان کوژرانی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆماری ڕژیمی ئێران چ کاریگەریەکی لەسەر هەل ومەرج و بارودۆخی ئێران دەبێ لەو چەند ڕۆژەدا زۆر جار باس کراوە، ئەوەندەی من لە ڕەوشەکە بزانم و شارەزا بم کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێ.

ئیبراهیم ڕەئیسی حەوتەم سەرکۆماری ڕژیمی حاکم لە ئێرانە. هیچکام لەو سەرکۆمارانەیتر چارەنوسێکی باشتر لە ڕەئیسیان نەبووە.

تاقە سەرکۆماری هەڵبژێردراوی گەلانی ئێران عەبدولحەسەن بەنیسەدر بوو، کەچی بە هەزار حاڵ ژیانی خۆی ڕزگار کرد و

لە پاریس پێتەختی فەرانسەدا مرد. ڕەفسنجانی بە شێوەیەکی گوماناوی مرد یان لە ئاوا خنکا، حەسەن ڕۆحانی ڕەزیل و بێدەنگ کرا، خاتەمی گوشێگیر و ئەحمەدینژاد توشی نەخۆشی دەرونی کراوە.

کەواتە ئەتوانین بڵێین لە حاکمیەتی ویلایەتی فەقی دا سەرکۆمار ژمارەویەکی ئەوتۆ نیە کە بە لاچون یان مردنی گوڕانکاری بێتە ئاراوە.

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانا مێهدی بازرگان سەرۆک وەزیران بوو، بە هۆی بێدەسەلاتیەوە وازی هێنا و لە مەجلیسی ڕژێم و لەبەرنامەی زیندووی ڕادیۆ تەلەفزیونی دا وتی: سەرۆک وەزیرانێک کە بۆ هەموو پرسەکان دەبێ بچێتە لای خومەینی بەکەڵکی هیچ نایە.

ئەو قسەیە بۆ ئیبراهیم ڕەئیسیش هەروایە، چەند کاتژمێر بەر لە ڕاگەیاندنی مردن یان کوژرانی ئێبراهیم ڕەئیسی و هاوڕێکانی، خامنەیی وەک مەرجەعی بەرزی حاکمیەت لە کۆبونە لەگەڵ بنەماڵەی پاسدارەکانا زۆر سادە و بێ دوو دڵی وتی: بە لەبەین چونی سەرکۆمار هیچ کەم و کوڕی و گرفتێک لە ئیدارەی وڵات دا نایەتە ئاراوە.

با کورتی کەمەوە، ئیبراهیم ڕەئیسی بە لیاقەت و خۆشناوی و خزمەت کردن نەبووە سەرکۆمار، گەلانی ئێران کەمترین بەشداریان لە هەڵبژاردنی دا کرد، ئەو مورەیەکی خامنەیی بوو، بوون و نەبوونی وەک یەکە.

**قەندیل پرێس**: کوژران و نەمانی ڕەئیسی چ کاریگەریەکی لەسەر سیاسیەتی دەرەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت؟

**هیوا گوڵ محەممەدی**: وابزانم ئەم پرسیارە و پرسیاری یەکەم تەواوکەری یەکترن و یەک وەڵامیان هەیە، ڕەئیسی سیاسەتی دەرەوەی ڕژیمی بەڕێوە نەبردوە و دانەڕشتوە و هیچ کاریگەری و گرینگی تێدا نەبووە، کەوا بو مردن و مانی لەوبارەوە وەک یەکە و دەڵێم هیچ کاریگەریەکی نابێ. ئیدارەی بەڕێوبەری ڕژێم لەسەرەوەی سەرکۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوە و ئەو کەسانەوەیە، ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو پۆستانە تەنیا بۆ ڕواڵەتن و لە پشتی پەردەوە کەسانیتر جڵەویان بەدەستەوەیە.

**قەندیل پرێس**: ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە تەبلیغاتێکی زۆر بۆ هێزی سەربازی خۆی دەکات ئەمە لە کاتێک دایە زیاتر لە ١٥ کاتژمێر نەیتوانی لاشەی هەلیکوپترە تێکشکاوەکەی سەرۆک کۆمارەکەی خۆی بدۆزێتەوە و ناچار بوو کە داوای یارمەتی لە تورکیا بکا، شرۆڤەی بەڕێزتان لەمبارەوە چیە؟

**هیوا گوڵ محەممەدی**: ئەوەی کە سپای پاسداران و ڕایەدارنی ڕژیمی خامنەیی خۆیان هەڵدەکێشن و باسی پێشکەوتنی تکنۆلۆژی سەربازی دەکەن لە هێرشەکەیان بۆسەر ئیسرائیل بە ڕوونی دەرکەوت کە وا نیە، لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی سەرکۆمارەکەشیان دا نیشانیان دا کە زۆر دەستەپاچە، بێ نەزم و هەرکە بۆخۆیانە.

هێندێک بیروڕا هەیە کە گویا ڕژیم یان حاکمانی ڕژیم بە پلان دۆزینەوەی شوێنی کەوتنە خواریی هەلیکۆپتری ئیبراهیم ڕئیسییان وەدوا خست و ئامانجیان ئەوە بووە کە بە زیندووی نەدۆزرێنەوە.

من خۆم چاوم لە مێدیاکانی ڕژیم دەکرد، زۆر شڵەژا بوون، هیچ شتێکی ئاقلانەیان نەدەگوت و ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەشی بڵاویان دەکردەوە هەر خێرا بە ناڕاست دەگەران.

بەڵام ئەوەی داوای یارمەتیان لە حکومەتی تورکیە کرد کە درۆنیان بۆ بنێرێ یەکێکیتر لە ئابڕوچونەکانی سپای پاسداران و حاکمانی ڕژیمی خامنەیی بوو.

خامنەیی و حاکمیەتەکەی بە ئەرکداری سپای پاسداران تەنیا هێزی سەرکوتی گەلانی ئێران و ئاژاوەگێری دەرەوەی وڵاتیان هەیە. لە بواری سەربازی و تەکنولۆژی و چەکی پێشکەوتووەوە سیفرن.

جەواد زەریف وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوی ڕژیم ڕایگەیاند کە بە هۆی گەمارۆکانی ئامریکاوە ئەو کۆپتەرە کەوتوەتە خوارێ.

کەواتە حاکمیەتێک نەتوانێ ئەمنیەتی سەرکۆمارەکەی بۆ هاتن و چون دابین بکات لاواز و دەستەوەستانە و هیچیتر.

**قەندیل پرێس**: هەروا کە ئاگادارن زۆرینەی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کوژرانی ئیبراهیم ڕەئیسی خۆشحاڵن، لێکدانەوەی بەڕێزتان لەسەر ئەم خۆشحاڵیە چییە؟

**هیوا گوڵ محەممەدی**: ئیبراهیم ڕەئیسی وەک قاتلی زیندانەکان ناسراوە، لە سەردەمی سەرکۆماریشیدا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی هاتە ئاراوە. لە ماوەی دەسەڵاتداری ناوبراودا ڕێژەی ئێعدامەکان هەڵکشاوە، گرانی، بێکاری، نادادپەروەری و گەندەڵی گەیشتە لوتکە، ئەمانە و چەند هۆکاریتر هەن بۆ خۆشحاڵی خەڵک لەو مەرگە.

هۆکارێکیتریش بە بڕوای من ئەوەیە کە گەلانی ئێران بە دەسەڵاتدارانی دیکە و خامنەیی دەڵێن کە، لێتان بێزارین و تەنانەت بە مردنیشتان خۆشحاڵ.

لە ڕابردووش دا هەموو کات مەرگی دیکتاتور و دەسەڵاتدارە دژە گەلیەکان بوەتە هۆی شایی و خوشحاڵی خەڵکی زوڵم لێکراو.

**قەندیل پرێس**: وەکو پرسیاری کۆتایی، بەڕێزان مەزڵووم عەبدی، بافڵ تاڵەبانی، مەسعود، مەسرور و نێچیر بارزانی و هتد لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، تەنانەت کەجەکەیش پەیامی هاوخەمیان نارد بۆ کۆماری ئیسلامی، بە جۆرێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەردەوام پشتیوانی پارچەکانیتری کوردستانن لەم پەیامانە دڵگران بوون، خوێندنەوەی بەڕێزتان لەمبارەیەوە چییە؟

**هیوا گوڵ محەممەدی**: زۆر جار سەبارەت بە زۆر ڕووداو کێشەیەکی گەورە لە ناو کوردەکانا دروست دەبێ. ئەمجارەیان بە تەواوی ئاڵۆزی هاتە ئاراوە، ڕەخنەکان زۆر توند بوون، لە هێندێ حاڵەتا سنووری ڕەخنەش دەرباز بووە و گەیشتوەتە ئاستی بێحورمەتی.

من نامەوێ سەبارەت بە هەڵۆێستی باشور شتێکی ئەوتو بڵێم، بەر لە مردن یان کوژرانی سەرکۆماری ڕژیم نێچیر بارزانی سەردانی تارانی کرد و چووە لای خامنەیی و ئیبراهیم ڕەئیسی و ڕایگەیاند کە ئەوان منداڵی شوڕشی ئیسلامین، کەواتە لەمبارەوە قسە کردن زۆرپێویست نیە. ڕژیمی حاکم لە ئێرانا لە ۱۹۷۹ تا ۱۹۸۵ کەڵکی لە پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتی کاک مەسعود بارزانی گرت و دەیان ناوچەی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگیر کرد و دەیان پێشمەرگەی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی شەهید کرد.

لەوانەش زیاتر چونی هاوکاتی سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران و جێگرەکانیان بۆ تاران هەم ناشاز و هەم لە دەرەوەی عورفی دیپلۆماسی بو، هیچکات هیچ حکومەتێک هاوکات هەموو سەروکایەتیەکانی سەفەر ناکەن.

با پەرژینە سەر بەرێز مەزڵوم عەبدی و کەجەکە. بێگومان ناردنی پەیامی هاوخەمی لە کاتی ڕودانی کارەساتێک دا شتێکی ئاساییە هەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەم لە جیهانا، تەنانەت ئەگەر ناکۆکیش لە نێوان هەبێ. وەک چۆن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئامریکا پەیامی سەرخۆشی لەمبارەوە بڵاو کردەوە.

ئەوەی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەمگین و نیگەران کردوە ئەوەیە کە چاوەڕوانیەکی زۆریان لە کەجەکە و ڕۆژئاوای کوردستان هەیە.

دەکرا هەم کەجەکە و هەم بەڕێز عەبدی پەیامی سەرەخۆشی بنێرن بەڵام پێویست نەبوو لە ڕاگەیاندنەکان دا بڵاوی بکەنەوە.

هەڵەی زەقی مەزڵووم عەبدی لەپەیامەکەیدا ئەویە کە سەرەخۆشی لە گەلی ئێران دەکا، ئەوە لە کاتێک دایە کە لە ئێرانا تەنیا یەک گەل بونی نییە و گەلانی ئێران هەن، جیا لەوەش گەلانی ئێران بە زۆری بۆ مەرگی ئیبراهیم ڕەئیسی شاییان گێڕا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئیبراهیم ڕەئیسی کەسێکی تاوانبار، دژی ئازادی، دژی شۆڕشگێڕان و دژی گەلانی ئێران بوو، بە کامە پێوانە مرۆڤێکی شورشگێڕ سەرخۆشی لە گەلانێک دەکات کە بۆ مەرگی قاتڵی ڕوڵەکانیان شایی دەگێڕن؟
بۆ کەجەکەش هەروەتر، هەزاران لاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باکور، ڕۆژئاوا و باشوری کوردستانا شەهید بوون، کەجەکە وەک مەرجەعی ئازادی چاو لێدەکرێ و بەو پەیامە قورسایی خۆی کەم کردەوە.

لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوەش بکەم کە یەکەمجارە ئەوەندە ڕەخنەی توند لە لایەن ڕۆژهەڵاتیەکانەوە ئاراستەی کەجەکە و ڕۆژئاوای کوردستان بکرێ و هیوادارم چاوێک بەو هەڵوێستانەیان دا بگێڕنەوە و دڵی گەلەکەیان نەشکێنن.

من لە پێوەندی دیپلۆماسی و پێویستی پێوندەیەکان تێدەگەم بەڵام لەوە تێناگەم کەجەکە یان بەڕێز مەزڵووم عەبدی بۆچی ئاوا بێ بیرکردنەوە وبە بێ لەبەر چاو گرتنی هەستی نەتەوەکەیان سەرەخۆشی لە مەرگی جەلادی ئازدیخوازان دەکەن.

**هەرچۆنێک بێ ئەو هەڵوێستانەی کە لە لایەن باشور، باکور و ڕۆژئاواوە گیرانە بەر زۆر خراپ بوون و لە ئاست دووبارە بونەوەی ڕووداوە مێژوویە تاڵەکاندا بوون.**

**بیروڕای من ئەوەیە کە، دەکرا ئەو لایەنانەش بە نامەی ڕەسمی سەرخۆشییان لە ڕژیم بکردایە و پێویست نەبوو ئاوا بیکەنە سەرتیتری ڕاگەیاندنەکانیان.**

**سەرچاوە: ڤەندیل پرێس - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٤**

## یادێک لە کاک هاشم کەریمی، پێشمەرگە، ڕێبەر، ڕوشنبیر، نوسەر، چەپی شوڕشگێڕ و دادپەروەریخوٚاز



**لە بیرتە ئەو ڕۆژەی لەدایکبوونت**
**تۆ دەگریای و خەڵکی پێ دەکەنین؟**
**وا بژی لەدنیادا لە پاش مردنت**
**تۆ پێ بکەنی و خەڵکی بۆت بگرین!**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣١ - ٥ - ٢٠٢٥ لە ستوکهولم پێتەختی وڵاتی سوید کۆڕێکی بە شکۆ بۆ یادکردنەوەی کاک هاشم کەریمی بەڕێوە چوو. لەو کۆڕەدا باس لە کەسایەتی کاک هاشم و هەروەها نرخاندن بۆ دواین کتێبەکەی بە ناوی\ لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجی کۆیە \ کرا.

کاک هاشم کەریمی تێکۆشەرێکی ناسراوی شوڕشی ئازادی کوردستانە. زیاتر لە پەنجا ساڵی ڕەبەق لە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانا ڕوڵی گرینگی گێراوە. بە کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر، سیاسی، سادق، بێ فرت و فێڵ و خاوەن زانیاری دەناسرا. بەردەوام داکۆکی لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی کردوە و لایەنگری یەکسانی و دژی هەڵاواردنی جنسی و چینایەتی بووە.

کاک هاشم کەریمی، پێشمەرگە، سەرکردە، نوسەر و کوردێکی شۆڕشگێڕ و ماندوویی نەناس بو کە لە پەنا کار و خەباتی ڕۆژانەیدا بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بوو بە جۆرێ لە قورسترین هەل و مەرجەکانی شەڕ و شۆڕش دا ئەگەر چەکی پێ

نەبایە بۆی گرینگ نەبوو بەڵام بێ کتێب هەڵی نەدەکرد.

نوسینەکانی کاک هاشم، باس و بابەت و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بە وردی ئاماژەن بەوەی کە خاوەن زانیاریەکی ورد، قوڵ و بەرفراوان بو لە بواری سیاسی، جوگرافیایی، هونەری، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی.

منیش وەک دەیان کەسیتر لە ڕەوتی شۆرشی کوردستان لە ڕۆژهەڵات بە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شانسی ئەوەم هەبوو کاک هاشم بناسم و لە نێزیکەوە لە ئامۆژگاریەکانی کەڵک وەرگرم و لە زۆر کاتیشا هاوکار و ڕێنمایی کردووم کە کتێبی بەکەڵک بخوێنمەوە و تەنانەت لە کتێبخانەکەی خۆیا کتێبی پێداوم و هەروەها زۆر دڵفراوانانە وبە بێ لەبەر چاو گرتنی تەمەن و پلەی حیزبی بە وردی گۆێی لێدەگرتم و وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایە.

**کاک هاشم کەریمی مرۆڤێکی سادە و بێ فیز بو، پێشمەرگەیەکی بێ تەماع و چاوتێر بوو، سەرکردەیەکی خاکی و خەڵکی و ڕۆحسووک بو، ڕوشنبیریکی کراوە و خاوەن هەڵوێست و نوسەرێکی بە توانا و زانا بو.**

**ئەمڕۆ لەم کۆڕەدا ساڵێک دوای ئەوەی کاک هاشم کەریمی کۆچی دوایی کردوە، دەرکەوت کە بەڕاست، کاک هاشم بەوجورە ژیا کە بە فکر و ڕامان، بە نوسین و هەڵوێست، بە تێئوری و کردەوەکانی بە ڕوومانا پێدەکەنی و ئێمەش چاو بە فرمێسک یادو ناو، ڕێباز و ئاواتەکانی لە هەناومانا بە زیندووی ڕادەگرین.**

**تەبیینی:**

١- ئەم کۆڕیادە بە زەحمەتی بنەماڵەی کاک هاشم کەریمی، بەتایبەتی هاوڕێ بەیان کەریمی، هەروەها کاک ئازاد و کاک جەماڵ بانەیی، کاک نێعمەت لە کتیوفرۆشی هەرزان و کاک عەباس یاری لە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کورددستانی ئێران لە ستوکهولم ئامادە کرا بوو.

٢- ئەو چۆارینەم لە مامە قالەی دەباغی بیستوە کە لە بنەڕەتا عەرەبییە بەڵام نازانم هی کام شاعیرە

٣- ئەو وێنەیەی کاک هاشم کەریمی و کاک مەولود سوارەم بە تایبەت داناوە چونکە کاک مەلود سوارە یەکجار بە خەمی کاک هاشمەوە بوو و بەڕاستی یارێکی وەفادار و پڕ لە خۆشەویستی بو بۆی. سپاس کاکە مەولودی ئازیز،

٤- سپاس و ڕێز بۆ هاوڕێم، پێشمەرگەی دێرین و هۆنەرمەندی دەروەستی گەلەکەمان کاک قادر ئەلیاسی کە ئەو چوارێنەیەی بۆ ڕێک و ڕاس کردمەوە.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠٢٥

# هێشتا دەرفەت ماوە بەو شەرتەی خۆمان بگۆڕین

**بێ هیوا نابین، دەبێ یەک بگرین.**

**دوای هێرشی ئامریکا و ئیسرائیل بۆ سەر رژیمی ئێران و لە دەستچونی دەرفەتێکی گرینگ بۆ کورد کە هەموومان چاوەڕوانی بوین، بێ هیواییەک باڵی بەسەر گۆڕەپانی گشتی کوردستانا کێشاوە.**

**بە بڕوای من گەلی کورد لە سەد ساڵی ڕابوردوودا بە چەندین قۆناغی پڕلە مەترسیدا تێپەڕیوە و ئیتر لە ناو ناچین .**
**لە ڕابوردوودا کورد لە بێدەنگی جیهانی و لاوازی خۆیا مەترسی لە ناوچونی زۆر بو، کەچی هەموو ئەو قوناغە هەستیار و مەترسیدارانەمان تێپەڕاند و دەربازی سەد ساڵی بیست و یەک بوین.**

**ئێستە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوینا رۆڵی هەیە، لە ساڵی ٢٠١٢ تا ٢٠١٧ دەرفەتێکی زێڕن هاتە ئاراوە کە هەموو حیزبە کوردیەکان و هەموو هێزی چەکدارییان لە سەنگەرێکدا دژی دوژمن بونەوە بەڵام ئەقڵی زاڵی حیزب و بنەماڵە و بەرژەوەدیخوازی نەیهێشت ئەنجامێکی مێژوویی وەرگرین. لە دوایین هێرشی ئامریکا وئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەرفەتێکی دیکەمان لە دەستدا.**

**سەرەڕای ئەو هەل و مەرجە ناسکە کە بێدەنگیەکی سامناک و جۆرێک لە سارد و سڕی جیهانی بەرانبەرئێمە لە ئارادایە دیسان ئاسۆی هیوا ڕوون دەبینم و پێموایە هێشتا دەرفەتی گرینگ و چارەنوس سازمان لە بەردەم دایە.**

**ساڵی ١٩٩١ ئامریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردە سەر رژیمی سەدام حسەین و لە پڕێکا وەستان، لە کاتێکدا هەموو پێیان وا بو ئیتر سەدام دەڕۆخێ، وا دەرنەچو و ساڵی ٢٠٠٣ واتە دوازدە ساڵ دواتر هێرشی یەکلاکەرەوە کرایە سەر سەدام و تێدا چوو.**

**ئەو هەل و مەرجەی ئێستە بەرانبەر ئێران هەیە هەر وەک ئەوەی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ی عێراقە. ئێمە تەنیا ڕواڵەتی ڕووداوەکان دەبینین و پلان دانەرانی جیهان تۆزە تۆزە پلانەکانیان ئاشکرا دەکەن.**



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی مەترسیە لە سەر کوردان داگیرکەران نین، ڕەوشی سوریە، تورکیە، عێراق و ئێران نیە، بەڵکو هەل و مەرج و هەڵس و کەوتی خودی خۆمانە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوپەیمانیەکی سیاسی گرینگی هەیە و دەکرێ بەرفراوان بکرێتەوە و ئامادە کاری بکات بۆ بەرەوپیری چونی ڕوداوەکان .

**کورد فاکتەری یەکلا کەرەوەی هەل و مەرج و گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینن، بۆ ئەوەی بەڕاستی ئاکتور بین و تەنیا فاکتور نەبین دەبێ خۆمان بگۆڕین.**

**بە کوردی و بە کورتی لە بێ هیوییدا هیوایەک دەرگامان لێدەکاتەوە. ئێمە نەتەوەیەکین کە بە قوناغی توانەوەدا تێپەڕیوین و ئێستە لە سەردەمی خۆچەسپاندن داین.**

**ئەوەی لەم قۆناغەدا چارەنوسمان یەکلایی دەکاتەوە، یەکیەتی و هاوفکری و بنیات نانی ناوەندێکی هاوبەشی سیاسی، دیپلۆماسی، سەربازی، ئابوری و مێدیایە.**

**دوور بڕوانن، دوور بڕوانن ئاسۆ ڕوونە**

**(حەزرەتی هێمن موکریانی)**

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٢٦

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٣٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ هیوا گوڵ محەممەدی بۆ ئامادەکردنی وتارو نووسراوەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی





سەرچاوە
Serchawe